# خولیاکانی ئاغای وەکمرۆڤ

هەتا ماوم ڕێز و سپاسم ئاراستەی مامۆستا

"سراج بەناگەر" دەکەم کە

ئەلفوبێی چیرۆک و ژیانی فێر کردم.

کۆمەڵە چیرۆک

# خولیاکانی ئاغای وەکمرۆڤ

چنوور سەعیدی

گوتار
١٣٩٧

سرشناسه: سعیدی، چنور ، ۱۳۶۴ * عنوان و نام پدیدآور: خولیاکانی ئاغای وەک مرۆڤ / چنوور سەعیدی * مشخصات نشر: سقز: گوتار، ۱۳۹۶ * شابک: ۰-۷۵-۸۶۵۷-۶۰۰-۹۷۸ * وضعیت فهرست نویسی: فیپا * موضوع: داستانهای کردی - -قرن ۱۴ * موضوع: Kurdish fiction -- 20th century * رده بندی کنگره: ۱۳۹۶ ۷۷ س ۷۴۵ س / ۳۲۵۶ PIR * رده بندی دیویی: ۸فا۹/۲۳ * شماره کتابشناسی ملی: ۵۰۳۹۰۸۵

گوتار

۱۳۹۷

**کوردستان: سەقز، پاساژی ماد، نهۆمی۳، یەکەی ٣٦**

ttps://t.me/gotar ٣٠ ٢٧٠ ٣٦٢ ٨٧ ـ ٠٠٩٨

کۆمەڵە چیرۆک

# خولیاکانی ئاغای وەک مرۆڤ

## چنوور سەعیدی

**چاپی یەکەم ١٣٩٧• تیراژ ١٠٠٠ • چاپخانە: گوتاری سەقز**

شابک ٩٧٨ـ٦٠٠ـ٨٦٥٧ـ٣٠٧٥ isbn: 978- 600-8657- 75-0

**ئیدیت: نەجمەدین براخاسی • دیزاینی بەرگ: میهرداد رامیدی نیا**

**تابلۆی بەرگ: Modigliani • دیزاینی ناوەوە: بێهروز رەحمانی**

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| من کچێکی پاڵەوانم | ............................ | ٧ |
| سترانە بریندارەکانی فەتانە | ............................ | ٩ |
| ئاوێزەئازار | ............................ | ٢٥ |
| ڕەشەبا | ............................ | ٣٧ |
| خولیاکانی ئاغای وەکمرۆڤ | ............................ | ٤٣ |
| جێژنێکی دووقۆڵی | ............................ | ٥٩ |
| تارمایی خێڵی مرۆڤەکان | ............................ | ٧٣ |
| چۆلەکە خانمی درۆزن | ............................ | ٨٣ |
| سەمای گووشی ئایفۆنەکە | ............................ | ٨٧ |
| بڕیارنامەیەکی یەکلایەنە | ............................ | ٨٩ |
| سێوی ڕەسەن | ............................ | ٩١ |
| مووخۆرە | ............................ | ٩٩ |
| تاقە قامکێ بۆ ئاماژە | ............................ | ١٠٩ |
| مرازێکی ڤەنەبوو | ............................ | ١٢٣ |
| جانتایەکی بێسنوور | ............................ | ١٤١ |
| مەحیە | ............................ | ١٥٧ |

# من کچێکی پاڵەوانم

ڕاستە کە پاڵەوانم، بەڵام زۆر جار بە دزییەوە هیوای هەبوونی پیاوێکم هەیە: ئەو کاتەی کە دەستم پڕە لە کتێب و شتومەکی ماڵەکە و تا ئەگەمە قاتی چوار،هەزار جار ئەمرم و زیندوو ئەبمەوە، کاتی خانوو گواستنەوە، کاتێ شتێکم خراپ دەبێ و مەجبوورم تەعمیرکارێ بێنمە ماڵەوە و بۆم چاک بکاتەوە، یان کاتێ تا درەنگانێ لە دەرەوە ئەبم و تەکسیم دەست ناکەوێ و بشکەوێ تا بگەمەوە ماڵ، هەزار جار کفن زەرد ئەکەم، ئەڵبەت لە جانتاکەما هەمیشە چەقۆ و پەنجەبۆکسم پێیە و خەمی ئەو قسە و مەتەڵەکانەم نییە وا بەردەوام ئەیبیستم. ئەگەر هەر ئەوە بێ خۆ دەمێکە ڕاهاتووم، بەڵام کێشە ئەوەیە ئەبێ شەوانە وەک چۆلەکە بە چل چاوەوە ئاگام لە دەوروبەرم بێ و بترسم لە کۆڵانە تاریکەکان، لە سێبەری خۆم. ئەبێ هەمیشە ئامادەی شەڕ بم، ئامادە بم بۆ لێدان و هاوار کردن و شەرم نەکەم کە پێم بڵێن "دەمهەراش"، دەبێ پێڵاوی کەتانیم لە پێدا بێت کە وەختایەك جانتاکەیان لێ‌دزیم بە دوایدا هەڵبێم، ئەزانم نایدۆزمەوە بەڵام ئەبێ هەڵبێم، ئێرە تارانە بۆیە منی کردۆتە پاڵەوان!

زۆر حەزم لە هەبوونی پیاوێکە ئەو کاتەی کە باران یا بەفر ئەبارێت و شەوە و تامەزرۆی پیاسەمە و مەجبوورم لە پەنجەرەوە تماشای دەرەوە بکەم و لە سەر هەڵمی شووشەکە وێنەی خەمگینی کچێک بکێشمەوە. یان وەک ئێستا کە سەری کەشک و ڕۆن و دۆشاوەکەم بۆ هەڵناپچڕێ و ئەبێ لەچکێک لە سەر بکەم و بچمە بەر دەرگا بوەستم تا بەڵکوو پیاوێک لەو بەرەوە تێپەڕێ و بە شەرمەوە داوای لێبکەم... ئەبێ لەبیرم بێ کە بڵێم:

- خۆم ئەتوانم بیکەمەوە بەڕێز! بەڵام دیارە ئەمەیان هەر خراپ جێخستووە!

ئێستا چارەکێکە لە بەر دەرگا چاوەڕوانم، پیاوێکی زەبەلاح دێت و بە فەخر و بزەیەکەوە دۆشاوەکەم لێوەردەگرێ وەک پاڵەوانێک کە بیهەوێ زنجیر بپسێنێ قەوە لەخۆی دەدا، پێی سەیرە، ئەو هەر زۆر بۆ خۆی دێنێ و بزەکەی پێنەماوە و جنێو بەو کەسە ئەدا وا شتی وای ساز کردووە و من دڵم لای برێنجی ناو ئاوەکەیە، پیاوێکی تر دێت و ئەو دۆشاوەکەی ناداتێ چونکە ئەزانێ هەر ئەتوانێ بیکاتەوە، من ئەڵێم:

- خۆم ئەمتوانی بەڵام دیارە ئەمەیان ... .

بە پیاوی سێهەم و چوارەمیشی نادا! ئیتر بێهوودەیە ئەگەر بنە بیست پیاو و بیکەنەوە، چون ئیتر برێنجەکەم تلیساوەتەوە.

□

٢٠٠٨

# سترانە برینداره‌کانی فه‌تانه

**پێشکەش بە بێدەنگییەکانی**

**ژنە گۆرانیبێژی سنەیی**

**"خاتوو فەتانە وەلیدی"**

لە بەر بـاڵکۆن چـاوەڕێتم، دەزانـم وەک هەمیشـە بەوەخـت و جیـدیت، لە بیرتە چەند فشەم بەو جیدییەتەت دەکرد؟ جیدی و سەرسـەخت، دایکـت هەمیشـــە عـــاجز بـــوو لە لاســـارییەکانت. مەیلێکـــی سرکـــم هەبـــوو بـــۆ تێکشکاندنی ئەو لاسارییەی تۆ، من وەک تۆ لاسار نەبووم یەعنی باشـترە وا بڵێم: بۆ کەس لاسار نەبووم بۆ تۆ نەبێ.

لە بەر باڵکۆن چاوەڕێتم، وەک منداڵێکی تاوانبار کە چاوەڕێی سزادانە، ئێستا بوومەتەوە بەو کـچە شـپرزەیەی جـاران، بڵێـی تـۆ چەنـد گـۆڕابێتی! نووسیبووت:

- تێم بۆ گیانت تا بزانم بۆچە واتە پێ هاتگە؟

لەوەتەی ئەم ئیمەیلەت ناردووە چاوەڕوانییەکانیشم دەستیانپێکردووە و ژیـانم لە بەر بـاڵکۆندایە، لەجیـاتی ئەوەی بەیانیـان بچـم بـۆ وەرزش، لەپتـــۆپەکە هەڵـــدەکەم و لە بەر بـــاڵکۆن دادەنیشـــم و ئەو ئـــیمەیلانە

دەخــوێنمەوە وا نــاوێرم بــۆتی بنێــرم و هەمــووم لە بەشــی draft دا کــۆ کــردۆتەوە! ئیــتر خەمــی ئەوەم نیــیە چەنــد کەوچکــی زیــاتر بــرێنج بخــۆم، نینۆکەکانم لەپەستا خەریکن دەشکێنەوە، نە بە شیر دەموچــاوم دەشــۆم و نە لە دوای حەمام بە ڕۆنی ئالۆڤێرا قژم چەور دەکەم و نە ... . قـژی چـی؟ هەر ئەو کــاتەی کە تــۆ جانتــات پێچــایەوە و بلیتــی ئێــرەت بــڕی منــیش قژەکانم بڕی! ئەوەتا دامناوە بێیت و بیانبینی، چەپکێک ڕەشمارن و لێک ئالاون، نازانن تـۆڵەی چییـان لـێسـەندراوەتەوە و دەبـێ بە کێـوە بـدەن؟ ڕاستت بوێ هیچم بۆ گرینگ نییە، مانێکە و گرتوومە بەڵام نازانم دژ بە کێ یان چ شتێك. دەبێ چ بکەم؟ وەک جاران سەری خۆم هەڵگرم و تـا ئێـوارە نەیەمەوە؟ تا ئەو کاتەی کە ئاشەکە ئـاوی لـێدەبـڕا، هێنـدە کە دایکـم بە دوامدا بتنێرێ:

- ســیروان گیــان بچــۆ بــگەڕە بە شــوێن ئەو تیربــۆگەییگە نەوا خــوەی تووشیار بەڵاییک بکا! بەشکەم بیگریتە زوان و بیتێریتەو، بێژە دایکۆ کاری نییە بە سەرتەو.

من فریوم دەخــواردی و دەهــاتمەوە و نەمــدەزانی ئەو ســەرهەڵگــرتنەم تاوانەکانمی قورستر کردووە! دەوەستام و چاوەڕێی سزاکە دەبووم و مــتەقم لێــوە نەدەهــات، قەت لە دایکــم نەدەپــاڕامەوە لــێمنەدا، کــاتێ قــورنجی لــێدەگــرتم و بە پشــتەدەســتی بە ناودەممیــدا دەکێشــا، ئەو حەپەســان و بێدەنگییەم، تەنــانەت نەگــوتنی ئاخێــک، نــاڵەیەک یــا داوای لێبوردنێــک

دایکمی نەک هەر هێمن دەکردەوە بەڵکوو تووشی عەزابی ویژدانیشی دەکرد، ئاخر تۆ بە ئەنقەست وەستابووی بۆ بینین و چێژبردن لە گریان و پاڕانەوەم هەتا لە شەڕ و مانگرتنەکانمدا بە چاومیدا بدەیەوە.

- نەموت؟ نەموت هۆشۆ بە خوەیشکەکەتەو بێ؟ نەموت هۆشۆ بە چێشتەکەو بێ و لە ماڵەو نەچیتە دەرەو؟ ئیسە باوک و براکانت تێنەو برسیانە، ئا فەرموو بزانم چە جواویان ئایتەو؟

تۆ تووڕەیت و من چاوەڕێ، دەبێ چی بکەم تا هێمن بییەوە و لە بیرت بچێتەوە کە بۆچی لە ناخی تاقیکارییەکانتدا، لە ئەوپەڕی سەرقاڵیدا وەک ئەوەی هەواڵی مەرگی خۆشەویستێکت بیستبێت بە سەر ئەو هەموو وڵاتەدا تێپەڕیوی و هاتووی بۆ ئەورووپا، بۆ گیانی من تا بزانی ... . نووسیبوت:

- لە بەر چاوم ڕەش بووگی، ئیتر کەنیشکە کراس پووڵەکەکەی جاران نەماگی. چاو بکەرەو بزانە چۆن کراسیان لە بەرت داکەند و کردتیان بە هەویر ناو دەس خوەیان!

ئەم ئیمەیلەت وێرانی کردم. شەوانە مۆتەکەی نەهەنگێکی تووڕەم دەدیت کە ماسییەکی سوور و زراقی دەخوارد. لە بەر باڵکۆن چاوەڕێتم و پێم وا نییە هیچمان گەورە بووبێتین.

پێم خۆشە کاتێ دەرگەم بۆ کردیتەوە، خێرا خۆم لە پشت دەرگەکەوە داشارم و کتوپڕ پخێکت لێ بکەم و لەترسان جانتاکەت لە دەست

دابکەوێ و لە بیرت بچێ بۆچی بەسەر ئەم هەموو وڵاتەدا تێپەڕیوی، لە بیرت دێ؟ لە پشتی هەر دیوارێک و هەر دەرگایەکی بەستراو ئەگەری پخێکی کتوپڕ هەبوو، بۆیە بە حیساب وشیار بووین نەترسین و قایم بین و هەر دەشترساین و هەمیشەش پڕ دڵەڕاوکە بووین.

- ئەزانی ناو تۆ ئیتر بووگە بە "شەوێ ئەم، شەوێ ئەو"؟ نەموت تۆ ماسی زیرەک نیت و زوو ئەکەفیتە ناو تۆڕەکانیان؟ ئەمە بوو ئاخر ئاقیبەت ئەو گشتە شەڕە وا کردت بۆ دەرچوون؟ گەرەکت بوو بویت بە "فەتانە"یک تر، یا "سەی عەلی ئەسغەر"ێک ژن، وەلێ بووی بە جووجەڵەی دەسازۆی کەناڵەکان، هەر کەناڵێ لە تەک هەر گۆرانیبێژ بێقیمەتێکا حەز بکا داوەتت ئەکا لە بۆنەکانیانا و لیباس زەریف بە دڵ خوەیان ئەکەنە بەرت و تۆ ئەشێ خوەش بڕەخسی بۆیان تا سەرخوەش بن، تا کارتێکردن شەراوەکانیان فەرەتر بێ، تا کاربەدەسەکانیان سەریان گەرمتر بێ.

ئیمەیلەکانت وەک قسەکانت وایە، کورت و بڕگەبڕگە، بێدەسپێک و پەراوێز، بێ چاکوچۆنی و پێیاهەڵدان و سپاسی زێدە لە ئەندازە. ناتوانم نەیانخوێنمەوە یا لانیکەم لە دوای خوێندنەوە بیانسڕمەوە تا لە بیریان بکەم و برینەکانم نەکولێنەوە و هەست نەکەم ئەو کارەساتە پڕئازارە تازە ڕوویداوە و تەقەڵەکانم هەرگیز ناتوێنەوە، ناتوانم بۆ چەندەمین جار نەیانخوێنمەوە و خوێنم لێ بەرنەبێتەوە.

تەکسییەکی فڕۆکەخانە لە بەر ئاپارتمەنەکەدا ڕادەوەستێ، تۆ

دادەبەزی و دەبینم کە ڕاستت دەگوت:

- باوکم مرد و من گەورە بووم وەلێ هیچوەخت بەو ئاواتمە نەگەییم کە قژم ئاڵمانی لێبەم! چۆن میرات کەچەڵیی خوەی جێهێشت بۆم. لە بیرتە چەنێ حەزم بە قژ ئاڵمانی ئەکرد و هەمیشە بە زۆر کەچەڵمی ئەکرد؟

ئەم ئیمەیلە پێش ڕوودانی ئەم کارەساتە بوو و من پەیتاپەیتا وەڵامم دەدایەوە، ببووینەوە بە شەش ساڵان و لەپەستا بیرەوەرییەکانمان زیندوو دەکردەوە.

دوو جانتای گەورە و بچووک کە دەبێ بچووکەکە لەپتۆپەکەتی تێدا بێ، لە پشت سەیارەکەوە دادەگری، دەستت دەخەیتە گیرفانتەوە، مۆبایلەکەت دەردێنی و بڵێی:

- ئەوە من گەیمە بەرەو.

خێرا تەلەفوونت بۆ دەکەم وەک خۆت بەبێ سڵاو و پەراوێز دەڵێم:

- درووس هاتگی، چاوم ها پێتەو، وەلێ تۆ سەر بەرزەو مەکە بە ئاسانسۆرەکە بێرە تەبەقەی یانزە.

خودایا دەبێ چەند تووڕە بیت کە تەنانەت بەسەرچاوێک یا باشێکیش ناڵێی تا بزانم لەحنی دەنگت چۆنە؟ تووڕەییت تا چ ڕادەیەکە و من دەتوانم کام لەم کەسایەتی‌گەلە بم وا بەردەوام لەگەڵمن و هیچیشیان نیم، ڕەنگە باشتر بێ دەمامکێکی ترسێنەر لە ڕیزی دەمامکەکانم لە چاو بکەم و تا دەچیتەوە هەڵینەگرم، چون دەزانم تۆ وەک ئەو پیاوانە نیت کە وا

بە مەکر و ئەتواری ژنانەمەوە وەک ماستی مەیووت لێ‌بێ یان بە"شەوێ تۆ"یێک وات لێ‌بکەم کە ئەم کارەساتەت بیر بچێتەوە و نەزانی بۆچی هاتووی، تۆ سیروانە لاسارەکەی جارانی و باشت دەناسم.

- ئاسانسۆرەکەتان خراوە، ئەشێ لەم گشتە پلیکانە بێمە سەر، کەمێ دێر ئەگەیم خانم.

درەنگ یەعنی چی؟ یەعنی تێپەڕینت لە هەر قات و پلیکانێک زیندووبوونەوەی بیرەوەرییەکی دوور و کاڵی بە دوادا بێ، یان دەشێ تووش بوون بە دڵەڕاوکەیەکی قورسی زەمەنی بێ بە ناوی"چاوەڕوانی"، قورستر لە چاوەڕوانی بۆ بیستنی پخێکی کتوپڕ و دڵداخۆرپان... ئەرێ، قورستر لە چاوەڕوانییەکانی منداڵی.

- خۆزگەم بەو وەختگەلە وا تازە چوویت، لەبیرتە؟ شەرمت ئەکرد تماشای کامێرا بکەی، چاوت ئەبەست و بەو کراسە کوردییە شینتە پڕ بە دڵ ئەتچریکاند. خوایا ئەو کراسە شینە چەنێ پێت ئەکەفت! ئەو شەرمە سوورە وا لە سەر گۆنات بوو، چەنێ وەک مناڵیت بووی! دەنگێ ڕەها و کێفی وەک سەرشێتییەکانت. وەلێ ئیسە بە دوای کامێرا ئەگەڕی کە چاوی لێداگری و ماچی بۆ فڕە بەی!

- هایتە تەبەقەی چەنێکا؟

- دوو.

ڕەنگە مانای درەنگ، کەوتنە ناو بۆشاییەکی تاریک بێ، بەبێ هیوای

زەوینێكی قورس لە ژێـر پێـدا، دیـوارێكی سـاردی پاڵپشـت، یـا هەر نەبـێ پەتێک یان گاشەبەردێكی سست بـۆ ئـاوێزان‌بـوون پێـوەی و دڵنیـابوون لە دانەكەوتن و زیندوومانەوە.

- ئاخر لامەسسەب! تۆ حەیای ئەو ئەنتیكە و ملوانكە و لیرەگەلە بتگرێ وا دایكت بە دڵ و داوێن فرۆشتی تا تۆ بچی بـۆ تـاران فێـر ڕەدیـف و ئـاواز بی، تا ئەو دەنگە وا باوكت لە ئەوا كوشـتووی لە تـوا پەروەردەی بكـا. تێـتە بیرت لە دوای فرۆشتن سینەپۆشـە قەرانەكەی چەنـێ خەفەتبـار بـوو؟ ئەو سینەپۆشە یادگاری دایكی بوو.

ڕیزێک ستیكەرت لە دوای نووسـینەكانت دانـابوو: یەكیـان تـووڕە بـوو، یەكی دی دڵی پڕ بوو و دەیویست بگریێ، یەكیان هون‌هون دەگریا، ئەوی تـر تۆرابـوو وەک خـۆت. لە دوای ئەو ئـیمەیلە بێـدەنگییەكی كوشـندە لە نێوانمانـدا بـوو تـا ئەوەی كە هەواڵـی ئەو كارەسـاتەی دوای دوایـین كۆنسێرتەكەمت بیست، نازانم ئەم قسەیە لە زمانی دوكتۆرەكانەوە داكەوت یا حیمایەكانی ئەو پیاوە:

- ماسـی خـانم ئەو شـەوە تـا گەیشـتە خەسـتەخانە بەرمیلێـک خـوێنی لێ‌ڕژا، وەک ئەوەی لەشـكرێكی بەعـس دەسـتدرێژییان پـێ كردبـێ، تـا دوكتۆرەكـان فریـای كەوتـن هەر هـاوار و شـیوەنی كـرد و خـوێنی لـێ‌ڕژا، كافریش وا لەو ئافرەتە ناكا!

بەڵام من هەستم دەكـرد ڕۆحـی ئەو لـۆرییە خەمگینـانەم تێـدا زینـدوو

بۆتەوە وا شەوانە بە شیوەنەوە بەرەو پیریی سەفەرێکی دوور دەڕۆیشتن و لە ناو دارفرۆشەکاندا، ئەو گەڕەکە شێدار و فێنکەی وا ماڵی فەتانەی لێبوو، نوقم دەبوون. دەشمزانی ئەو کارەساتە هەر ئەو ئاماژەیە بوو وا باست کردبوو:

- هونەرمەند لای ئەوان تیزەنگێکە و بای تێ‌ئەکەن، ئەگەر بە دڵیان نەوی بە ئیشارەتێ بووچک...

بەڵام بە جێگەی هەوا هەر خوێنم لێدەچوو.

- بخوێنە فەتانە، تۆخوا گۆرانییەک عاشقانەم بۆ بخوێنە.

- بەخوا ناتانم، بە گیان تۆ ئەشێ سگارێک بکێشم.

دایکم دەستی دەکرد بە گیرفانی سوخمەکەیدا و ئەو پارە سپییەی پێ‌دەداین وا بۆ ڕۆژی ڕەش کۆی کردبۆوە. ئێمە بە غار دەچووین لە دووکانی سەیزادە جگەرەمان بۆی دەکڕی، دایکم چێشتی خۆشی لێدەنا و لە بەر خۆیەوە ویرەویر دەهات و گۆرانی دەگوت و دەمزانی هێندە سەرخۆشە کە بێتوو یەکێ بنێشت وچلوورەیەکیشمان لەو پارەیە بکڕیبایە هیچی پێ نەدەگوتین.

- وەی دڵەکەم دەربێرن، بڕوانن پێیا، لە ناو تۆ زیاتر هیچ نییە تێیا.

- هایتە تەبەقەی چەنێکا؟

- تازە گەیگمەسە چوار.

خودایا! ئەو درەنگە وا تۆ باسی لێدەکەی دەبێ چ بێ؟ ڕەنگە هەمان

گوێگرتن لە تێپەڕینی چرکەکان بێ بە سەر کەلاکی ژمارەکانـدا، هێنـدە بە سەر کەلاکیاندا هات وچۆ دەکات و دەنگ و ڕەنـگ و خەون و خەیـاڵ و ترس و دڵەڕاوکە و خۆشەویستیت بیـر دێنێـتەوە کە لەپـڕا دەبینـی ژوورەکە تاریک بووە و تۆ برسیت بووە و ئەو دەنگی تێپەڕینە هەر بەردەوامە.

- بە گیان تۆ ئەگەر بگیری ناخوێنم ها، حەز ناکەم نارەحەتیت بوینم.

- تۆ کارت بە منەو نەوێ فەتانە گیان، تۆ بخـوێنە خوەیشـکە... وەییـی جەرگم ... جەرگم سووتیاگە.

دەمزانی دایکم پیاوێک دەلاوێنێتەوە کە باوکم نەبوو، من ئەم نهێنییەم هەر لە منداڵییەوە دەزانی و بۆ کەسم باس نەکرد، تەنانەت بۆ تۆش.

- بە بۆنەی تۆیە لەم شارا غەریبم، خودای بانی سەر بتکا نەسیبم

- ڕاسە کە ئەیژن قاڵبێ دوو کیلۆیی تەڵا و ئیجازە بۆ چەند کۆنسـێرت و خەرج CDیە تازەکەتی داگە پێت؟ وەلێ حەیف ئەم مامڵە بۆ تۆ فرە کڵفـت بوو و دەرەقەتی نەهاتی!

دیسان چەند ستیکەر: یەکێ دەگریـا، یەکـێ تـووڕە بـوو، یەکـێ مـانی گرتبوو.

ئیـتر ئەم قسـەیە ڕاسـتە، چـونکە ئەو حەسرەتە وێـرانکەر و نـامۆیەی لە پشتەوەیە.

تـا گەیانـدمیانە خەسـتەخانە هەر شـیوەنم دەکـرد، دەمزانـی مەودای نێوان هۆتێل و خەستەخانە تەنیا نیوسـەعاتە، بەڵام بـۆ مـن بە سـەدەیەک

تێپەڕی، تووشی قورساییەکی بێڕەحمی زەمەنی ببووم وەک ئێستا وا لە بەر باڵکۆنم و نازانم لە قاتی چەندی؟

- شەش، هامە شەشا.

تەنیا دەنگ و وێنەیم بیر هاتبۆوە کە تێکەڵ بە بۆنی داری تاشراو و تازە ببوو، داری تەڕ و ئامادە بۆ ئەوەی بکرێ بە زۆر شت. ئێواران فەتانە بە بۆنی شێ و فێنکاییەکی تایبەت بە خۆی لە ناو دارفرۆشەکانەوە بەرەو ماڵی ئێمە دەهات.

- بزانن حەز بە چە ئەکا بسێنن بۆی، خوەیشی بوەن نەکا دڵی بچێ لە چتێک و ڕووی نەوێ بە من بێژێ، وەلێ ئامان تەک خوەتانا بیتێرنەو مناڵەکان.

- ئەو کچە با شەوێک بۆ من بێ، چی ئەوێ بۆی بکەن، بەڵام بەس شەوێ.

ویرەی گۆرانی دەهات هەمیشە، داوێنێکی درێژی لە پێ دەکرد و زستان بایە یان هاوین، کۆتێکی کۆنی پیاوانەی لەبەر دەکرد و لەچکێکی چوار گۆشەی گوڵداری بە گرێیەکی لار و خێچەوە بە سەردا دەدا، ئێمە بە پێچەوانەی هاوڕێکانمان لێی نەدەترساین و سڵاویشمان لێدەکرد چونکە تا بەردمان تێنەگرتایە هۆمەنی بۆ نەدەهێنایین، کەچی ئەو کەسی نەدەدیت، جاری وا بوو گۆرانییەکەی دەبڕی و دەکەوتە قسە کردن یا پێکەنین و گاڵتە لەگەڵ کەسێکی نادیاردا. دایکم دەیگوت:

- ئەوە خۆشەویستەکەیە وا لە کارەساتەکەی سنەی خوێناوییا لە ناو چووگە.

لە هەمان کاتیشدا بڕوای بەم چیرۆکە کردبوو کە فەتانە لەبەر ئەوەی حەزی لە کوڕێک کردبوو و پێیان نەدابوو ئاوا شێت ببوو. فەتانە "سەبری گوڵفرۆش"ی دەخوێند و من خوێنم لێدەچوو، چی مەلافە هەبوو لە ناو لاقیان دانابووم بەڵام خوێنم نەدەوەستایەوە، فەتانە و دایکم لە سووچێکی ماشێنەکە، لە جێی حیمایەکانیدا دانیشتبوون و ئەژنۆیان لە باوەش گرتبوو و دەیانلاواندمەوە.

- گەییتە کوێ؟

- ئەونە بێتاقەتی تا بگەییم ئەشێ هەر زەنگ بەی؟ هامە تەبەقەی هەشت...وەههە خوا گیان نەفەسم بڕیا!

لە دوای ئەم هەموو ساڵە نازانم چەند گۆڕاوی؟ دڵنیام شێوەی حەپەساوی منداڵیت هێشتا تێدا ماوە، چاوێکی تۆزێ خێل و ئەو دوو ددانەی پێشەوەت وا وەک ددانی سمۆرە درێژتر لە ئەوانی تر بوو. ئاخۆ ئەو دوو جانتا گەورەیەت دەبێ چ شتێکی تایبەتیان تێدا بێ بۆ من؟ دوای ئەوە کە شەڕەکانمان کرد و منت سزا دا، بیکەیتەوە و بڵێی:

- ئەمە هین تۆوە ماسی خانم.

چ دیارییەک دەتوانێ هێندە مەزن بێ کە ببێت بە پخێکی خۆش و کتوپڕ لە گەرماوگەرمی ئەم هەستە ناخۆشانە و کۆم بکاتەوە لەم

پارچەپارچەبوونەیەدا؟

- خوزگەم بەو ساڵە وا تازە چوویت و لیباسەکانت هێشتا شین بوون، لە وتوویژێکا وتت فرە خۆشحاڵی کە لە ئۆرووپایت و دەنگت بەربووگە! حەح!

دەمنووسی و نەمدەتوانی بۆتی بنێرم، ئەوەنـدە بـوێر نەبـووم باسـی ئەو حەزە کێوییەت بۆ بکەم وا لە سەرەڕۆییەکانی منداڵیمانەوە لە دایک ببـوو، ئەو حەزە سرکە وا لە دوای ئۆرووپا هـاتنم لە منـدا بـاڵای کـرد و چـووە نـاو دەنگیشمەوە، ئەوەی کە خاوەنی شـتێک بـی وا کەسـی تـر نییەتـی و گەر بەتەواوی یان بۆ هەمیشە خاوەنی نیت، ببی بە خاوەنی بـا کەم خـایەنیش بێ، یان تەنیا بۆ شەوێ بـێ، تەنـانەت تەنیـا بـۆ شـەوێ بـێ. دەبـێ تەنیـا ماسی خانم بی هەتا چێـژ لەو حەسرەتـانە ببینـی وا لە چـاوی ئەو خەڵـکە ئاسـاییەدایە، یـان ئەو کـوڕە گەنجـانە وا کـاتی خـۆی پێشـمەرگایەتییان نەکردووە و ئێستا چەند ئەستێرەیان لە سەر شان نییە هەتا ببن بە خاوەنی دەسەڵات، بە خـاوەنی ئەو شـتانە وا بـۆ ئـێمە خەونێکـی دوور و خولیـایە و سەد ساڵی تریش بژین و شەو و ڕۆژ کاری بۆ بکەین، نیوەشی بەدی نـایە، بۆیە ناتوانن داوای شەوێک یا تەنانەت مـاچێکم لـێ بـکەن. مـن کە پـڕ بە دڵـی خـۆم هـیچ نـاخۆم، لە هەمـوو ئەو شـتانەی کە ئەگەری ئەوەی هەیە یەک گرەم بە کێشی لەشـم زیـاد بکـات قەدەغە کـراوم، مـن کە هەمیشـە هەست دەکەم لە بەر چاوی خەڵـک و کامێرادام، بۆیە وا دەزانم ژیانم بـۆتە کۆنسێرت یا کلیپێکـی هەتاهەتـاییەوە و کاربەدەسـتان لە ڕیـزی یەکەمـی

ژیانم‌دان و سەیرم دەکەن، وەک فەتانە وا لەگەڵ کەسێکی نادیاردا دەژیا و جار وا هەبوو دەبوو بە شەڕیشیان:

- ئیتر لەتەکما قسە نەکەی، بە گیان خوەت دڵم ئێشیاگە لێت.

دەبێ ماسی خانم بی هەتا گەزگەز باڵا بکەی بەو حەسرەت و بەخێڵییەی ناو چاوانی حیمایەکانی ئەو پیاوە زەبەلاحە پڕئەستێرە، کاتێ پێی گوتبوون:

- چی ئەوێ بۆی بکەن بەڵام تەنیا شەوێک...

تۆ دەسەڵاتت تاقی نەکردۆتەوە و نازانی کە چەند خۆشە کاتێ چیت پێ خۆش بێ داوای بکەی و بێ سێودوو بێتە بەر دەستت، ئاخ کە خۆشە دەسەڵات! چەن هەست بە بوون دەکەی کاتێ سەرخۆش و دەست‌لەملان، پێش ئەوەی بچنە نێو ژوورەکە و دەرکە دابخەن، ئاوڕ بدەیەوە و تماشای ئەو حەسرەتە بکەی وا لە نێو چاوی حیمایە قۆز و جوان‌چاکەکانیەتی، ئەو حیمایانەی کە نە ماشینەکانیان هی خۆیانە و نە بۆیان هەیە دەستم لێ‌بدەن! ئەوان لە حەسرەتی مندا و کچانیش لە حەسرەتی ئەواندان!

دەم‌نووسی و نەم‌دەوێرا بۆتی بنێرم. نازانم لە قاتی چەندی و پاییزێکی ساردم بیر دێتەوە وا دوایین جار فەتانەمان بینی، لە سەر جادە پاڵ بە پاڵی دیوارێکەوە کزکۆڵەمان کردبوو و فەتانە گوتبووی:

- ئەچم سەرێ ماڵەو ئام نەوا باوکم کاری پێم بێ یا دڵەودوام بێ، ئێوە

هەر لە ئێرە بێسن تێمەو، بە گیان باوکم تێمەو.

تا لە ناوی دارفرۆشەکاندا نوقم ببوو هەر ئاوڕی دابۆوە:

- هەر لێنە بێسن ئەوە هاتمەو.

کەچی هەرگیز نەگەڕایەوە و سرتەکانی دایکم خامۆش بوو. لەبیرتە تا درەنگانی شەویش وەستاین و لە سەرمادا هەر میزمان دەهات؟ دەچووینە پەنا دیوارێکی چۆڵ و یەکترمان سوێند دەدا سەیری یەک نەکەین و نیگەران بووین تا دەگەڕێینەوە فەتانەش هاتبێتەوە و ئێمە لەوێ نەبووبێتین و گەڕابێتەوە.

ڕەنگە فرفرە یا فڕۆکەیەکی کاغەزیت پێ بێ و لە دواهەمین ڕۆژدا کە هەموو شەڕەکانمان کرد و تۆ ویستت جانتاکەت کۆ بکەیەوە و بیر لەوە دەکەیەوە چۆن ماڵاوایی بکەی، من کە ئیتر زۆر سووک بووم، خۆم هەڵواسم بە فڕۆکە یا فرفرەکەتەوە و هەڵفڕم بەرەو ئاسمان و وشەی دواهەمین دیدار لەگەڵ خۆما ببەم. ئەگەر هیچت بۆ نەهێنام و شەڕەکانیشمان کرد، دەبێ چۆن بەرگەی دواهەمین ماچ یا دواهەمین قسەت بگرم؟ ئاخۆ تۆش بۆنی دارە تەڕ و تازەکانی بەر ماڵی فەتانەت لێ دێ؟ من کە دەمێکە ئەو بۆنە هەست پێ ناکەم! تۆ نازانی بەڵام لە دوای دواهەمین دیداری فەتانە و ئەو چاوەڕوانییە ساردە بۆ هاتنەوەی، بیرکردنەوە لە دواهەمینی هەر شتێک، هەر شتێک وا بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک چێژی تێدا بێ، تووشی ئەو سەرما و تاریکییەی پەنا دیوارەکەم

دەکا.

لە بەر باڵکۆن چاوەڕێتم و بوومەتە جلەکانی فەتانە، هەر لەتێکی لەشم لە ڕەنگێکە و کەوتوونەتە کەناڵێک یا هۆتێلێک کە تایبەت بە موعاملەیەک بێ. تۆ دەڵێی:

- خنکـان خنکـانە چ لە پەرداخێکـا بـێ یـا لە ئۆقیانووسـێکا، فەرقـی چەس؟

کەوایە بـۆ ئێسـتا ئەم قـاڵبە زێـڕی دوو کیلـۆییە بە خـۆمەوە نەبەسـتم و پـێش ئەوە بگەیـتە بەر دەرگـا، پـێش ئەوە ئەم قورسـایی زەمەنیـیە، ئەم چاوەڕوانییە کۆتایی پـێ بـێ، خـۆم لەم بەرزاییـیەوە فـڕێ نەدەمە خـوارەوە؟ ڕەنگە ئەمە هەمان پخە ناکاوەکەیە وا لێیدەترساین! ئەگەر لەشم قورسـتر بـێ باشـتر ڕۆدەچـم، باشـتر دەخنکـێم و ئەو چـاوەڕوانییە ترسـێنەرە بـۆ کۆتاییپێهاتن کورتتر دەبێتەوە و نەفرەتییەکان خێراتـر دەخـزێن بە سـەر کەلاکی مردووی ژمارەکاندا. با قورستر بم و زووتر ڕزگارم بێ لە دەنگی ئەم شیوەنە بەردەوامە وا خوێن لە مێشکم ناوەسـتێنێ و لە نـاو لاقەکانیشـمدا، لە تـامەزرۆی دیتنـی ئەو حەسرەتەی نـاو چـاوانی خەڵکـی ئاسـایی، نـاو چـاوانی حـیمایەی کاربەدەسـتان، کـۆنە پێشـمەرگە قـژ ڕەشکراوەکـان، ئەستێرە لە سەر شانەکان، ڕزگارم بێ لە چاوەڕوانی بۆ کۆتاییپێهاتنەکان.

□

دهۆک

٢٠١٢

# ئاوێزەئازار

- ب ب باوکە ئەو دەستە م م مردووەتم ئەدەیتێ؟

- بۆچیتە؟

- ب ب بـا بیبەسـتم بە دەسـتمەوە، دکتـۆر وا بزانـێ گەورە بـوومە و زووبەزوو عەمەلم بکا، ز ز زۆر ئێشم هەیە.

- باشە ئەتدەمێ، ئێستا تۆ مەگری و بنوو، هەتا زۆرتـر بگـری ئێشیشـت زۆرتر ئەبێ.

دەستێکی باوکی مردبوو، لە زیندان لە ژێری ئەشکەنجەدا، کاتێ بە ئاگا هاتبووەوە بینیبـووی کە دەسـتی چەپـی بـێهەسـت و برینـدار بـووە، دەیزانـی بـاوکی نایـداتێ، نەک هەر بە کەڵکـی نەدەهـات، بەڵکـوو ببـووە بارێکی قورس بە سەر شانییەوە، چونکە بەردەوام ئاگای لێبـوو بەر دەرگـا نەکەوێ، ناو ڕێگا لە خەڵک نەگرێ، ژێر نینۆکەکانی پیس نەبێ و ئـاڵقەی زەماوەنـدەکەی لـێ نەکەوێ، چەنـد جـار ویسـتبووی بیبـڕێتەوە دایکـی نەیهێشتبوو، گوتبووی:

- بـا خەڵـک سـڵت لـێنەکەنەوە و بەزەییـان پێتـا نەیەت، پیـاوێکی

یەکدەست ترسێنەرە.

ئەو ئەمـانەی ئەزانــی بەڵام هەر بەو بڕیـارەش دڵخـۆش بـوو، دوکتـۆر گوتبووی کە ببێت بە دوازدەساڵ عەمەڵی دەکا، تـا دوازدە سـاڵەیی زۆری مابوو و ئەم بڕیارە تەحەمۆلی پێدەدا. وتبووی کە عەمەلی بکا ئیتر وازدێنێ لەو کەوچکە بچووکانە، تەنانەت بۆی هەیە پارووی گەورە لە زار بنێ و پڕ بە سییەکانی هەناسە بکێشێ، دەتوانێ تـا هەتـایە بەبـێ تـرس لە تەشـەنەی کتوپڕی ئەو ئازارە بژییێت.

هەر بەو پەڵە گۆشتەوە لە دایک ببوو، سەرەتا بە قەد تـاقە برێنجێـک بوو، جوان لە بیریەتی کە لەگەڵیا باڵای دەکرد، کێشەیەکی لەگەڵ ئەوەی کە جوان پارووەکەی بجوێ و وردەوردە قـووتی بـدا، ئەوەنـدەی کە مانـدوو بێت و پێش تێر بوون دەست لە نانخواردن بکیشێ نەبوو، کێشەی لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی لە ناکاوی ئەو ئازارە تاقەتپـڕووکێنە بـوو، هێنـدە دەگریـا کە پیرانـــی دەکـــرد و دەبـــوورایەوە، هەر زوو هەســـتی بەوە کـــرد کە بەو بوونەوەرەی ناو گەروویەوە مرۆڤێکی ناتەواوە، کەچی منداڵانی گەڕەک ئەم نهێنییەیـــان نەدەزانـــی بەڵام ئەو هەســـتی کەمئەنـــدامبـــوونە، تـــرس لە هەڵزنـــین و بەربینـــگ پـــێگرتنـــی لەناکـــاوی ئەو بـــوونەوەرە تـــووڕەیە لە گەرمـــاوگەرمی یارییەکانیـــدا، ترسـێکی گەورە بـــوو و تـــا دوازدە ســـاڵەیی بەرگەی نەدەگرت. نەنکی ئەیگوت:

- ئەمە تاوانێکە بۆ منداڵە هارەکان، ئەوانەی گوێڕایەڵی دایکیـان نـین!

کە گەورە ببی هەم ژیر ئەبیت و هەم لە کۆڵت ئەبێتەوە.

بەڵام لەوەتەی لە بیریەتی قەت هارییەکی ئەوتۆی نەکردووە کە تاوانی ئـاوا بـداتەوە، هەمیشـە ترسـاوە لە سـەرهەڵدانەوەی ئەو ئێشـە، هەمـوو بیرەوەرییەکانی منداڵیشی وێناکردنی بارودۆخی ژیانی دایک و بـاوکیەتی لە زیندان، ئەوەش تەنیا بە گوێگرتن لە بیرەوەرییەکانیـان دروسـت بـووە. ژیـانی ئەو نە ڕووداوێکـی گرینگـی تێـدا بـووە نە سـەفەرێکی خـۆش یـان هاوڕێیەکی دڵخواز، بـۆ خۆیشـی هەر لە زینـدان لە دایـک بـووە، کەچـی هیچـی بیرنـایە. بەڵام بە وردی ئەتـوانێ ژوورەکـان، نـووسراوەی سـەر دیوارەکـان، هاوبەنـدییەکانیان وێنـا بکـا، تەنـانەت ئەو دڵەڕاوکە و چـاوەڕوانییە کوشـندەیە، بـۆ بیسـتنی هەواڵـی ئـازادی یـا لە سـێدارەدانی یەکێکیان. دایکی دەیگوت:

- مامایەک هاوبەندم بـوو، ئەویـش وەک مـن لەتەک مێردەکەیـدا دیـل کرابـوو، خۆشـبەختانە نەزۆک بـوو، گەر ئەو نەبـوایە نە مـن مـابووم و نە تۆش...وتم ئەهـا جەلـلادەکە هـات، خێـرا هەڵـێ! هەڵاتـی و پێـت گـرت، کردمانە هەرا و چەپڵەڕێزان، جارێکی تر وتم خێرا قسـە بـکە ئەهـا دەنگـی پۆتینەکانیان دێت! لە ترسان هاتیە گۆ، کوێر بم کوڕم! بە تورەتـور قسـەت ئەکرد. باوکت لە بەندی ٤٠٥ بـوو. پـازدە ڕۆژ جـارێ بۆمـان هەبـوو یەکـتر ببینین، کاتێ زانی سکم پڕ کراوە ئیتر نەیویست بمبینێ، هەواڵـی نـارد کە لەبـارت بـبەم، نەمتـوانی، دڵـت لێـیئەدا ئەجـوولایتەوە، نەمتـوانی...ئیتر

نەچووم بۆ سەردانی تا بوویتە دوو ساڵە.

گرینگترین و ئەڵبەت تەنیا کاری باوکی گوێگرتن لە هەواڵە سیاسییەکانی ڕادیۆیە، بەو دەستە ساغەی پێچی ڕادیۆکەی هێندە ئەسووڕێنێ تا دەنگە زوڵاڵەکان لە نێو پارازیتدا ئەدۆزێتەوە:

- تەنیا هەواڵە بیانییەکان ڕاست ئەکەن، ئەوان درۆوودەلەسە نازانن و لە کەس ناترسن.

ئێواران ئەچێ بۆ پارک و دوای شەترەنج دەستئەکا بە شرۆڤەی هەواڵەکان:

- بەمەرجێک بزانم شۆڕشی وڵاتان چۆنچۆنی دەست پێدەکا و چ کەسانێك لە پشتی پەردەدان، دەتوانم ئەنجامەکەشی پێشبینی بکەم.

گەورەترین شانازیی باوکی ئەوەیە کە پاڵەوانی شەترەنجە و بە سەدان جار کیش کراوە و بە زیرەکی خۆی لە ماتبوون ڕزگار کردووە.

تەنیا وشەیەکە و گیری خواردووە، وشەیەک لە جنسی لەشی خۆی،بەڵام بەو ڕادەیەش نامۆ، کاتێ هەڵئەکەندرێ هەر لەو گۆشت و ڕەگ و خوێنەی خۆی سەوز ئەبێتەوە و ئازاری ئەدا، لە دوای چەند جار عەمەل تازە بۆی دەرکەوتووە کە وشەیە، بەڵام چ وشەیەک؟ هێشتا نازانێ، بۆیە ناچارە چی لە ڕادیۆ یا دەمەقرەی دایک و باوک و هاوڕێ و مامۆستاکانی ئەبیستێ، لە بیری بمێنێ یا بینووسێتەوە تا دوایی بۆ خۆی دووپاتی بکاتەوە و کاردانەوەی لە ناو گەروویا ببینێ و بزانێ ئەو ئازارە بە

کامەیـان تەشـەنە دەکـات؟ هەنـدێ ئـازار هەیە دوکتـۆر نە ئەیناسـێ و نە چاری ئەکا، نە قووت ئەدرێ و نە تف ئەبێتەوە و نە فەرامۆش ئەکرێ.

ڕێک لە سەر قوڕقوڕاچکەی گیری خواردووە، ئەڵێی گیـانی تێـدایە، کە ناوی خۆی ئەبیستێ لە خەو هەڵئەستێتەوە.

لە دوای چەنـد جـار عەمەلـی بێهـوودەوە دەزانـێ کـاتێ کە بـاوکی ڕادیـۆکە هەڵئەکـا، ئەبـێ خـۆی بشـارێتەوە، دەزانـێ کە ئەو بـوونەوەرە بەو دەنگانە هەستیارە و بە ئاگا دێتەوە و هەوڵ ئەدا گەرووی وردەوردە بـدڕێنێ و بێـتە دەرەوە، دەشـزانێ کە ئەو ئـازارە پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بە هەواڵە سیاسییەکانەوە هەیە، تەنیا لە کـاتی بڵاوبـوونەوەی هەواڵە سیاسـییەکانی زمـــانی زگماکیـــی دەرەوەی وڵاتە کە ئەو ئـــازارە ســـەرهەڵدەداتەوە، ئەو بـوونەوەرە بە ئاگـا دێـتەوە و دەسـت ئەکـا بە ڕووخانـدنی قوڕقـوڕاچکەی. باوکی قەت گوێ لە هەواڵە ناوخۆییەکان نـاگرێ، بـا بە زمـانی زگماکـیش بـن! پێـیوایە ئەوان زۆرتـر لە هەمـووان درۆزنـن. دایکیشـی بەردەوام یـا خەریکی کاری ناوماڵە یا کتێب ئەخوێنێتەوە، کـاتێ بـاوکی دەڕۆیشـت بـۆ شرۆڤەی سیاسی لە ناو پارکا، خۆی ڕادیۆکەی هەڵئەکرد، گوێی لەو زمـانە جۆربەجۆرانە دەگرت و لە دواییـدا زمـانە زگماکیـیەکەش. هەر لە سروودی دەســپێکی بەرنامەکــان، گەرووی ئەکەوتە خــورین، وەک تۆپێــک بــای تێئەچوو، دەئاوسا، چاوی لێبوو کە ئەبوو بە ماسیگرە، هەناسـەی سـوار ئەبوو و ئەیویست هاوار بکا بەڵام نەیدەتوانی، دەنگێکی لێوە دەهـات وەک

نووزەی تووتکە سەگێکی بریندار.

ئێستاش نەک لەبەر تەشـەنەی ئەو ئـازارە خـۆی ئەشـارێتەوە، بەڵکـوو لەبەر باوکیشی کە هێندێ‌جار ئەگەر هەواڵی فەشـەل‌هێنـانی خەبـات یـا بزووتنەوەیەکی دڵخوازی ببیستێ، یا لە سێدارەدانی شۆڕشگێڕەکان، تووڕە ئەبێـت و دەسـت‌ئەکـا بە جنێـودان و شـکاندنی ئەو پەرداخ و قەنـدانە شووشانە وا لە بەر دەستی دان.

- نەفرەت لە ڕاپەڕین، لە شەڕ، لە ئامانج، لە هەموو شتێ.

دایکی ئەڵێ:

- حەقە هەموو شتێ لەم ماڵەدا لە ئاسن بێ وەک خۆمان.

دایکی خێرا ئەیڕفێنێ بـۆ بـازاڕ نەوەك شـتێکی بەرکەوێ، وەختـایەك ڕاپەڕینێک فەشەل دێنێ، ئەو بۆی هەیە چـی حەز دەکـا داوا بکـا، هەمـوو جۆرە ئامێری یاری و شیرینییەک و نەترسێ لە کرمی ددان.

دایکی ئەڵێ:

- ئەمە بەشی من و تۆیە لە خەباتی خەڵک، گـوێ مەدەرێ کـوڕم، بـابە ڕەنج و ئازاری زۆر چەشتووە بۆیە وا تووڕەیە ...گوێ مەدەرێ گرینگ ئەوەیە تۆ کوڕی منی، تەنیا هی خۆم، باشە؟

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنیاتر ئەبێت و دوورەپەرێزییان لێ‌دەکا.

- فەرموو خانم، ئەوەندە چرپاندووتە بە گوێیدا کە تۆ تەنیا کـوڕی منــی، ئیتر بە پیاومان نازانێ و لەتەکیشمانا نان ناخوات!

وشەیە وشە، خۆی چاکی لێئەزانێ، نە پەڵە گۆشتێکی زیادییە و نە شێرپەنجەی قوڕگ، نە بەو شێوەیەش وا خەڵک ئەڵێن خودا تاوانەکانی دایک و باوکی بە ئەو شوشتۆتەوە.

بەڵام بە درێژایی ڕۆژ خەریکی بیرکردنەوە لە مانای وشەکانە، لە تاقیکردنەوە و پرسیار:

- دایکە زززۆڵ چییە؟

- کێ پێیوتووی کوڕم؟

- ک ک ک کەس نەیوتووە، ئەمڕۆ ڕێک لە دوایین دەقەی یارییەکە گ گ گوڵێکمان خوارد، ئارام بە ش ش شاهۆی وا گوت، ئاخر خ خ خەتای شاهۆ بوو.

بەڵام درۆ ئەکا، خەریک بوو ئەچوو بۆ فووتباڵ، کراسە سپییەکەی لەبەر کردبوو، باوکی گوێی لە دەنگی ئیسراییل ئەگرت، ترسا ئەو ئازارە پێش چونەدەرەوە سەرهەڵبداتەوە و یارییەکە تێکبدا، وایزانیبوو ئەگەر یەکەم دوگمەی کراسەکەی کە ڕێک لە سەر ئەو ئازارە و قوڕقوڕاچکەی بوو، ببەستێ بەرگری لە هەڵزنینی ئەکا، باوکی کە بینیبووی هەموو دوگمەکانی بەستووە بۆ تاوێک حەپەسابوو و ئینجا گوتبووی:

- بیکەوە ئەو دوگمە حیزەت! ئەلحەق کوڕە زۆڵی ئەو باوکە بێشەرەفەتی!

یەکەمجار بوو ئەو وشەیەی ئەبیست، نەیدەزانی پێوەندی نێوان یەکەم

دوگمەی کراس بەستن و وشەی زۆڵ چییە؟ لەوانەیە بیرەوەرییەکی ناخۆشی وەبیر باوکی هێنابێتەوە، گرینگ نەبوو مانای چییە، گرینگ ئەوە بوو پێوەندییەکی بەو بوونەوەرەوە نەبوو. ئەو ڕۆژە دوو گۆڵی لە ڕەقیب دا و یارییەکەیان بردەوە.

باوکی ئەڵێ:

- من ئەگەر خەیانەتم کردایە ئێستا هەم سەیارەم هەبوو و هەم دوو دەستی ساغ و هەمیش پێکەوە وەك دوو گوێرەکە مامۆستای زانکۆ بووین!

- خ خ خەیانەت چییە؟

- جۆرە درۆوتنێکە کوڕم کە تاوانی زلە یا زیندانی لە ژێرزەوین نییە، تاوانی تەنیا مەرگە.

چەند جار دووپاتی ئەکاتەوە: خەیانەت، خەیانەتکردن... بوونەوەرەکە خەوتووە، کەوایە ناشتوانێ وشەی خەیانەت بێ. وشەکەی ناو گەرووی ئەبێ بێگومان مانایەکی ناخۆشی ببێ.

بیر لەوە ئەکاتەوە ئەگەر باوکی خەیانەتی کردبا بە قسەی دایکی ئێستا مردبوو و نە سەیارەی هەبوو و نە ئەو دەستە ساغەش. خەیانەت نییە، زۆڵ نییە، شۆڕش و هێرش و شەڕ و ئاشتی و ڕاپەڕینیش نییە. بێگۆمان لەو دەستە وشانەیە وا باوکی لە ڕادیۆکاندا گوێی لێدەگرێ یا لە شەڕە شاراوەکانیاندا ئەیبیستێ، لە تووڕەییەکانی باوکی و قاپ و پەرداخ شکاندنی.

- بریا من لە جێگای تۆ بایەم ئافرەت!

- فەرقی چی بوو؟ من و تۆ چارەنووسمان یەکێکە.

- فەرقی ئەوە بوو کە من ئاوس نەدەکرام.

یەکەمجار کە عەمەلی کرد هێشتا ئازاری هەبوو، تەقەڵەکانی دەرنەهێنابوو، بە ئاستەم زاری ئەکردەوە و تەنیا شتی ئاوەکی بۆ ئەخورا، هەستی ئەکرد شتێک خەریکە چەکەرە ئەدا، ڕەگ دائەکوتێ، ئەو جۆرە ختووکەی پێش ئازاری باش ئەناسی، لە دوای شەش مانگەوە دیسان عەمەل کرایەوە، دوکتۆر گوتی:

- شێرپەنجەیەکی سەیرە و لە کەسدا نەمان بینیوە بەڵام لە دوای چەند عەمەلی تر بێگومان ڕەگوڕیشەی وشک دەکەین.

تازە تەقەڵەکانی دەرهێنابوو کە گەرووی دەستی کردەوە بە خورین و خوێنی دێناوە. گوتی:

- خەریکە س س سەوز ئەبێتەوە.

باوکی گوتی:

- فەرموو ئافرەت ئەوەیە بەرهەمی شەڕ بۆ نیشتمانەکەت! خۆزگە خەیانەتمان کردایە، ئەم هەموو سەرشۆڕی و بێ بەختییە بۆ نیشتمانێکە کە ئێمە خاوەنی نین بڕوانە چەندە غەریبین.

هێڵنجی‌دا، سەرەتا ترسا ڕیخۆڵەشی هەڵبێنێتەوە یا تەقەڵەکانی لێک بێتەوە، گەرووی وەک ماسیخۆرە ئاوسابوو.

چەند خاڵی گەرم کەوتنە سەر خوێنەکە، بە دەنگی خۆی دووپاتی کردەوە: نیشتمان... هێڵنجی ئەدا، نیشتمان... گەرووی دەئاوسا، نیشتمان... گەرووی خەریک بوو بدڕێ، قرچ و هۆری قرتانی ناسکە دەمارەکانی هەستپێئەکرد، شەڕێک لە نێوان بەرخۆدانی گەرووی و هەوڵی ئەو وشەیە بۆ دەرباز بوون، چی خوێن لەم شەڕە ئەڕژێ ئەبێ هەڵیبێنێتەوە! خوێنی قرتانی ناسکە دەمارەکانی.... قامکی لە خوێناوەکە وەردا، خاڵەکان نووسان بە قامکییەوە، چەند خاڵی گەرم و زیندووی بینی کە ئەلەرزان، ڕەگ و خوێنیان تێدابوو، لە ماکی لەشی خۆی بوون بەڵام بە هەمان شێوەش نامۆ، وەک دەستی باوکی.

- تۆ چیت داوە لە نیشتمان، چاوت دەرهات نەتکردایە، ئەو کاتە وا درووشمت ئەدا ئەم ڕۆژەشت بدیبایە، کوڕی داماوم گوناحی چییە کە ئێمە بێدەسەڵات و پەککەوتەین... ملت بشکێنە بچۆ بۆ وڵاتێکی دیکە کە هەواڵەکانی ڕاست بێ و بتکا بە گووشۆری هۆتێلەکانیان!

هەست ئەکا ئەوەی لەو دوازدە ساڵەی ژیانیدا خواردوویەتی هەڵیدێنێتەوە.

وشەیەکی ساکار کە ماناکەشی ئەزانێ، بەڵام کەس بەکاری ناهێنێ، کەس بیر لەم وشەیە ناکاتەوە، ڕەنگە بەڕێکەوت لە زمانی کەسێک لە بازاڕ و لەناو خەڵکا بیبیستێ، خۆشبەختانە منداڵانی گەڕەک هەر نازانن چییە، زۆرتر لە ڕادیۆ ئەیبیستێ، یا لە شرۆڤە سیاسیەکانی شەوانەی دایک و

باوکیـــدا، بۆخۆشـــی قەت کـــاری بەم وشـــەیە نەبـــووە و هەر بیریشـــی لێنەکردۆتەوە، هیچ کچێکیش ناناسێ ئەم ناوەی لەسەر بێ.

- بۆ بابە ئەڵێ ئێمە خـاوەنی ن ن نیشـتمانەکەمان نـین ؟ ک ک کـێ داگیری کردووە؟

- تۆ کارت بەم قسانە نەبێ کوڕم، تۆ دەرس بخوێنە، وەش‌ش لە دەورت گەڕێم ئەوەتا ئازارەکەت دەستیپێکردەوە.

دایکـی دەسـت ئەخـاتە سـەر گەرووی بـۆ ئەوەی نەماسـێ، وەخـتە بخنکێ، حەز ئەکا گەرووی هێندە بگووشێ تا هەناسەی ئەبڕێ. نیشـتمان خوێنی لێ بەر ئەبێتەوە و ناچارە بڕشێتەوە.

دیسان وەسوەسـەی زوو گەورەبـوون ئەکەوێـتە گیـانیەوە، کە دەسـتی دایکی بگرێ و بەرەو وڵاتێک بڕۆن کە ئەم وشەیەی تێدا نەبێ.

باسـی ناکـا، دوورەپەرێـزی ئەکـات و نایشیبیسـتێ، بەڵام وەختـایەك بیریشی لێدەکاتەوە تووشی خوێن و ئـازار دەبـێ، پێوەنـدی ئەم ئـازارە لە گەڵ ئەم وشەیە ئەبێ چی بێ؟ ئەوان هەر بە زمانی خۆیان ئەدوێن، لەوێ لە دایک بوون، تەنیا لە قوتابخانە و کاتێ بۆ دوکتۆر ئەچن بـۆ پێتەخـت بە زمانی خۆیان قسە ناکەن.

بیرکـردنەوەوە لەم پرسـیارانە هەر هەمـان ئـازارەکەیە، خەو ئەبینـێ دەستێکی مردوو لۆکەیەکی ئاور دەدا و ئەیخاتە ناو گەروویەوە، ئەزریکێنـێ و ڕائەچڵەکێ، پەنجەرەکان ئەکاتەوە و ئاوی سارد ئەخواتەوە، دیارە وڕاوەی

نیشتمانی کردووە، سەر قورڕقوڕاچکەی هێنـدە نەوازشـت ئەکـا تـا ئـازارەکە ئەهوەن دەبێتەوە.

نـا، کـۆچ کـردنیش بێهـوودەیە، پەشـیمانە لەو هەمـوو کـونج کـۆڵییە، هەرچەنـدێکی خـۆی لە بنەمـاڵە داشـارێ، باسیشـی نەکـا، دڵەڕاوکەی بیستنی کتوپڕی ئەم وشەیە ناچاری ئەکا بەردەوام بیری لێبکـاتەوە، ئیـتر خۆ حەشاردان لە بیرنەکردنەوە لە وشـەیەکی بێهـوودە کە نە کەس باسـی دەکا و لێیدەدوێ و نە بیری لێئەکاتەوە شتێکی بێهوودەیە.

نە قووت ئەدرێ، نە هەڵـدێتەوە، نە لائەچـێ و نە فەرامـۆش ئەکـرێ... کەوایە بۆچی بۆ گەورەبوون پەلە بکا؟ کاتێ ئەزانێ تا ماوە ئەبـێ خەڵتـانی ئەم ئازارە بێ.

□

٢٠١٣

# ڕەشەبا

ڕەشــەبا وەک گــورگ ئەلــوورێنێ و خــۆ هەڵئەکــوتێ بە ســەر دەرگە و پەنجەرەدا، بۆ ئەوەی لە درزی دەرگەکەوە خۆ نەخزێنێتە ژوور، پەردەیەکی ئەستووری قاییشی هەڵـواسراوەتە دەرەوەی دەرگەی هـۆڵەکەوە و قەراغـی خوارەوەی بە دار قورس کراوە.

هەر کەسێ بیهەوێ بێتە ژوور، ئەبێ هێزێکی زۆر بە کار ببا بۆ لادانی پەردەکە و ئینجــا کــردنەوەی دەرگــا تونــدەکە، بەو حاڵەشــەوە هــۆڵی چـاوەڕوانی سـاردە. ئەوانەی زووتـر سـەرەیان گرتـووە هەر بە دەسـتکێش و مل‌پێچەوە کورسییەکانی لای زۆپاکەیان داگیـر کـردووە و ئەیـژی تـا سـەر ئێسقان لە بەفردان!

تەلەفیزیۆنێکی گەورە لە سـەر دیـوارەکەدا دامەزراوە. جـگە لەو چەنـد نەخۆشەی وا لە ژێریدا دانیشتوون، ئەوانەی وا لە شەش ڕیزدا چـاوەڕوانن، سەیری ئەکەن، هەراوزەنای جەژن و شایی و سروودی نیشتمانی، هـیچ لە ســارد و ســڕیی نەخۆشــەکان کەم ناکــاتەوە و لە چاوەڕوانییەکانیشــیان. کۆنترۆڵەکە لە سەر مێـزی ڕیـزی یەکەمە و گەر لە سەریشـی نەنووسرابـایە

"تکایە دەستی لێمەدەن"، کەس کەڵکەڵەی گۆڕینی کەناڵەکانی نییە.

ئەگەریــش تــابلۆی "تکــایە بێــدەنگی هــۆڵەکە بپارێزە"شــیان هەڵنەواسرابــایە، دیســان کەس لەگەڵ کەس قســەی نەئەکــرد. زەمەن کیســەڵێکی خەواڵــووە و ئەوەی ئەچێــتە ژووری دوکتــۆر کەمــتر لە نیــو سـەعاتی پـێناچێ بەڵام وەک ئەوەیە بە سـەعات لەوێ بـێ. دیوارەکـان چڵکـنن و وێـنەی مێشـکێکی گەورە لە سـەر یەکێکیـانە، نـاو و چـۆنیەتی کارکردنی بەشەکانی مێشـک بە ئینگلیـزی لە سـەری نـووسراوە و سـپاس نـامەی وەزارەتـی تەندروسـتی لە دوکتـۆریش لە تەنیشـتیدا هەڵـواسراوە، مێشــکێکی گەورە لە مرۆڤێــک کە نە ژنە و نە پیــاوە، بەڵام بێــدەنگ و بێهەست دەڕوانێتە دنیا، دەڵێی خانمی سـکرتێرە و بـۆ خەڵـک ئەڕوانــێ، یان خەڵکە  بۆ تەلەفیزیۆن یا ڕەنگە دوکتۆرە بۆ نەخۆشەکان.

سـێبەری پیرەمێردێکـی گۆچـانبەدەسـت دیـارە کە هێـدیهێـدی لە پلیکانەکان دێتە سەر و تۆزێ خەریکی پەردەکە ئەبێ، خەڵکە ئەزانـن هەر ئەتـوانێ پەردەکە لادات و دەرگـا قورسـە شووشـەییەکەش بکـاتەوە و بێـتە ژوور، بۆیە کەس ناچێتە هانایەوە، کە دێتە ژوور هرووژمێکی هەوای سارد و بۆنی عەترێکی تۆخی پیاوانە لەگەڵ خۆی دێنێ، پاڵتـاوێکی خۆڵەمێشـیی کردووە بە سەر قات و جلیقەیەکی سـپیدا و شـاڵێکی سـووری پڕنەخش و نگاری ساتەنیشی بەسـتووە. بە عـادەتی کـۆنی خـۆیەوە دەسـت دێنـێ بە سمێڵە سپییە بابڕەکانیدا و بە وردی سەیری خەڵک ئەکا، سەرەتا سەرنجی

سەر لێوی خانم سكرتێری مان و مـۆن ئەدا وا لە دوورەوە ڕەش ئەكـاتەوە و سـەر مێـزە بچووكەكـانی پـڕ كـردووە لە گۆڤـاری خێزانیــی و ئەوانەی بەر دەستی خۆیشی هەموو چرچ و پیس بوون هێندە كە لاپەڕەی چارەنووس و چیرۆكی ژیان و چۆنیەتی چێكردنی خواردنی تازەی هەڵـداوەتەوە. لە پـڕ دەڵێ:

- ئەوە چییە؟ بۆ هێندە خەمۆكن؟ ئەڵێی پرسەیە!

كەس وەڵام ناداتەوە، تەنیا زەردەخەنەیەک ئەكەن و چـاو ئەبـڕنەوە لە تەلەفیزیۆن.

- من كە گەنج بووم شـار و شـارۆچكەی ئەم وڵاتە نەمـابوو نەگەڕابێـتم. هەر بە تاقی تەنیا بە مەرگی منداڵم پێـنج جـار بـووم بە قارەمـانی زۆران و كەسم پێ نەدەوێرا ئەوە با بزانن ها!

بە گۆچانەكەی ئاماژە بە كوڕێكی گەنـج ئەكـا كە خەریكـی سـپاس و داوای لێبـوردنە لە ژنێكـی ژێـر تەلەفزیـۆنەكەیە كە حـازر بـوو جێگـاكەی لەگەڵ ئەو بگۆڕێتەوە:

- قەسەم بە گەورەیی خوا هەر لە تەمەنی تۆدا بوو و بگـرە گەنجـتریش، نەمئەزانــی حەسـانەوە بـۆ چـی باشـە! حەزم لە شـەو نەبـوو و تەنیـا چـوار سەعات ئەنووستم ئەزانن بۆ؟

كەس ناپرسێ بۆ. خەڵكەكە سەیری ئەو مارە خۆش خەتوخاڵە ئەكەن كە بە جوانی و وردی هەڵكەندراوە لە دەوری گۆچانە دارینەكەی و ڕێک لە

سەر دەستەکەی کە دەبا سەری مارەکە بایە، سەری هەڵۆیەکی چاو ئەڵماسییە.

- لەبەر ئەوەی بە نووستن ئیتر ئاگام لە جموجووڵ و سێحری ژیان نەئەما، کە بنووستبام ئیتر کوا دەرفەتی گەڕان و فێربوونم بوو؟

کوڕە ئاماژە بە وێنەی پیرەمێردێکی ڕدێن سپی لە قاپێکی کۆندا ئەکا و ئەڵێ:

- جا بۆ لە ئێمە ئەپرسی بابە گیان؟ خەتای ئەوە ئەو!

پیاوە پیرەکە خنەخن ئەچێت و لە تەنیشت کوڕە دائەنیشێ. خانمی سکرتێر واز لە گۆڤارەکەی دێنێ و نوقمی جلوبەرگی خاوێن و گرانی ئەبێ، خەڵک چاوەڕێی وەڵامی کابرای پیرن.

ئەوەی کە لە ژووری دۆکتۆر دێتە دەر، بەبێ ماڵاوایی و دەستخۆشانە هەڵدێ. ژنێک ئەڵێ:

- وەڵا خەتای منداڵە، خەمی ماڵ و منداڵ پیری کردووین! خۆزگەم بەوانەی وا وەجاخ‌کوێرن!

لە ڕیزی پشتەوە چەند کەس دێنە قسە:

- بەرێ وەڵا ڕاست ئەکا.

پیرەمێرد ئەڵێ:

- بێ‌گومان وایە، زەحمەت و خەفەتی منداڵ تا قەرای قیامەت هەر هەیە؛ بەڵام کچم من چوار نۆکەری تۆم هەیە و گشتیانم بە شێوەیەکی

شیاو بە کۆمەڵگە پێشکەش کردووە بۆ خزمەتکردن، کەچی بە گیانی منداڵی هەردووکمان زیاتر لە ئەوان زەحمەت ئەکێشم و تا ئەم تەمەنەش کە هاتووم پارێزی هیچ جۆرە خواردنێکم نییە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی خەمۆک نیم وەک ئێوە، وەڵا بە ڕاستمە، وا ئەزانی گاڵتە ئەکەم؟ دڵم خۆشە و هەموو بەیانییەک لەگەڵ ئەم مار و هەڵۆیە کە تاقە هاوڕێمن، یەک سەعاتی تەواو پیاسە ئەکەین و قازانێک سەروپێی بۆ ئەخۆم و ئینجا لەسەرخۆ دێینەوە ماڵ.

پیاوێک لە ڕیزی پشتەوە ئەڵێ:

- ئاخر بابە گیان بۆیە ئاوا ماوی چونکە قەرز و قیستت بە سەرەوە نییە، نە کرێچیت و نە کرێکار، سکت تێرە و منیش بم حەقە لە تۆ گەنجتر بم، وەڵڵا بە خوا!

پیرەمێرد ئەڵێ:

- نا نا هەڵەیە، منم و مووچەیەکی خانەنشینی و ماڵێکی بچووک، ئەویش ماڵیان ئاوا بێ کوڕەکانم بۆیان کڕیم جا ئەوە کەی قسەیە قوربان؟ ئەبێ بەهێز بی، بەهێز! نابێ کۆڵ بدەی، ئەگەر بەتەمای دەوڵەمەند بوون بی و ...

لە پڕ خانمی سکرتێر حوکمی ئازادیی پیاوە ئەخوێنێتەوە و بەپەلە خۆی ئەکاتە ژووری دوکتۆر و بە دیار تەواوبوونی قسەکانی پیرەمێردەوە ڕاناوەستێ.

خەڵـکە دەسـت ئەکەن بە شرۆڤەی قسـەکان و پیرەمێـرد وەک چـۆن دوایین مانیفێستی خۆی بڵێ بە دەنگی بەرز ئەڵێ:

- لای ئـێمە بـۆ خەم و خەفەت هەزار بیـانوو هەیە کەچـی بـۆ شـادی و پێکەنین نا!

کوڕە دیسان ئاماژە بە وێنەی سەر دیوارەکە ئەکا و دەست ئەکا بە چپە لە گوێی پیرەمێردا، پیرەمێرد بەڵام هەر بە نکـۆڵی قسـەکانی لێئەبڕێـت و خانمی سکرتێر حوکمی ئازادی کوڕەش دەرئەبڕێ.

چەنـد منـداڵ هەن کە ئیـتر بـێتـاقەت بـوون و دەسـتئەکەن بە جموجووڵ بەڵام ئەزانن نە زۆریـان بە کـردنەوەی دەرگـا و لادانـی پەردەکە ئەشـکێ و نە ئەو سـەرمایە بـۆ ئەوە ئەبـێ کە بچـنە دەرەوە شـتێک بکـڕن، دەورەی کابرای پیریانداو و دەست دێـنن بە سـەر و پـۆپی هەڵـۆکەوە کە هێشتا بە خوێنساردی سەیریان ئەکا، وەک خەڵک بۆ یەکـتر، خەڵـک بـۆ تەلەفیزیـۆن... پیرەمێـرد خـۆی ڕائەکێشـێ و کـۆنترۆڵی تەلەفزیـۆنەکەی چنگ ئەکەوێ، بەرچەسپی "تکایە دەستی لێمەدەن"ەکەی لـێئەکـاتەوە و ئەیگڵـۆڤێ و فڕێـی ئەدا. تەلەفزیـۆنەکە ئەکـوژێنێتەوە و کـۆنترۆڵەکەش فڕێئەداتە سەر گۆڤارەکانی بەردەستی خانمی سکرتێر، کەس قسە ناکا و پیرەمێـرد لە ژێـر تەلەفزیـۆنەکە جێگـا خـۆش ئەکـا و ئەچێـتە نـاو خەیاڵەکانییەوە، بێدەنگی باڵ ئەکێشێت بە سەر هۆڵەکەدا.

۲۰۱٤

## خولیاکانی ئاغای وەکمرۆڤ

سێشەمەیە و درێژترین ڕۆژی حەفتە، تا کۆتایی حەفتە زۆری ماوە و کێشی لەشی ئاغای ئەمینی وەك نەهەنگێکی مردووی لێهاتووە کە بەئەستەم دەتوانێ ڕایبکێشێت، بۆیە ئاغای وەک مرۆڤ ئەبێ باسێک دابمەزرێنێ کە بیبووژێنێتەوە و بزەی بخاتە سەر لێو و لە کێشی لەشی کەم بکاتەوە کە بە شێوەیەکی گورجوگۆڵ هەموو چەرچەفەکانی بەشی قاوشی ژنان هەر لەو سێشەمەیەدا بشوات و قەدی بکاتەوە. دەبێ باسەکە بە چەشنێک بێت کە ئاغای ئەمینی تا کۆتایی حەفتە هەر پۆی پێوە بدات و بەو بۆنەیەوە چەرچەفی بەشەکانی تری خەستەخانەکەش تەواو بکا، هێندە سەرنجڕاکێش بێت کە ئیترهاڕەهاڕی ماشێنە زەبەلاحە جلشۆرەکە و بۆنی تیژی تاید و مادەی دژە هەوکردنەکانی تێکەڵ بە زەرداو و خوێناوی چەرچەفەکان کاری لێنەکا و لە بۆڵەبۆڵی بخا.

- کە تەماشای پێستی سپی و تەنکیم ئەکرد، ئەو قژە خورماییەی وا لە ژێر ڕووناکایی لۆستەرە گەورەکانی ناو هۆڵەکەدا ئەبریسکایەوە و لێوێک ... خودایە ... چما پەڕەی گوڵاڵە سوورە بوو، ئیتر ڕاستت دەوێ نایشارمەوە کە

دڵم نەهات چەرمەسەریی و خەمە مێژوویەکانی خۆمانی بۆ باس بکەم. ئاخر پێمنەوتی کە لە فەڕەنساش لە میوانییەکی لەم چەشنەدا، باسی هەڵەبجەم بۆ مادمازێلێک کرد کە نازانی چ حەشرێکی پێ کردم.

- ئەی خوا بتگرێ پیاو! لەوێش واز لە خەمە مێژووییەکانت ناهێنی؟!

پلەی ئەو جلشۆرە بیست دانە زیاد بکە، گەڕێکی تری دەوێت.

- ئیتر ئاوا بوو ئاغای ئەمینی ... بیرم لەوە کردەوە کە باسی چی بۆ بکەم خۆشی بێت و کاتێ بۆ میوانییەکی تر چەپکە قژەکانی یەکەیەکە دەئاڵێنێ بە دەوری بیگودییەکەیدا و ئەبێ بۆ لوولبوونی هەرکامەیان دە چرکە چاوەڕوان بێت، بیرم لەوە کردەوە چی پێبڵێم کە وەبیرهێنانەوەیان لەو دە چرکەیەدا، نەک هەر چێژبەخش بێت، بەڵکوو چاوەڕوانییەکانی بۆ کورت و شیرین بکاتەوە؟ ئەزانی خۆ ئاغای ئەمینی، چاوەڕوانییەکانی ئەوان وەک هی خۆمان کوشندە نییە، وەک هی مرۆڤە مرۆڤ!

- ئەزانم برام، ئەزانم، شێتت کردین! سووریی خوێنیشیان لە تەک هی ئێمە جیاوازە. نازانم ئەم ئاوە بۆ دڵۆپە ئەکا؟ تۆ بڵێی شلەنگەکە کون بووبێت، یان جلشۆرەکە خراپ بووبێت؟

- نا بڕوا ناکەم. پێموایە هی شێرەکە بێت و پێویستە واشێرەکەی بگۆڕین، چونکە جلشۆرەکە تازەیە. ئەوەم بۆ دەگوتی کە منیش قسەی مۆسیقا و بیناسازیی هەورامانم بۆ کرد و باسی قەڵای دمدم و زێویە، کەچی خواخوام بوو نەپرسێ: ئەدی ئەو ئاسەوارانە لە قەڵای زێویە

دۆزراونەتەوە لە کامە مۆزەخانە دان کە بچم بیانبینم و مێژووتان بناسم! نازانی چەندی پێخۆش بوو ئاغای ئەمینی! بچۆ ئەولا با ئێرەش خاوێن بکەمەوە ... چی بگوتبا باش بوو؟

- جا چووزانم؟ باش بوو ژیر بوویت و باسی شەڕ و خۆت وتەنی شۆڕشە نەزۆکەکانی کوردت بۆ نەکرد! جا کچێ وا ناسک و تەرچک کوانێ تاقەتی گوێگرتن لە باسی شەڕ و شۆر و شۆڕشی هەیە؟ بگرە «ناپێلئۆن بۆناپارت»یش بۆ ئەو تەنیا وێنەیەکی هەڵواسراوی سەر دیواری ئەو کۆشکە بێت کە تێیدا سەماتان ئەکرد.

- وەڵا ڕاست ئەکەی هاوڕێ. تۆش بی دڵت دێ کچێکی وەها ئاسمانی و لەبەردڵان سەخڵەت بکەی؟ ئەیگوت لەگەڵ خۆت بمبە هەورامانم پیشان بدە!

- پەحا! گوتبات وازمان لێبێنە مادمازێل. هەر ئەوەمان ماوە بێیت و بە تاوانی سیخوڕی بتگرن و لەجیاتی ئەو جلوبەرگ و تەقلە جوانانەت چارشێوت لە سەر بکەن و...

ئاغای وەکمرۆڤ لە دوای ئەو هەموو ساڵە، نە بڕوای تەواوی بە ئاغای ئەمینی هەبوو، نەش بە جلشۆرخانەکە. پیاوێکی بێلایەنە و قەت لە بەر چاوی هاوکارەکانیاندا بە زمانی کوردی قسە لەگەڵ ئاغای وەکمرۆڤدا ناکا. هەمیشەش دەڵێت: «دەبێ دەستت بە کڵاوەکەی خۆتەوە بێت با نەیبا!». هەر ئەم قسەیەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئاغای وەکمرۆڤ هەمیشە

هەست بەوە بکا کە کامێرایەکی شاراوەیان لە نێواندایە و دوایی دەبێ بەرپرسی هەموو قسەیەکی بێ، ڕەنگە تەنانەت ئەو قسە مەترسیدارانەش کە دەیکا، داوێک بێت بۆ ئاغای وەکمرۆڤ.

- هەڵبەت کچانی فەڕەنسی زۆر لە دڵەوە نزیكتر و خۆماڵیترن، بەڵام کچانی بەریتانی هەر باسی دەستکەوتەکانی بنەماڵەی لۆردیان بۆ ئەکردم و خۆیان بە دابونەریت و ڕەگەز و ڕەچەڵەکیانەوە هەڵئەکێشا. پەح! ئەم بەریتانیانە چەندە خۆبەزلزان و کۆیلەی دابونەریتی ئەشرافیانەی فەرهەنگیانن ... حای! پێم نەوتی جارێک بانگهێشتی میوانییەکی لۆردەکان کرابووم، داوام لە کچێکی جوان کرد و پێکەوە سەمایەکی تانگۆمان کرد. لە دوای سەماکە هەمان پرسیاری لێکردم و منیش وێنەی هەڵەبجە و ئەنفالم لە گیرفان دەرهێنا. ئەزانی ئەنفال چییە؟ بیرت دێ؟

- نا، کامە؟ ئەو کات من سەرباز بووم و دوای ئەوەش بە یەکجاری هاتمە تاران.

تەماشایەکی دەوروبەر دەکا، دەچێتە پێش و بە چپەوە دەڵێت:

- کورە ئەنفال دەڵێم. ئەو سەدوهەشتادودوو هەزار کەسەی سەدامی نەگریس بێسەروشوێنی کردن.

لەپڕ دەکەوێتە بیری کامێرای شاراوە و بێدەنگ دەبێت، ئەو کامێرایانەی گۆرانی یان وڕاوەیەک بە زمانی دایکیش تۆمار دەکەن؛ ئیتر ناڵێت، کچە دڵی پڕ ببوو و بە دەسماڵێکی ئاوریشمینی گوڵدۆزکراو دەنکە

مروارییەکانی سەر گۆنای سڕیبۆوە.

ئاغای ئەمینی سەرەتا بڕوای نەدەکرد کچێکی ڕەسەنی بنەماڵەیەکی لۆردی بەریتانی ئامادە بێت لەگەڵ جێهان‌سێهەمییەکی سەرڕەشی بەڕەڵای بێ‌ئیقامە کە خوا ئەیزانێ لەو میوانییەدا چلۆن ڕێگای هاتنی پێ‌دراوە، سەما بکا و شەراب بخواتەوە، بەڵام کاتێک بینی ئاغای وەک‌مرۆڤ چاو دەبەستێ و دەست دەخاتە دەوری کەمەری دەستە گسکەکە و بە ویرەی ڕیتمێکی بیانی سەما دەکا، بە وتەی خۆی سەمای والْس، تانگۆ و لامبادا، هەروەها یاسای ژیانی ئەورووپییەکان بەجوانی دەناسێ و بەوردی باسی شێوەی چاخواردنەوەی ئێوارانیان دەکا و ئەو خواردنانەی ناو میوانییەکانیان، ئەوەی کە هەموو خواردنێک بێ نان دەخۆن و تێریش دەبن، جا ئەویش بە شامپاینەوە، ئیدی وردەوردە بڕوای کرد کە ئاغای وەک‌مرۆڤ بەڕاستی خۆی لە ئاو داوە و هەوای تەماویی لەندەنی بە چاو بینیوە و ڕۆژنامەشی فرۆشتوە و زۆر بێ‌بەخت بووە کە ئیقامەی پێ‌نەدراوە، ئەگینا ئێستا بۆ خۆی ببوو بە کەسێک، چونکە بەپێی وەسفەکانی ئاغای وەک‌مرۆڤ، لە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراسیدا هەموو کەس وەک‌مرۆڤ دەژین و دەتوانن ببن بە خاوەن دەسەڵاتیش. بۆ نموونە بووکی بنەماڵەی شاژنی بەریتانیا، واتە ئەلیزابێت، کچێکی ئاساییە. جگە لەوەش ئاغای وەک‌مرۆڤ لەگەڵ هەموو کەسێکدا چەند وشەیەک بە ئینگلیزی قسە دەکا و چەند گۆرانییەکی ئینگلیزی وەک خۆی دەڵێتەوە و

مانای هەموو وشەکانی سەر دەزگاکانی بەشی جلشۆرخانە دەزانێت و سەریش لە چۆنیەتی کاردکرنیان دەردەکا.

ئاغای ئەمینی هێندە باسی ئەورووپای بیستووە و ئەم ڕستەیەش کە ئەوان وەک ئێمە نین و بەڕاستی وەکمرۆڤ دەژین کە ناوی هاوکارەکەی خۆی ناوە "ئاغای وەکمرۆڤ".

ئاغای وەکمرۆڤ ویزای شێنگێنی هەیە و هەموو ئێوارەی پێنجشەمەیەک گەشتی ئەورووپا دەکا و لە دوای گەشتەکەی بە قەڵەمێک لە ڕەنگی بۆینباخی ئەو سەفەرەی خانەی پێنجشەمەی تیک لێدەدا، لەناو حەفتەش هێندە کاتی هەیە بۆ بیرکردنەوە لە داڕشتنی گەشتەکەی.

ئەو سەرەتا تەنیا بە تەماشاکردنی کۆلیکسیۆنێک لە خۆشترین شوێنەکانی جیهان ڕازی بوو، بەڵام دواتر دەنگی ئاکاردیۆنی کوڕە قەرەجێکی ڕەشئەسمەری باشوریی بوو کە خولیای سەفەری تێدا چاند.

دەنگی ئاکاردیۆن تۆم وەبیر دێنێتەوە. ئەم هۆڵە گەورە و ڕووناکە کە بە قەد حەوشەی خەستەخانەکەیە، بەم پەردە تۆڕ و ئەتڵەسییانەوە، ئەوەی کە یەکەمجار دەستم ڕاداشت لەگەڵم سەما بکەی. تۆ شەرمێون و لێو بە بزە پەنجە بلوێرئاساکانت خستە ناو دەستم و هەستای. ئا ئا لای ئێمەش هەیە. قەرەجەکان زۆرتر ئەیژەنن. گەڕەکبەگەڕەک دەگەڕێن، لە ناو شەمەندەفەر و پاس، ئەرێ ئاغای ئەمینیش حەزی لێیەتی، بەڵام چونکوو هەموو تەمەنی لە خەستەخانە بووە و وەک من سەفەری نەکردووە، هیچ

بیرەوەرییەکـی ئەوتـۆی لـێ نیـیە. حەح! هەر ئەزانـێ بڵێـت شـەوانی پڕ جـمووجـووڵی کریسمەسـی بیـردێتەوە کە لە فیلمەکانـدا بینیـویەتی. ئەو فیلمانەش هەر خۆم پێمدا، بۆ من؟ مەگەر پێم‌نەوتی؟ ئەورووپای سـەدەی هەژدەهەم و نـۆزدەهەمم بیـر دێـتەوە کە لە نێـو ڕۆمانەکانـدا وێنـا کـراوە. ئەرێ‌وەڵڵا منیش وەک تۆ چاک ڕۆمان ئەخوێنمەوە. ئەو ڕۆژانەی نـایەم بـۆ لای تۆ، دادەنیشم ڕۆمان دەخوێنمەوە. نەوەڵڵا بە زیادم نەکرد، زیادەکاری چـی؟ ئەزانـی ... تـا ئێسـتا پـێم نەوتبـووی کە مـن تـۆم لە یەکێـک لەو ڕۆمانانەدا دۆزیـیەوە. بـڕوات هەبێـت بیـرم نـایەتەوە نـاوی چـی بـوو. بەڵام کڵاوێکی سپی و تۆڕیت لە سەرا بوو. لەبیـرتە چەنـدە سـمێڵی منـت بەدڵ بوو! تو خوا هیچ پیاوێ وەک من سەرنجی ڕاکێشابووی؟ دەی خۆم ئەزانـم بەقوربان. هەر لەبەر تۆ دامدەنا. هـاوین بـوو، جـوان لە بیـرمە، کراسـێکی شـۆڕی چێرەییـت لەبەردا بـوو، چەترێکـی تـۆڕیی هاوینەشـت پـێ‌بـوو، لە ڕەنگی کڵاوەکەت ... ژنی لای ئێمە؟ ئەوە بەڕاستتە؟ جا ئەوان کوا شتی وا ئەزانن؟ بە گیانی تۆ هەر بیریشیان لێ‌ناکەمەوە. هەموویان بوونەتە دایـک و خوشکم. هەسـتم بۆیـان نابزوێـت. ئـای‌ی‌ی باسـی چـیم ئەکـرد؟ ئەرێ دەنگی ئاکاردیۆنی سەر چوارڕێکـان تـۆم وەبیـر دەخـاتەوە. تـۆ بە خشـەی کراسە ئاودامانە حەریرەکەتەوە کاتێ بە پلیکانە مەرمەڕییەکانـدا ئەهـاتیتە خوارێ! لە بیرتە؟ یەکەمجار هەنگاوم خستە سەر ئەو مافوورە سوورانە و تۆ بە ناز و خەمزەوە وەک تاوس بە پیریمەوە هاتی.

ئێواران کە لە کار ئەگەڕێمەوە، کە لە پشتی گڵۆپی سوور ئەوەستم، منداڵە قەرەجەکان ئاکاردیۆن لێئەدەن و گۆرانییەکی ئایینی ئەڵێنەوە، بەڵام من ئێستام بیر دێتەوە، بەم دەستکێشە تۆڕییانەت باسکت گرتووم و لەکاتێکدا کە ئەم جلیقە و پاڵتاو و کڵاو شاپۆیەم لەسەر دایە کە بۆ ساڵیادی لەدایکبوونم بۆت کڕیم، دەستت خۆش بێ زۆرم لێدێ، وا نییە؟ لە سەر شەقامە بە بەرد فەرشکراوەکەی شانزەلیزە پیاسە ئەکەین. نازانم تۆ هەر کوێت پێخۆش بێ دەڕۆین. کە لەگەڵ تۆ بم، بۆ من فەرق ناکا. ئاخۆ تۆ وەک لۆردێکی جەنتلمانی لای خۆتان دەمبینی؟ یان دڵپیسی ناکەی ئەگەر بۆ ئەو ژنە جوان و دەوڵەمەندانە کە لە تەنیشتمانەوە تێدەپەڕێن و «ڕۆژ باش میوسیو»م پێدەڵێن، بەوپەڕی ڕێزەوە کڵاو لە سەر هەڵگرم و «ڕۆژ باش مادمازێل»یان پێبڵێم؟ ئەوانیش دایک و خوشکمن. تۆش ئەتوانی ئاوڕ بۆ ئەو تووتکە تووکنە کورتەپێیانەیان بدەیتەوە کە پاپیۆنی دەوری ملیان لە ڕەنگی جانتا و کڵاوی خانمەکانیانە.

دەنگی ئاکاردیۆن، بەرەو لای تۆم ڕادەکێشێ. ئەو کاتەی کە جێژوانمان لای فۆلکەی گەڕەکێکی ئیتالی دەبەست. تۆ دان بۆ ئەو کۆترانە ڕۆدەکەی کە چواردەوریان تەنیوین. نا، بێخەم بە، کۆتری لای ئێوەش فەرقی هەیە مادمازێل. بۆ هەڵفڕێت؟ من ڕۆژنامە لە مێرمنداڵێکی دەستفرۆش دەکڕم تا هەواڵەکانت بۆ بخوێنمەوە. ئای ئای! چەند جار دەپرسی؟ جا عەیب نییە پاشماوەی پارەکەمی لێوەرگرمەوە لەکاتێکدا کە

جەنتلمانێکم بۆخۆم؟!

بۆ ئەم سەفەرە دەبێ هەموو شتێک ئامادە بێت. تا پێش‌هاتنی کوڕە قەرەجەکە، دەبێ مێزەکە ڕاکێشێتە بەر ئاوێنەکە تا کاتێک مادمازێلەکان بانگهێشتی خواردنەوەی کاپۆچینۆ یان قاوەی ئێوارانی پێنج‌شەمە دەکا، خۆیان ببینێتەوە و چێژیان لێ‌وەربگرێ:

- بێخەم بە مەدام! شەکرم لە قاوەکەم نەکردووە. قاوەی کوردییە بە تامی قەزوان. نەتخواردووە ئەزانم. نا گوڵە گیان، قەڵەو نابیتەوە.

پێنج‌شەمانە دەبێ زوو بگەڕێتەوە و تەماحی زیادەکاری نەیگرێ. دەبێ سەری مێزەکە چۆڵ بکا لە چیلکەی ددان و وردە نان و خاولی و گۆرەوی و شانە. دەبێ بۆنێکی خۆش لە ناو ماڵەکە و جلەکانیدا بپڕژێنێ تا بۆنی ئاودەست و دیوارە شێدارەکان، مادمازێل مۆن نەکا. چونکوو ئاغای وەک مرۆڤ لە ژێرزەمینێکدا دەژی کە تەنیا یەک ژووری هەیە و دەلاقەیەکی بچووک، هەر بۆیەش ماڵەکەی هەمیشە بۆنی شێی لێ دێ.

بە کوڕە قەرەجەکەی وتووە:

- نەخۆشێکم لە ماڵەوەیە و ئەمەوێ هەموو ئێوارەیەکی پێنج‌شەم دڵی خۆش بکەی.

ئاغای ئەمینی خۆی نازانێ تۆنی دەنگی چەندە تاڵ و ناحەزە کاتێک دەڵێ:

- گەر بشمایتایەوە دەبوو هەر وەک ئێرە چڵکی خەڵک بشۆیت. باشی

وڵاتی خۆمان لەوەدایە لە نێو هاوزمانانی خۆتدای. با تارانیش بێ خـۆ هەر لە کاتی تەنگانەدا بە فریات ئەکەون.

تاڵی و تۆنی دەنگی ئاغای ئەمینی تێکەڵاوە لەگەڵ ترس لە کامێراکان و بۆنی زەرداو و خوێنـاوی جـل‌شـۆرخانە. هەمـوو ئەمـانە وا لە ئاغـای وەک مرۆڤ دەکەن کە لەجیاتی ڕۆییشتن بۆ میوانیی دەوڵەمەندەکان، بڕوات بۆ کڵێسـەیەک و لە نێـو تـابووتێکی پـڕ لە گـوڵی مـریەم ڕاکشـێ و زنجیـری ملوانکەی مەسیحی لەخاچ‌دراو بئاڵێنێ بە دەوری پەنجەکانیدا و...

تۆ چیت داوە لە نیشـتمانی مـن مادمـازێلەکەم؟ بـۆچیتە باسـی وڵاتـی خۆمت بۆ بکەم؟ لێی‌گەڕێ با سەماکردنت لە بیـر نەچێـتەوە. تـۆ حەزت لە پیاوی ڕۆژهەڵاتییە، سمێڵ ئەستووری ڕەش‌ئەسمەر و تەواو...

ئاغای ئەمینی نـازانێ لەو کـاتەدا دەنگـی ڕێـک لە نەڕەی شـۆفێرێکی میـــوەفرۆش دەچێـــت کە بە وانێتێکـــی داشـــقەوە هەر لەو ئێـــوارەی پێـنج‌شـەمەیەدا هاوکـات لەگەڵ کـوڕە ژەنیـارەکە دەگـات و بە هاوارهـاوار سەفەرەکەی لێ تێک دەدا.

کەچی ئاغای وەک‌مرۆڤ بیری لە هەموو شتێک کـردۆتەوە. بەو پـارەیە کە لە بابەتی هێنانەوەی کچی دوکتۆر موڕادی لە قوتابخـانە وەریـدەگرێ، شـــۆفێرەکەی ڕازی کـــردووە کە تەنیـــا لەو یەک ســـەعاتەدا بەو کـــۆڵانەدا تێنەپەڕێ و بەو پارەیەش کە لەبابەتی بردنی کچی دوکتۆرێکی تر بۆ وانەی ئینگلیزی وەری‌دەگرێ، کوڕە ژەنیارەکەی ڕازی کردووە. ئەشزانێ دەرفەتی

کەمە و یەک سەعات سەفەر بۆ ئەورووپا بایەخی ئەوەی نییە کە کاتی خۆی بە سەیرکردنی شێت و بەڕەڵاکانی سەر شەقام و هەژارانی ناو جۆگەلەی گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئەو وڵاتانە بە فیڕۆ بدات. ئەگەر زانیبای ئاغای ئەمینی بە چی ڕازی دەبێ تا تاڵییەکانی نەڕژێنێتە نێو سەفەرەکەیدا، بێگومان ڕازیی دەکرد. هیچی پێناکرێ جگە لە کاوێژکردن و دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەم قسانە کە:

- باشییەکەی لەوەدایە هێندەی زەحمەت و ئەرکت پارە وەردەگری و دڵەڕاوکێی دەرکردنت بەردەوام لەگەڵا نییە و ئەو ماڵیاتەش کە ئەیدەیتە حکومەت ئەزانی لەپێناو ئارامی و ئاسایشی خۆتدایە و...

کتوپڕ ئەکەوێتە بیری کامێرا شاراوەکان و بەمشێوەیە پاساوی قسەکانی دەداتەوە:

- لانیکەم ئەتوانی لە پشووی شەممە و یەکشەماندا بچی بۆ وڵاتێکی دراوسێ و تەماشای سەمای دۆلفینەکان بکەی.

بە وەبیرهاتنەوەی تۆنی دەنگی ئاغای ئەمینی، ئاغای وەکمرۆڤ ناوێرێت خانمێک بانگهێشت بکا بۆ کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست بۆ مەلەکردن و داوای لێبکا لە تەنیشت یەکەوە لەبەر هەتاو ڕاکشێن، یان کاتێک بە ڤۆدکاوە سەرخۆشە و لە گەرمەی سەمای توندی لامبادایە، وای لێدەکا کە بە مادمازێل بڵێت:

- ببورە مادمازێل، تکایە لەگەڵ کەسێکی تر سەما بکەن ... من ئیتر

ناتوانم.

هەندێکجار بە لاچاوەوە سەیری خۆی دەکا کە بەوپەڕی ڕێزەوە قاوە بۆ مادمازێلێک تێدەکا و دەڵێت:

- لەم کێکەش نۆش بفەرموو مادمازێلەکەم، تایبەت بە ئێوە، ڕژیمیسازکراوە و گوێزی هەورامانیشی تێدایە.

لەناکاو قسە تاڵەکانی ئاغای ئەمینی بیر دەکەوێتەوە. بۆنی ئاودەست و دیوارە شێدارەکان بەرز دەبێتەوە. ئەوجار هەست دەکا لە نێو گوارە و لە نێو گوڵی سەر سینگی مادمازێل یان لوولی پرچەکانیدا کامێرای شاراوە هەیە و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئێران، حوکمی دەرکردنی لە خەستەخانە دەرکراوە و دۆسیەیەکی قەبەشی بۆ چێکراوە.

با هەر بڕیسێ بۆ خۆی ئاغای ئەمینی! چۆن ئەبێ ئەو چاوە گەشە شینانەت بەڵێنیان لەگەڵ پاراستنی خەستەخانە دابێت؟ چووزانم. لەسەرێکیشەوە خراپیش نالێ. لە خوایانە بیانوویەکمان بۆ بدۆزنەوە و ڕەسمیمان نەکەنەوە. کەس سەر لە کاریان دەرناکا، ئاخر ... ئا ئا منیش ئەوەم پێگوت، لە پێناوی چی؟ تۆ قەد وا پەروەردە نەکراوی. ئەڵێ ڕەنگە ئەو قۆپچەیەت وا خەتی نێو سینگتی لە من ئەشاردەوە، قۆپچە نەبووبێت، بەڵکوو کامێرایەکی شاراوە بووبێت! باشە مەگری، ببوورە ... تازە ئەمڕۆ درەنگە و دەرفەتم نەماوە، بەڵام بەڵێن بێت پێنجشەممەی داهاتوو بتبەم بۆ کۆشکە سەهۆڵییەکەی باکووری سوید، باشە؟ ئیتر مەگری، بڕوام

پێ کردووی.

بەڵام مادمازێلی نێو خەونەکانی کاتێک لە سەمای تانگۆدا خۆی بە ئامێزی ئاغای وەکمرۆڤدا هەڵدەواسێ و وەک دوو مراوی ئاشق لە ناو جەرگی سەماکەرانیتردان و لەکاتێکدا کە گشتیان چاویان بڕیوەتە ئەوان و هەڵمی هەناسەی مادمازێل گوێی نەوازش دەکا، ئەو بە نوێنەرایەتی مێژوویەکی چەوسێنەرەوە سەبارەت بە پەیمانی لۆزان داوای لێبوردن لە ئاغای وەک مرۆڤ دەکا.

- ئاخ مادمازێلە چاو ئەستێرەکەم! ڕەنگە تۆ بتوانی ببی بە نوێنەری دەسەڵاتی وڵاتەکەت، بەڵام ببوورە، من بە تەنیا ناتوانم.

دەشزانێ لە میوانییەکی لەم شێوەیەدا، دەبێ قسەی عاشقانەی بۆ بکا و بزە لە سەر لێوی نەکوژێت، بەڵام بیر دەکاتەوە کە:- ئەی کەنگێ ئەم گلە و گازندانەیان لێبکەم؟

ئەم سەفەرە بە چوونی کوڕە لەو کۆڵانەدا کۆتایی پێنایە. کاتێک ئاغای وەکمرۆڤ پارەکەی پێدەدا و پاقییەکەی لێوەرناگرێتەوە، ئیتر ناشگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکوو ئاغای ئەمینی لەوێیە و لە سەر کورسییەکەی ئەو دانیشتووە و لە وەڵامی پرسیارەکەی مادمازێلدا کە لە کوێوە هاتووە، باسی ئازایەتی هەخامەنشییەکانی بۆ دەکا کە حکومەتی مادەکان دەشکێنن و تەختی جەمشید دادەمەزرێنن و وێنەی شوێنە خۆشەکانی ئێرانی پیشاندەدا و بگرە تەنانەت چەند وشەی فارسی

سـەبارەت بە خۆشەویسـتیش فێـری مادمازێـل بکـا! ئەوجـار مـادامی وەجاخزادە، دەسماڵە ئاوریشمینە گوڵدۆزکراوەکەی لە گیرفان دەردەهێنێ و لە بەر دەم و لووتی دەیگرێت تـا بـۆنی دیـانە زەردەکـانی ئەو پیـاوە دڵـی تێـکنەدا! ڕەنـگە خەریـکە بە بەرپرسـی خەسـتەخانەکە و سیسـتەمەوە هەڵدەلێت، ئەگەر قۆپچەی کراسەکەی مادمازێل کامێرا بێ، ئەوە هەر زۆر باشە، ئیتر بەبێ هـیچ پـرس و پرسـیارێک ڕەسـمیی دەکەنەوە و لەوانەشـە بیکەن بە بەرپرسی ئەویش.

دەزانـێ گەر بچێتەوە بـۆنی دیـوارە شـێدارەکان دەسـتپـێدەکـاتەوە و کـاتێکیش مێـزەکە دەخـاتە سـەر جێگـای خـۆی، لە ئـاوێنەدا پیاوێـک دەبینێتەوە کە لێی دەپرسێ:

- بۆ خۆت لە ئاو نەدا؟

ئەوجار ناچارە گرێی بۆێنباخەکەی شل بکاتەوە و بڵێت:

- ترسـام بخنکـێم. ئەزانـی خـۆ چەنـدە بە چەرمەسـەری گەیشـتوومەتە ئەوێ ، ئەشـزانی پۆلیسـی تورکیـا چەنـدە بـێڕەحـمە. بیسـتبووم هەر کەسـێکیان بەر چـاو بـکەوێ تەقەی لـێدەکەن. بە چەرمەسـەری گەیشتوومەتە ئەوێ.

- بەڵام زۆر کەسیش خۆیان لە ئـاو دا و گەیشـتنە وڵاتێکـی ئەورووپـی و ئیقامەشیان وەرگرت و...

- ئەزانـم، بەڵام قاچاخچییەکـان هەمـوو پارەکەیـان خواردبـووم. نە لە

زمانی کەس تێئەگەیشتم، نە مەلەشم ئەزانی. جا چی لە گیان شیرینتر هەیە؟

لەگەڵ کوڕەکە خۆی لە حەشیمەتی شەقامەکان ون دەکا و لەکاتێکدا کە تامی قاوە و قەزوانی ژێر زمانی دەهێنێ و دەبا و بەخۆشی ڕەنگی بۆێنباخەکەی و بۆنە خۆشەکەیەوە، دیسان پێیوایە کە لە شەقامیشانزەلیزەی سەدەی نۆزدەهەمدایە و ئەو کچە چارشێو لەسەرانە، هەمان ئەو مادمازێلانەن و لێوی سووریان لە ژێر تۆڕی تەنکی ئاوێزانی کڵاوەکانیاندا دەبریسکێتەوە و ئاگری تێبەردەدا، جا با ئاغای ئەمینیش هەر بڵێت ... یان شۆفێری بارهەڵگرەکە هەر هاوار دەکا:

- بایجان ... تەماتە ... پەتاتە.

یان بۆنی ئاودەست و دیوارە شێدارەکان هەموو ئەو وڵاتە بتەنێتەوە.

□

٢٠١٣

# جێژنێکی دووقۆڵی

لێم نزیک دەبییەوە، بەو حەریرە بێقۆڵە سپییەتەوە وا کراسی بووکێنیت بوو، کڕیمان بۆ جەژنی دەسپێکی ژیانی هاوبەشمان، جەژنێکی دووقۆڵی. وەک ڕۆبۆتێکی تەمەڵ بەڵام مەست، کە جێگا خۆش دەکەی و کورسییەکە دەخشێنیتە پێش، دەندووکی کەوەکەم دەنووسێتە مانیتۆرەکەوە، تەنیا بۆ چەند چرکە... دەڵێی ئێستا سەد ساڵی ترە و تەکنۆلۆژیا پێش کەوتووە و من دەتوانم وەک جاری جاران دەندووکی کەوەکەم بگووشم و قیژەیەکت لێ هەستێنم کە زیاتر لە ناز دەچێ شادی، لەو نازانەی کاتی ڕامووسان کە هەستی بەرپرسیارەتیمی بۆت زیاتر دەکرد و بێگوناحیی تۆشی بۆ من، بەرپرسیارەتیم بۆ هەموو شتێکت، بۆ داهاتووت، بۆ کەمبوونی ئاسن و کەلسیۆمی لەشت وا قژەکانتی هەڵدەوەراند، بۆ ئەو ڕوانینە پیس و کڕیارانەی کوڕەکانی دانشگا بۆ تۆ وا تەنیا لە شەکیبدا نەبوو، بۆیە ئێستا شەکیبم پێ تەحەممۆل دەکرێ، بۆ...بۆ شەونخوونییەکانی کاتی تاقیکاری، پەیتاپەیتا قاوەم بۆ ساز دەکردی، ئەوەی کە خاڵە گرینگەکانم دەستنیشان دەکرد و هەر

ئەوانەمان دەخوێند و قەبووڵ دەبووین، هەر لەبەر خاتری تۆ بوو شادی، کەچی پێم گوتبووی بۆ هەڵاتن لە زەبری باوکم هاتوومەتە دانشگا و تۆش بڕوات کردبوو، بەڵام ڕاستییەکەی لەبەر خاتری تۆ بوو شادی، کوا لەو بەقوڕێ‌گیراوە دەمانتوانی پێکەوە بژین؟ دەمانتوانی؟ خۆ پیاو ناکرێ هەموو شتێ بە ژنەکەی بڵێ دەکرێ؟ کەوەکانم ئۆففف کەوەکانم... دەستیان پیا دێنم بەڵام سەدساڵی‌تر نییە و دەستەکانم تۆز دەیگرێ.

جۆرێك کامێراکە میزان دەکەی کە ڕوومەت و شان‌وملتم لێوە دیار بێ. کەوەکانم دەخەیەوە نێو قەفەسەوە، چەند نامۆ بووی شادی! دەڵێی نازانی قاسپەقاسپیان دەبیستم، گوێچکەکانم گەرم دادێ و خەم و گەرما ڕۆدەچێتە نێو لەشمەوە و بەتەواوی داگیرم دەکەن. ئەم کارە چی بوو کردت شادی؟! ئێمە خۆ خەریکی ژیانی خۆمان بووین.

- چەند گەش‌بینی بە ئیقامە گرتنت گوڵم؟

پێدەکەنی، پێکەنینت ورد دەبێ و زاری کراوە و چاوی بەستراوت قەتیس دەبێتە سەر مانیتۆرەکەدا:

- لە دوای ساڵێک زیندانی و "ممنوع‌الخروجی" و تێپەڕین بەو هەموو دەریا و دارستانەدا وەڵڵا دەبێ ئیقامەتەکەم لە پێش خۆم دانرابێ.

چاوت دەکەیەوە و باسکت دەنووسێنی بە کامێراکەوە، جێی ددانە نارێکەکانم دەناسمەوە لە سەر باسکت کە بازنەیەکی خواروخێچی ساز کردووە. لە نێو بازنەکەدا وێنەیەکی بچووکت کێشاوەتەوە، وەک وێنەکانی

یاهوو مەسەنجەر، یانی ئەوە منم ڕیچم بردۆتەوە و دوو برۆی ئەستوورم هەیە، تۆ ئەو برۆیانەمت خۆش‌دەویست شادی، بە کچەکانی دانشگامان وتبوو لای ئێمە ئیجازەی ڕوومەت گرتن تەنیا بۆ بووکێنی دەدرێ، ئیتر با پارێزەر یان دوکتۆر بی، کچەکان پێدەکەنین و تۆ زۆرترت خۆش‌دەویستم. دەڵێی:

- هەموو جار کە لە حەمام دێمە دەرەوە، جێی دیانەکانت بە ماژیک پڕڕەنگ دەکەمەوە.

- بەڵام خۆ دەبینی برۆیان ناسک کردوومەتەوە، بە دەستووری دشی بەڕێزم.

نزیک دەبمەوە و چاو دەبڕمە کامێراکە تا ئەم شکستە، ئەم بچووک بوونەوەیەم ببینی کە خەڵک پێی دەڵێن دامەزران و تۆی خائینیش پێی دەڵێی "درێژەدانی ڕەوتی پێویستی ژیان".

نزیکت دەبمەوە و نزیکم دەبییەوە، دەندووکی سووری کەوەکەم لە یەخەی کراسەکەت دەردەپەڕێ و ئاورم تێبەردەبێتەوە.

- وەی ی ی ی کە ناسکە نەکەی کیسەی بکێشی و بیقرتێنی، دیارە دشە گیان فێری خەتی چاوکێشانیشی کردووی، کەچی پێم وانییە کاری خۆت بێ.

- با... کاری خۆمە شادی، ئێستا ئیتر دەتوانم... دەنگم دێ؟

- ئەرێ، دەی...

- ئەڵێم ئێستا ئیتر دەتوانم ئەو نیگەرانییە هەمیشەییە بۆ کێشانی خەتی چاو هەست پێ‌بکەم، منیش ئەو نیگەرانییەم هەیە بە جۆرێ، یا ڕەنگە چۆن ڕانەهاتووم بەم جۆرە ژیانە هێشتا...دەزانی ئەو هەموو سەرنجە تەنیا بە یەک چاو ناکرێ، ماندوو دەبێ چاو، کە ماندووش بێ دەترووکێ لامەسەب، کە بشترووکێ خۆ دەزانی چ کارەساتێ ڕوو دەدا، پیاو دەکاتە گورگ! چاویش نەترووکێنی ئەو نیگەرانییە حیزە چاو وە پرتەپرت دەخا، وەک پڵیتەی بێ نەوت!

پێدەکەنی و دەنگت ساف دەبێ، دەڵێی ئینتێرنێتیش دەفامێ و کە قسە لە سیاسەت نەکەین ناو چاومان لێ‌دەکاتەوە، دەڵێی:

- خەتی چاو کێشانی منیش وەک کارە گرینگەکانی ژیانم وایە، لە سەرەتاوە باش دەست پێ‌دەکەم، بەڵام وەختایەك دەگەمە نیوەی، بۆ تەواوکردنی دەستەوەستان دەمێنمەوە، ئەو خەتی چاوە لاستیکییانەش زۆر قۆڕن و لە ئێرەش پڕە! هەر بەشی نیوەی سەر چاو دەکەن بەزیادم نەکرد، ئەلۆ...ئەلۆ.. دەنگم دێ؟

- ئەرێ، ئەرێ حەح کە جوان پێکات شادی! وامزانی هەر بۆ من وایە. دەزانی چییە؟ کێشە ئەوەیە خۆت گوتەنی تا نیوەی سەر چاو باشن، بەڵام ڕێک لەو نیوەیەدا تەواو دەبن، دوایی کە تازەی دەکەیەوە ئیتر ئەستووریی خەتەکە تێک دەچێ لە پیاو، نازانی دەبێ باقییەکەی چی لێ بکا؟ باریک بێ؟ ئەستوور بێ؟ یا هەر نەبێ! لە ئاخرا دەبینی وەک نەوار قەلبی

لێهاتووە، پەح کە قۆڕە!

وەک هەمیشە گیرم داوە بە دیالۆگێکی بێمانا، بۆ ئەوەی پێ بکەنی و من باسە گرینگەکانی ژیانمت بۆ نەکەم.

بەدەم پێکەنینەوە دوور دەکەوییەوە لە کامێراکە، بۆ ئەم جلەت لەبەر کردووە شادی؟ بۆ هێندە بێڕەحمی و وا ڕێدەکەی؟ بۆ کێو و دەریاکانی نێوانمان ناژمێری و لارولەنجەتم پیشان دەدەی، بۆ؟

مۆسیقایەکی ئارامت گرتووە و تەقەی قاپ و قاچاخت دێ. وەک ڕۆبۆتێکی مەست بەرەو لای خۆم دێیتەوە، ئەمڕۆ ئینتێرنێت چەند میهرەبانە! پەرداخێکی چینی لە سەر مێزەکە دادەنێی و کورسییەکە دەکێشیتە بەردەمی خۆت، کەوەکەم لە یەخەی ئاوێزانی کراسەکەتەوە دەردەپەڕێ و دەیهەوێ خۆی بخاتە ناو مستمەوە، ساویلکەیە کەوەکەم و نازانێ تەکنۆلۆژی چییە و سەد ساڵی تر کەیە، نازانێ چاکخوازی چییە و زیندان و مافی تەڕەماش و هەندەران و ماڵوێرانی من یانی چی؟ جا بۆ مەگەر تۆ دەزانی؟ ئەو تەنیا زمانی تاسە و تامەزرۆیی دەزانێ و من وەک قەیسییەکی تەواو پێگەیشتووم. هێند بێقەرارە تەنیا سەرپەنجەیەکی بەسە تا خۆی بخاتە باوەشی خاکەوە. سەرپەنجەکانم دەخەمە سەر دەندووکی کەوەکەم و دەگەمە لووتکە، ئای... ڕاحەت دەبم، تۆ، لووتکە، کەوەکانم...

چ سێحرێک لە سەرپەنجەکانی تۆدایە شادی کە لە هی خۆم و

شەکیبدا نییە؟ کە بە سەرپەنجەکانت دەگەیشتمە لووتکە هەڵدەفڕیم، دەبووم بە پیاوێکی باڵندە، بە هەڵۆ. ئەرێ هەڵۆ، دنیا ئەبوو بە نێچیری من تەنیا بۆ ئارامشی تۆ. بە دەستەکانی خۆم بەڵام، پێش ئەوەی بە لووتکە بگەم، هەر لەوێشەوە دەبینم دنیا چەند بێڕەحمانە بێمانایە، کاتێ چاو دەکەمەوە و دەبینم تۆ تەنیا خەیاڵێکی و نازانم کەی شەکیب بوورسی دوکتۆرا وەردەگرێ و پێت دەگەمەوە؟ تکایە مەپرسە ئەی دەستەکانی شەکیب چی؟ خراپترن لە هی خۆم... بارستایی دنیام بۆ سووک ناکاتەوە هیچ، قورس‌تریشی دەکا، بۆیە وەک ماست وام، سارد و سڕ و داڕماو!

بەڵکوو ئەم جگەرەیە فریام کەوێ، بە هەر مژێکی جگەرەی دوا ڕاحەت‌بوون، بە دەستی خۆم بێ یا شەکیب فەرق ناکا، قەوارەیەکی زۆر لەو بێمانایییەی جیهان فڕێدەدەمە دەرەوە و بۆ تاوێک لە کۆڵم دەبنەوە ئەو نیگەرانییانەم: دووریی تۆ، ترسەکانم تەنانەت، ترس لە داهاتوو و ئێستام کە نازانم دەبێ چۆن بژیم لەگەڵ شەکیب؟ چۆن دەتوانم دوایی کە بە یەکتری گەیشتین، پێی بڵێم چی تر کارم پێت نەماوە شەکیب دەتوانی بڕۆی بەدوای ژیانی خۆتدا!

دڵم پڕ دەبێ شادی، ئێستا لەو کاتانەیە کە وەک جاران پیاو بووم و فرمێسکەکانم لێ دەشاردیتەوە، بۆیە دەبێ کامێراکەم بکوژێنمەوە، تۆ هێشتا بزەت لە سەر لێوە و بۆنی خۆشت ماڵەکەمانی هەڵگرتووە شادی، بریا شەکیب تا چەند ڕۆژی تر نەهاتایەوە، بریا بمتوانییایە وێنەیەکی

ڕووتــت لە ســەر دیــوارەکە دانابــایە شــادی، ڕێــک لەجێــی ئەو وێــنە هــیچوپــووچەی زەماوەنــدەکەمان، تــۆ بەڵام هێشــتا لە نــاو بــاخی خەتــی چاوەکەتدای:

- دەزانی یەکەم ژنێ کە زانی گەر نووکی خەتــی چــاوەکەی لە دواییــدا بەرەو سەرەوە بکێشێ، چاوەکانی وەک گورگی لێ‌دێ، چــۆن بەم جــۆرە لە جوانیناسی گەیشت؟

دەترسم شتێک بڵێم و هەست بکەی ناخم گیراوە، من هێشتا پیاوم بــۆ تۆ شادی، چاو لەم برۆیانەم مەکە باریکم کردوونەتەوە، خۆت دەزانی لەبەر خاتری قسەی خەڵک، بــاوکم... لە بیــرتە چ بەزمێکــی پــێ‌گێــڕاین؟ نــازانم چۆن چۆنی بیستبووەوە؟ خۆ تەنیا گومانی لەســەرمان بــوو و بە وردەکــاری ژیانمانی نەدەزانی.

ئێستایە کە دەبێ بنووسم نەفرەت لە کەوەکانــت وا دەنــدووک لە نــاخم دەگــرن، لە تــۆی خــائین وا دڵنیــام بەرگەی ئەم غــوربەتە نــاگری و پشــت دەبەستییە نێرەکەرێکی تووکنەوە، ئاخر ژنان وان. یەعنــی خەتــای خــۆمە، لەم چەند ساڵەدا گەورەم کــردی، لە نێــو پەڕی گوڵــدا خەوانــدمی شــادی، وەک سەگ لە دەرەوە کارم کرد تا تۆ نەچیتە بەر دەستی ئەو نێــرە زۆڵانەی بازاڕ وا بە ناوی خاوەن‌کار شــیرەی گیــانی ژنــان دەمــژن، بــۆ مەگەر چەنــد شــادی هەیە لە مــن تــێ‌بگــا؟ کە نــاخم دەگیــرێ پاســوورم لەگەڵ بکــا؟ هەرچەند دەزانم لە منی باشتر دەکەی بەڵام لەبەر دڵی من دەیدۆڕێنی...

ژنانەتیم پێویستە شادی، بریا شەکیب تۆزێ ژن بوایە، بریا هێنـدە تـووکی پێوە نەبوایە... هەست بە خنکان دەکەم شادی. بریا ئێستا ئینتێـرنێتەکەم تەواو ببوایە یان هێندە بوێر ببوایەم و پیاوانە دیسـکانێکتم کـردایە و تـۆش بەدەم قاوە خواردنەوە شانت هەڵتەکاندایە و بتگوتایە:

- بەزیام نەکرد ئینتێرنێتی ئێرانە ئیتر چی لێدەکەی!

منیش وەک پیاوی خەسیو، پیاوی خەیانەتلێکراوی داڕما و سـەرم لە نێو جلەکانت بخستایەتە و دەستم بکردایە بە هەنیسکەهەنیسک دان.

- ڕەنـگە دیتبێتیـان کە وەختانێـك پیاوەکـان گورگێـك دەکـوژن و دەیهێنـنەوە مـاڵەوە، بە شـانازییەوە دەڵـێن: واای چـاوی چەنـد جـوانە لامەسسەب! ئەلۆ..ئەلۆ وێنەکەت نەما، ئەی دەنگم هەیە؟

دەنووسم:

- ئەرێ.

دەڵێی:

- دەی باشە ئێستە باسی ژیانتم بۆ بکە تازەبووک!

دەنووسم:

- خەریکی ئەو کارانەم کە تۆ دەتکرد، سفرەی درێژ ڕادەخەم بـۆ میـوان و... بەڵام بەردەوام فەڕەنسییەکەشم دەخوێنم.

دەڵێی:

- کەوایە ئاخری بووی بە ژن.

دەتریقێیتەوە، من ئەم مەتەڵەکە بە دڵ ناگرم، لە ئاخری ئەو قاقـایەت، تۆنی دەنگت دەگۆڕدرێ شادی، منـداڵ دەبیـیەوە، لەڕاسـتیدا تـۆ بـۆ مـن قەت گەورە نابی، پێکەنینەکانت گرێ لە کێشەکانی ژیانم دەکـاتەوە وەک ئێستا کە دەنگم دەکاتەوە.

- بەڵام زۆر سەختە شادی تۆ بڵێی بتوانم تەحەممول بکەم؟ خۆ لەگەڵ کاری نـاو مـاڵ و چێشـتلێنانـا کێشـەم نیـیە، بۆخـۆت دەتگـوت چێشـتی دەسـتی پیـاو تـامێکی تـری هەیە! حەح خـۆ هەر ئەوە نیـیە کچـێ هەمـوو قسەکانتم لەبیر ماوە، منی بێمێشکی فەرامۆشکار هەموو هەڵـسوکەوتـی تۆم لەبیر ماوە.

ئێستا نۆرەی تۆیە کامێرا بکووژێنیتەوە و بۆم بنووسی: ئەزانم... ئەزانم

- یەکەم ڕۆژی ژیانمـان دایکـم تەلەفـوونی بـۆ کـردم و هەر درێـژەی بە چـاکوچۆنی دەدا، منـی گەمـژە نەمـدەزانی مەبەسـتی چیـیە؟ تـا دوایـی پرسی چیتان کـرد؟ دەسـماڵەکە... کە چـاوم کەوت بە جلـی بـووکێنیم لە سووچێکی ژوورەکە و ویرەویری گۆرانـی شەکیبم لە حەمامـدا بیسـت، تـازە زانیم چی قەومـاوە! گـوتم: وەڵـڵا هـیچ دایە گیـان تەختەمـان کـرد و ٣-٢ بردمەوە! وایدەزانی گـاڵتەی پـێ ئەکەم. هاهـا فەقیـرە! دە لایـبە ئەو وێـنە منداڵانەیە وەک بەشەر کامێرا بکەوە بزانم چی ئەڵێی؟

بە لووتی سـوور و چـاوی ماسـیوتەوە دێیـتەوە بەر کـامێرا، جـگەرەیەک دادەگیرسـێنم و دووکەڵەکەی حەڵـقە حەڵـقە دەدەمە دەرەوە بـا حەزی

پێ‌بکەی، وەک جاران، وەک زۆربەی ئەو کارانە وا مـن دەمتـوانی بـیکەم و تۆ نەتدەتوانی.

- دەتوانم تکایەکت لێ بکەم؟

چەند نامۆین بۆ یەکتر شادی! تۆ جیدییەتت لێ‌نایە نـا، تـۆ دەبـێ هەر پێبکەنی و من بیرم بچێتەوە خۆم خسـتۆتە چ گێـژاوێکەوە، دەڵێـی لەگەڵ پارێزەر یا وەرگێڕەکەتدا قسە دەکەی.

- تۆزێ ژن بە بۆ شەکیب باشە؟ بهێڵە با قژت درێژ بێـتەوە، دامەنـی بـۆ لەبەر بکە، ئەویش پیاوە، مرۆڤە... حەزی لێیە.

- پێویست ناکا مافی مرۆڤم بیر بێنیتەوە، قسە بکە بـزانم دەتەوێ چـی بڵێی؟ کێت ساز کردووە؟

- نـا بە گیـانی تـۆ مەبەسـتم ئەوە نیـیە، بـۆ هێنـدە ڕەش‌بینـی؟ تـا ئەو جێـیەی لەبیـرمە لە کوڕەکـانی دانشـگا هەر ئەوەیـان بەکەڵـک دەهـات و خۆشیشی دەویستی، ڕاستە کە هیچی لێ‌نایە فەقیرە، بەڵام خۆ هەر مرۆڤە و هەستی پیاوانەی دەجووڵێ.

قسەکانت جووجەڵە نەرم و گەرمەکانی شەکیبم وەبیر دێنێتەوە.

- شادی جووجەڵەکانی منداڵیمان لە بیرە؟ کامەیان هی تۆ بـوو؟ ئەلـۆ شادی؟

دەنووسی سوور، سوورەکە بە فۆنتی سوور دەنووسی.

- ئەهـا ئەتـوت بـۆ ئەوان مـێش وەک بـرینج و خۆرشـتی خۆمـان وایە!

چەتیوە  برینج و خۆرشتیشت لەبەر چاوم خست! من ئەو کاتەش پیاو بووم با بزانی ها، باوکیان بووم و تۆ بەو جیکەجیکەتەوە ژنم بووی. ئێستاش شەکیب هەر ئەو جووجەڵانەی پێیە، دوو جووجەڵەی نەرم و گەرم و بێ‌گوناح! بە شەرەفم شەوانە تا نەیانخەمە ناو دەستمەوە خەوم لێ ناکەوێ.

دەنووسی:

- باشە خێروبێری شەکیبت پێ دەگا و ئیتر بیری من ناکەی.

- ئا.. بۆ خۆیشی وا ئەڵێ، کچێ نازانی لە بازاڕدا چۆن دەست لە ناو دەستی یەکا پیاسە دەکەین و خزم و کەس‌وکار پیرۆزباییمان لێ ئەکەن! وائەزانن ڕاستە! بەڵام خوا هەڵناگرێ خێروبێری شەکیب زۆرە، ئیتر وەک سەگ کار ناکەم و باوکم وازی لێ‌هێناوم، ئەمساڵیش دۆسیەی بوورسەکەی تەقدیم ئەکا و...

دەچیتە نێو خەیاڵتەوە، چەپکە قژێک دەگری و دەیئاڵێنی بە دەوری قامکتدا، دیسان پەنا دەبەم بۆ دیالۆگی بێمانا، تۆ هەر لە فکردای و دەزانم دوایی کە فکرت ئازاد بوو دەچیتە بەر ئاوێنەکە و وەک دەسکەوتێکی گرینگ لەو ڕامانەت تەماشای لوولیی سرۆشتیی قژت دەکەی و گەزگەز باڵای پێ‌دەکەی.

- چیتە گوڵم؟ خەمی شەکیبتە؟ گەمژە گیان خۆ بگەمە لای تۆ بە یەکجاری لێ‌ناگەڕێم، هەر هاوڕێمان دەبێ، لەو وڵاتە کەسێکی وامان هەر

پێویستە، وەک جاران کە لە زانکۆ بووین.

"- بریا...بریا هەرنەهاتمایە، جا چییان لێدەکردم خۆ نەیاندەکوشتم، دەمانتوانی بە بۆنەی خوێندنی دۆکتۆراوە هەر نەچووباینەوە و پێکەوە بژیابااین...نە من بەم ژیانەم ڕادێم و نە تۆش! لە هەر دوو لاوە تێیچەقیوین.

- ئەمە پەندی تۆ بوو خانم! ئەو کاتەی خەتە چاوەکەت گرتە دەست ئەبووایە ئەم ڕۆژەشت بە چاو بدیبایا! تا نیوەت کێشاوە و نازانی چۆنی دوایی بێنی؟ بەرەو سەر بێ یان بەرەو خوار؟ خۆزگە هەر ئەوە بووایە، خۆ ئەبینم پەشیمان بوویتەوە! ڕاستە کە حەزت لە منداڵ بوو بەڵام خۆ ئێرە فەڕەنسە نەبوو، بوو؟ باشە بۆ چیمان بوو بزانین لەم هەڵبژاردنە نەفرەتییە کێ دێتە سەر دەور؟ دەی فەرموو بزانە چۆن هەر بە شەوێک دەنگەکانتان نوقم بوو و کەسی خۆیان دانا! دەنگی تۆی خائین بە کوێ گەیشت ها؟ ئێمە بەلای ناخێرمانەوە مافمان خوێندبوو، خۆ لە بیرتە چەند پێدەکەنین بە خاڵە یاساییەکانی ئەم وڵاتە! لە مافی خۆمانەوە بگرە کە ژن بووین، کەچی من هەر پیاو بووم، خۆ لەبیرتە، ئێستەش پیاوم، سەعاتی دوازدەی شەو زبڵەکانم لە دوو کۆڵان خوارترەوە دادەنان و نەمدەهێشت بۆنی زبڵەکانت بە سەردا بێ...شادی... ئەلۆ...

دەنگی کلیلەکەی شەکیب دەبیستم و خێرا دیسکانێکت دەبم، با تۆ هەر نەزانی کە شەکیب چۆن وەک گەمژەیەك دڵی بە من خۆش کردووە،

با شەکیب نەزانێ چەند بێزارم لەم هەموو داشاردنە، لەم وڵاتە لەم شارە کە تۆی تێدا نیت، لەم ماڵە...با نەزانم چەند پێویستت پێمە و چەند دوورم لێت و چەند سەختە یاری کردنی دەورێک کە پڕ بە پێستی خۆت بوو و من وێنام نەدەکرد ڕۆژێک لەڕۆژان من بێمە جێی تۆ و شەکیب بێتە جێی من.

□

٢٠١٥

# تارمایی خێڵی مرۆڤەکان

جەلال پەردەیەکی پڕ تـاقەتە، هەڵـمواسـیوەتە بەر دەرگـای ماڵەکەمانـدا، شۆڕ و ئەستووره، ناهێڵێ تەپوتۆزی دنیای مرۆڤەکان بێتە ماڵەوە، کەچی هێـزی جـارانم نەمـاوە و درەنـگ درەنـگ ئەیشـۆم، بەڵام قەت لە بـۆنی جگەرەی کاک سمایل و شەریف زیز نـابێ، کاریشـی بە شـەڕ و ویتەویتـی منداڵەکانەوە نییە، ڕەنگە لەبەر ئەم پڕتاقەتییەیە نارین عاشقی بووە، کچان ئـاوان، حەزیـان لە پیـاوی بێـدەنگ و پشـوودرێژە، نـارینم هەڵواسـیوەتە میوانخانەکە، کورت و حەریری و ناسک و سپی، بەڵام هەتـا بڵێـی عەیـارە! جاروبـار پەنـجەرەکەی بـۆ ئەکەمەوە و ڕێنـاس ئەگەڕێ بە شـەپۆلەکانیدا و گۆرانییەکی خۆشی بۆ بڵاو ئەکاتەوە، بـا هەڵئەکـا و نـارین قـژی پەرێشـان ئەکا و دەست ئەکا بە سەما. بـا، هێورهێـور لە داوێنەکەیـدا هەڵئەکشـێ و نارین بە دەوری خۆیدا ئەسـووڕێتەوە، دەرگـای میوانخـانەکە دەکەمەوە بە چەشنێ کە بەشێکی جەلالی پێوە دیار بێ. جەلالم کـوڕێکی شـەرمێونە و ئەبـێ خـۆمی لـێ گێـل بـکەم تـا تێـر تماشـای نـارین بکـا، کـاک سـمایل بێـدەنگە و بیـانووی بە دەسـتەوە نیـیە بـۆ هـۆرە کـردن، دایکـی قـاپە

جوانەمەرگەکانیش دڵی نایە بە شیوەن کردنییەوە ئەم ساتە خۆشانە لە نارین تێکبدا.

کاتێ نارین سەما ئەکا ماسییەکانی ناو دڵی شاگوڵیش ئەکەونە هەڵتیقان، لەم حەوز بۆ ئەو حەوز هەر یەکەیان دێت و بە دەوری گوڵەکاندا ئەسووڕێنەوە، شڵپوهۆڕێکە مەپرسە... با و گۆرانی تەواو ئەبن و نارین هێواش ئەبێتەوە و ئەکەوێتەوە بیری چرچەکانی:

- نە توخوا مەیبەستە خاتوون! با تا هەوا تاریک دادێ تماشای دەستەکانی بکەم، ئەبینی ئەم چرچانەم تازە کەوتۆتە داوێنەوە، ئەوەتا لایەک لە پەڕاوێزەکەشم کەچەڵەی داوە... خەریکم پیر ئەبم جا ئیتر خۆت ئەزانی.

شاگوڵ ئەڵێ :

- گوێ مەدەرێ خاتوون ئەو هەر ئاواش ژوورەکەی لێ تاریک کردووین، خوا نەکا جەلالیش بێنێتە پشت خۆی ئیتر میوانخانەکەمان بەجارێك لێ‌ئەکاتە تاریکەسەڵات و گوڵەکانم زیز ئەبن و ماسییەکانم دڵیان ئەتۆقێ!

نارین دەستدەکا بە شیتەشیت و دەرگاکەیان لێ دادەخەم.

ئەم ژنە وا دەڵێ دراوسێمانە و نوێنەری خێڵی مرۆڤەکانی ئەم ئاپارتمانەیە، چاو ئەگێڕێ بە ماڵەکەمدا و بە مەکرەوە ئەپرسێ:

- خێرە خاتوون، بۆ قەیماخت دروست کردبوو؟ کێ منداڵی بووە و

نەمانزانیوە؟

ئاماژە ئەکەم بە چێشتخانەکە، بەو کومیدە کە بنەماڵەی بەختەوەری مەنجەڵەکانی تێدایە:

- کچەکەم، کچەکەم منداڵی بووە، کوڕێکی سەرخڕی ڕەشوبرش وەک باوکی.

ئەزانم باوکی مەنجەڵەکان لەم قسەیەم دڵگران نابێ، پیاوی چاکە، کەچی گەورەیە و بەکەڵکم نایە، باش بوو لەم ماوەیەدا ژنەکەی منداڵێکی هێنا تا بۆ برینج و بڕوێش لێنان بەکەڵکم بێ. دەستم بشکێ نەمزانی ژنە دووگیانە، نارین بیانووی جەلالی لێدەگرتم و شاگوڵ دیسان تەوانجی کەچەڵەدانی پەڕاوێزەکەی لێ دابوو و ببووە شەڕیان، تا چووم شەڕەکە خۆش بکەم و بێمەوە لای چێشتەکە، گۆشتەکە چەسپا بە ناو دڵییەوە، ئەویش ماڵی ئاوا بێ خۆ نەیگوت دووگیانە، بیرم نەبوو کەوچکە دارینەکە بەکار بێنم، هەر بە ئاسنەکە کەوتمە گیانی... ئیتر ئاوایە کە جێی کەوچکەکەم بە سەر ڕوومەتی منداڵەکەیەوە دیارە.

ژنە بۆ تابلۆی سەر دیوارەکان ئەڕوانێ و بە دوای وێنەی کچەکەمدا ئەگەڕێ:

- نەتوتبوو کچت هەیە، قەتم نەدیوە سەردانت بکا یان خود... بچی بۆ ماڵیان!

کاک سمایل دەست ئەکاتەوە بە حەیرانوتن، لەوەتەی دەستەکەی

شکاوە فێری ئەم حەیرانە بووە، گۆشتی شەکم کڕیبوو، ویستم لەتی بکەم، هەر لەو یەکەم زەربەیە دەستەکەی لەت بوو، ئەو شەوە تا بەیانی خۆی لاواندەوە، ئەوەتا کاک شەریفی هاوڕێی شاهیدە هەر بەو بەیانییە بردم بۆ بازاڕ سپاردمە دەستی مرۆڤێکی چەقۆساز و چاکی کردەوە، تەنانەت چاکتر و تیژتر لە جاران، بە شەریفی وتووە بێتوو ئەم جارە کول بێتەوە لە ڕووی نایە خۆی تیژ کاتەوە، بە شەریفم گوت:

- پێی بڵێ بە کولیش نایگۆڕمەوە بە چەقۆ خوێڕییەکانی ئەمڕۆ.

شەریف پێی وایە کاک سمایل ئیتر پیر و خەمۆک بووە بۆیە هەر خەریکی حەیرانوتنە!

- لەم ڕۆژانەدا ئەمانەوێ سەردانی ئەو بنەماڵەیە بکەین کە هاتوونەتە جێی ماڵی ئاغای شەریفییەوە، مودیری ئاپارتمانەکە ڕایسپاردم ئاگادارت بکەمەوە، وەڵڵا ڕاستت بوێ پێم نەوتی، ئەمزانی نایەی، چەند جاری تر بانگمان کردووی و نەهاتووی!

ئیتر ناهێڵم ئەم مرۆڤە بێتە ماڵمەوە، فریوی بیانووەکانیشی ناخۆم، ئەوەتا هەموو مانگێ پارەی ئاو و بەرق و گاز و شارژی ئاپارتمانەکە ئەدەم بەو بەچکە مرۆڤە وا پێداویستییەکانم بۆ ئەکڕێ، نە خواردنی لێ وەرئەگرم نە خواردنی بۆ ئەنێرم، بۆ لە بیرم ئەچێتەوە کۆستی بنەماڵەی قاپەکانمی خست؟ لە خێڵی قاپەکان کوڕ و کچێکی نازەنینم بۆ نارد، قەیماخی لەدایکبوونی کوڕی مەنجەڵەکانم تێکردن هەر ئەو کوڕەیان کە- دەستم

بشکێ- بە کەوچکە ئاسنەکە خەتم خستە دەم وچاویەوە، نەیهێنانەوە، ئیتر دەنگی کایە و جێ‌گۆڕکێیان نابیستم، زایەڵەی پێکەنینی کچە دڵی هەموومانی شاد ئەکردەوە، گوتی:

- دەبێ بمبووری لە دەستم داکەوتوون و شکاون!

لە جیاتییان دوو قاپە شڕەی بۆ هێنامەوە، نە قسەیان لەگەڵ ئەکەم و نە قسەم بۆ ئەکەن، مان و مۆن، سارد و بێ‌هەست، هەروەک خۆیان، ڕێک وەک خۆیان وان، وەک خێڵی مرۆڤە هیچ‌وپووچەکان. بگرە ناردبێتیانی بۆ سیخوڕی ژیانی من و دوو ڕۆژی تر داوایان بکاتەوە و قاپێکی ترم بداتێ!

تا ئێستاش دایکی قاپەکانم دڵنیا نەبووە، منیش دڵم نایە بە زۆری بە کاری بێنم، وەک ئەنتیکە لە ڕیزی قاپەکانی ماڵی باوکمدا دامناوە، لەو سەرەوە با هەر پادشایی بۆ خۆی بکا. کەچی ئەوەش سوکنایی ناداتێ و هەر خەریکی گریانە، زەمانە خانم ئەڵێ:

- جەرگە، هەناوە، ئەویش دوو منداڵ پێکەوە، خوا دەزانێ ئێستا لە کامە ماڵن و چەندە چێشتی گەرمیان تێدەکەن؟! ئەترسم بەرگە نەگرن و لە خەفەتا شەق ببەن، وەیششش ڕۆڵە گیان... من ئەگەر ژمارەیەکم لێ ون بێ یا ڕۆژێک میلێکم بوەستێ خۆ هەر بە یەکجاری شێت ئەبم. ئەو هەژارە دوو منداڵی پێکەوە... چۆن بەرگە ئەگرێ؟

هەر ئەڵێم:

- کاک سمایل کە دایکی قاپەکان شیوەن ئەکا ئیتر تۆ پۆی پێوە مەدە

برا!

خۆ گوێم ناداتێ پیرە چەقۆی کەر!

- کیـژێ وەسـیەت بـێ ئەگەر کـوژرام جەمەدانێـی مـن لە مـرێ خـۆت ئـارینە، وەرە نـاو ژنـان لـۆم بگـری بە دەنـگ و ئـاواز، نـاوم بیـنە نـاوە نـاوە هەستەوە دەست و باسکی سپی و بە بازنم لۆ هەرشـەقینە لە نێـو گەرمەی شینێ...

- ئەڵـبەت کە نەدەهـاتم، خـۆت ئەزانـی منـیش پیـر بـووم و بەرگەی هاتوچۆ لەم پلیکانانە ناگرم.

- دەی بۆ بە ژنی فەڕاشەکە نـاڵێی بێـت و کارەکانـت بـۆ بکـا؟ ژنێکـی قەڵەوی هەیە بەیانی تا شەو ئەخوات و ئەخەوێ و بە قەد هەمووما‌ن زێـڕی لەدەستدایە.

- خۆم کچم زۆرە، خوا کەسیف ناو جێمان نەکا.

ژنە چاو ئەگێڕێ بە وێنەکانی سەر دار و دیوارا.

شاگوڵ ئەڵێ:

- بۆ کوێم ئەبەی؟

- هەستە ئیتر ڕزگـارت بـوو بە دەسـت شیتەشـیتی نـارینەوە، ئەوەتـا بە مێردم داوە، ئەبێ ئەم ژوورەیان بۆ چۆڵ کەین بۆ یەک حەفتە.

- ئـاخر لە کـوێم ڕائەخەی؟ مـن ماسـیم لە سـکدایە، بەرگەی بە پێـوە وەستانیش ناگرم، زوو ئەچەمێمەوە و گوڵەکانم هەڵئەوەرن.

- خەمت نەبێ شاگوڵەکەم لە ژوورەکەی خۆم ڕاتدەخەم و هەمـوو ڕۆژێ قژەکانت شـانە ئەکەم  تەنیـا بـۆ یەک حەفـتەیە، وتیـان حەز ئەکەن بچـنە مـاهی عەسـەل، خـۆ بۆخـۆت ئەزانــی نـارین ناسـکە و بەرگەی هەتـاو و تەپوتۆز ناگرێ، ئەچێ بۆ لای جەلال و ئەم ژوورە ئەبێ بە هی خۆت.

کاک سمایل گۆرانی خۆش ئەخوێنێ و ڕێنـاس مۆسـیقای خـۆش بـڵاو ئەکاتەوە خشەخش و گڤەگڤەکانی بێدەنگ ئەکا.

- لەم تەنیاییە وەڕەز نـابی؟ بێمێـرد و بێهـاودەم... مـن ڕۆژێ نەچـمە بازاڕ دڵم ئەتۆقێ، جا تۆ خۆ تەلەفیزیۆن و ماهوارەشت نیـیە، چـۆن تـاقەت دێنی؟ وەڵا من هەموو ڕۆژێ ئەبێ پیاسەیەک بکەم و شتێک بکڕم.

زەمانە خانم ئەڵێ:

- بۆ مـن لە میوانخـانەکە هەڵناواسـی؟ بـۆ کەس ڕووی خۆشـم پیشـان نادا؟ ئاخ کە بـێبەختم! ئەوەتـا نـارینیش بە ئـاواتی دڵـی خـۆی گەیشـت کەچی من هەر بێکەسم!

دڵم نایە بڵێم نارین و جەلال خۆشییان لێت نایە، نارین ئەڵێ بێتـوو لە بەر چاوم بێ دەبێ  هەر بیر لەوە بکەمەوە کە چەند ساڵە ئاشقی جەلالم و چەنـدی تـرم مـاوە بـژیم، جیـا لەوەش چرکەچـرکەکەی نـاهێڵێ ڕاحەت بخەوین!

لە حەیبەتا دەڵێم:

- کوا من کارم بە میوانخـانەیە؟ تـۆ ئەبـێ هەر لە هەیـوانەکە بـی لەبەر

دەستی خۆم، چـونکە لە چێشتخانەکەشـەوە چـاوم لێـتە، تـۆ نەبـی نـازانم کەی شەوە و کەی ڕۆژە و دنیا بەری بە کوێوەیە؟ یان چ بەرنـامەیەک کەی دەستپێئەکا.

ئەزانم زەمانە خانم دڵی بەم قسانە خۆش دەبێ ، کە دڵیشی خۆش بێ نـاهێڵێ میلەکـانی پـێش و دوا کەون و شـەڕی ئەو و ڕێناسیشـم لە کـۆڵ ئەبێـتەوە، ئەڵـبەت ڕاسـتییەکەی بڵـێم خەتـای زەمـانەیە، زۆر جـار بە ئەنقەسـت بە پێـنج دەقە و دە دەقە پـێش دەکەوێ و منـیش لە نیـوەی بەرنامەکـان ڕێنـاس هەڵـئەکەم، ئەو ڕێناسـە مـارمێلکەش کەم نیـیە خـۆ! ڕقەبەرایەتی دەکا و دەست ئەکـا بە گیزەگیـز... ئەمە بەزمـی ئـێمەیە: مـن دەبێ چەپـۆکێکی پێـدا دەم هەتـا دەنـگەکەم بـۆ زوڵاڵ بکـاتەوە، لە دوای بەرنامەکان بەڵام هەر بۆڵەبۆڵیەتی و بۆڵەبۆڵیەتی...

کاک سمایل گۆرانی بە باڵای زەمانە خانمدا هەڵـدەڵێ و زەمـانەش لە خۆشیدا میلەکـانی لە جـووڵە دەخـا، هەمـوو جارێـک کە خۆشـحاڵ بـین زەمانە سووڕانەوەی میلەکانی ئەوەستێنێ و مـن ئەبـێ کـاتێ هەواڵەکـان دەستپێدەکا دایگرم و میزانی بکەمەوە.

ژنە بـۆ دواهەمـین جـار چـاو ئەگێـڕێ بە ژوورەکانـدا و بەبـێ ماڵئـاوایی دەڕوا.

شـەریف و سـمایل هەناسـەیەک هەڵدەکێشـن و خێـرا جـگەرەیەک دادەگیرسێنن.

دەچمە بەر پەنجەرە و تەماشای تارمایی  خێڵی مرۆڤەکان دەکەم، من لە دوایـــین قـــاتی ئەم ئاپارتمـــانەم، باشـــییەکەی ئەوەیە تێـــر تەماشـــای مرۆڤەکان ئەکەم و ئەوان من نابینن، بشمبینن کـوا پیرەژنـێ وەک مـن بـۆ ئەوە ئەبـێ سـەری بـۆ هەڵبـڕن و سـەیری بـکەن؟ دڵـم نـایە باسـی ئەم دڵەڕاوێیانە لەلای منداڵەکانم بکەم کە بڵێـی لە دوای مـن چییـان بەسـەر بێ؟ شاگوڵ ئەکەوێتە کام مزگەوت؟ شاگوڵم ژنێکی وەسواس و هەستیارە ئەزانـم بـۆنی پێـی خەڵـک گوڵەکـانی دەشـەمزێنێ و ماسـییەکانی لە هەڵتیقان ئەخا، ئەی نارین و جەلال چییان بە سەر دێ؟ کێ هەموو جـار شەڕی زەمانە و ڕێناس خۆش بکـا؟ بریـا تـا پـێش مـردنم زەمـانەم مێـردی بکردایە. ئاخر، قسەی خۆمان بـێ، کەس تـاقەتی لە چـرکە چرکـی زەمـانە نییە! کێ دڵنەوایی کاک سمایل بداتەوە؟ بڵێی دایکـی قاپەکـان بکەوێـتە مـاڵێکەوە کە منـداڵەکانی لـێبـێ؟ منـداڵەکانم ... چییـان بە سـەر دێ خوایە؟

□

٢٠١٤

## چۆلەکە خانمی درۆزن

من کچێکی درۆزنم، هەر لە یەکەم ڕۆژی دیدارمانەوە دەستم کرد بە درۆ کردن، باشیش دەزانم چۆن هێندە جیدی قسە بکەم تا پاساویان بکەم، بۆ درۆ گەورەکان سوێندی "بەڕاستی" دەخۆم و بۆ درۆ بچووکەکان "بڕوا بکە" دەڵێم، بۆ نموونە کاتێ پرسیت:

- بە نیازی بەرنامەی داهاتووت چۆن دابڕێژی؟

من تەماشای بەرزترین داری ناو حەوشەم کرد و ئینجا گیرفانەکەت، گیرفانی سەر سینگت وا ڕێک لە سەر دڵتە، تۆ پیاوێکی لاسار و بێ پەڕاوێز و تەنیای، بۆیە نەدەبوو بمگوتایە:

- پێمخۆشە ببم بە چۆلەکە، هێلانەم لە سەر بەرزترین لقی داری حەوشەکەت بێ و جاروبار لەکاتی خۆرئاوا، کە زۆر بیرت ئەکەم، بخزێمە ناو گیرفانتەوە، ئیتر هیچ کارێکم لەم دنیایە نەبێ جگە لە ژماردنی ترپەی دڵت کە بارستایی قورسی تێپەڕینی زەمەنە، بڕیار بێ لە بۆنی جگەرەکەشت وەڕەز نابم.

ببوورە کە دەبووایە ئەمانەم بگوتایە بەڵام چاوم بڕییە هێلانەکەم و باسی

پرۆژەگەلێکم بۆ کردی...

دەبووایە ئەو کاتەی کە بیرت هاتەوە دەبێ چاییم بۆ بێنی، پێش ئەوەی جگەرەکەت بکوژێنیتەوە بمگوتایە:

- چاوەکانت نەگۆڕاون، هەر وەک پۆلی یەکەمی سەرەتاییت ماونەتەوە، بێگوناح و بەئەدەب!

دەبووایە هەر ئەو کاتە کە ناشارەزایانە چایەکی ساردت بۆ تێ کردم و لەرزەلەرز بۆت هێنام و داوای لێبوردنت لە تۆخ‌بوونی کرد، ئینجا منیش هەر بە ڕاست گوتم کە فەرقم بۆ ناکا تۆخ بێ یا ڕوون، کوڵاو بێ یا تازەدەم، بەڵام نەمگوت بەو مەرجەی تۆ بۆم بێنی، بمگوتایە:

- تۆ هەر بۆ چا تێ‌کردن دروست نەکراوی ئاغا، ئەو دەستە پیاوانەیەت بۆ ئەوە ئەبێ کە ببێت بە هێلانە، جیک جیک جیک جیک، ئێوارانی هەینی زۆر دڵتەنگە و دەستەکانت مەگەر ڕزگارم بکەن لە هرووژمی بێهوودەیی، جیک جیک جیک جیک!

دەبووایە ئەو کاتە کە پرسیارت لە "حەقیقەت" کرد و من قۆڵم بۆ هەڵماڵی و لە تەمسیلی ئەشکەوتی ئەفلاتوونەوە دەستم پێ کرد تا ڕاستی‌سازیی بوودریاری و ڕاستیی نواندنەوەی دنیای سەرمایەداری... زۆر زۆر ساکار و بوێر تماشای ناو چاوانتم بکردایە و بمگوتایە:

- حەقیقەت تۆی، ئەوەی تۆ ئەیڵێی، ئەوەی تۆ بە دروستی ئەزانی، ئەوەی تۆ وڕاوەی ئەکەی، ئەوەی تۆ ئەینووسی، ئەوەی تۆ بە خەون

ئەیبینی... هەمووی تۆی.

نەمگوت، ئاخ تۆ چەندە لاساری، چەندە لاساریت و من چەندە درۆزن!

□

٢٠١٥

## سەمای گووشی ئایفۆنەکە

ژنە بۆ ئەوەی دەستەی ئایفۆنەکە چەور نەکا بە دەسگیرەکەوە ئایفۆنەکە هەڵدەگرێ:

- بەڵێ؟ چۆنی کاکە باشی؟ زۆر سپاس، نەوەڵڵا هەستاوین، بەڵێ لە ماڵە، فەرموو وەرە سەرێ، جا ئەوە چ قسەیەکە؟ بە چاوان.

وا هەست دەکا پیازەکەی خەریکە بسووتێ، بەپەلەیە بگاتە چێشتخانەکە، هەر لەوێوە بە هات و هاوار پیاوەکەی لە خەو هەڵدەستێنێ.

- بۆچی هاتبوو کاک ڕەحیم؟

- چووزانم، ئەم خەڵکە فێری ئێمە بوون، ئەڵێ کچەزاکەم نەخۆشە و پارەم نییە بیبەمە دوکتۆر! منداڵی ئەو کچەی کە تەڵاقی سەندووە و لای خۆیەتی، داوای پارە ئەکا، منیش سوێندم بۆ خوارد پێم نەماوە، وتم ئەڕۆم لە ژنەکەم ئەستێنم.

- جا کچەزای ئەو بە من چی؟ نەوەڵڵا ناتدەمێ و بڵێ ئەویش هەمووی خەرج کردووە! هەر ئەوەمان کەم بوو!

- کوڕە بۆ خۆم هەمە بۆیە وامگوت بمداتەوە، یەکەمجاریەتی ڕووی لێ خستووین.

پیاوە دەچێتە بەر دەرگا و دوای چەند دەقە دێتەوە.

- نەدەبوو پێت بدایە، ئەگەر پێی دایتەوە... دوایی ئەیبینی... خەڵک قەرز کوێرن.

- کوڕە هەر لەوێ نەمابوو، بەم بەیانییە زووە هەڵیساندم و کەچی بوو بە دڵۆپێک ئاو و ڕۆچووە ...

لە پڕا چاوی دەکەوێتە گووشی ئایفۆنەکە کە شۆڕ بۆتەوە و بەئەسپایی لە هەوادا سەما دەکا.

□

٢٠١٥

## بڕیارنامەیەکی یەکلایەنە

جگەرەیەک دادەگیرسێنم و بۆ چەندەمین جار دەیهێنمەوە بیرم کە دەبێ سەرەتا باسی کوودەتای بێئەنجامی تورکیەت بۆ بکەم، شاگردی کافەکە دێت و تۆ داوای ئاوسێو و بەستەنی دەکەی، بۆیە ئەم کافەم هەڵبژاردووە کە مەجبوور نەبی بیگۆڕی بە ئاوگێزەر و بەستەنی، دەبێ وشیار بم کە نەڵێم:

- با بەستەنییەکەی زەعفەرانی بێ بەڕێز!

کاتێ چاو دەبڕییە لێوەکانم، ژێر مل و سەر سینگم، دەبێ گلەیی لە گەرمای پلە چلوحەوتی ئەم ڕۆژانە بکەم و وشیار بم نەڵێم:

- لێت ناشارمەوە خاتوون، هەموو ڕۆژەکانم وەک یەکن.

دەزانم وەک هەمیشە نینۆکەکانت ڕێک و درێژە، دەزانم هێشتا هەموو شتە سادەکانی پێ هەڵدەپچڕی و هیچیشی لێ نایە، کاتێ پەنجە هەڵدەپێکی، دەبێ لە بیرم بێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وردتر شی بکەمەوە بۆت، کە پرسیارم لێ دەکەی دەبێ بیرم بێتەوە دوایین جار پێت گوتم:

- تەواو بووە تەمەنی ئەم خۆشەویستییە ئیتر، لەمەو بەدوا هاورێیەکی فکری و ئاساییین.

ئەو جانتایە کە دیاری خۆت بوو بۆ تەواوبوونی دوکتۆراکەم، پڕ دەکەم لەو کتێبانە کە پێت وایە دنیات دەگۆڕێ، جیاوازت دەکا لە ژنانی تر، تۆ سەرەتاش جیاواز بووی و من ئێستاش حەزم لە ژنی قژکورت و سەرشێتە، کورتی کورت.

ڕێدەکەوم، دڵنیام هەموو شتێ وەک خۆی دەچێتە پێش، دوودڵ دەبم لە نێو ڕێگادا، لە بیرم دەچێتەوە ئەم بڕیارانەم لەکام مژی جگەرەکەدا داوە؟

□

٢٠١٥

# سێوی ڕەسەن

باخەکەی لە دەرەوی شار بوو، کە لە جادە سەرەکییەکەوە پێچی کردەوە بۆ ناو جادە خاکییەکە، دڵەڕاوکە کەوتە گیانمەوە، جادەیەکی ناخۆش و پێچەڵاوپڵووچ بوو! لادێیەکمان تێپەڕاند و جادەکە باریکتر بووەوە. لە ڕاستیدا ئەم پیاوەم تازە ناسیبوو، ساکار و هێمن دەینواند، جۆری تەماشاکانی ئازاری نەدەدام، ناسینی من وەک ڕووداوێکی گرینگ و ناوازە وە بەر چاوی نەدەهات، سەرنجی نەدەدام و هەوڵی نەدەدا بمبینێ، دیدارمان بەپێی ڕووداو و بۆنەوە بوو، قەتیش هەوڵی نەدەدا لە ژیانی تاکەکەسیم سەر دەربێنێ، بۆ نموونە هەرگیز نەیدەپرسی مێردم کردووە یا نا؟ نە بەدزییەوە سەرنجی قامکی ئاڵقەکەمی دابوو و نە جەستەم! تەنانەت بە گاڵتەشەوە نەیپرسیبوو چەندە ڕەفیقی کوڕم هەیە؟ لەوەتەی لە بیرم بێ هەمیشە شەیدای پیاوانی ئاوا لووت بەرز بووم، ئەو پیاوانە کە نامبینن یان لانیکەم وا دەنوێنن کە نامبینن.

بۆیە کاتێ گوتی:

- ئەبێ بتبەم بۆ باخەکەم و بابەتێکی گرینگت بۆ باس بکەم.

نام پێ نەگوت، تەنانەت کاتێ کە گوتی:

- پێویستە هەوا تاریکان بڕۆین تا دراوسێیەکان نەمانبینن، ئەزانی خۆ...ببوورە.

ئێستاش تەنیا ڕووناکایی ئەم باخە گەورەیە، تریفەی مانگە شەوە، لە ژێر دارێکی بەساڵاچوودا جێگایەکی بچوکی ڕاخستووە.

- فەرموو دانیشە!

جێگایەکی دوو کەسی، تەنانەت بۆ ئەوەش نابێ جانتاکەم لە نێوانمان دانێم، بریا جانتا بچووکەکەم بهێنایە، ئەو جانتایەم بۆیە کڕی بابەتی سنووردانانە بۆ جێگایەکی تەسکی وا. بۆ ئەوە نابێ چاویلکە و کرێمەکانمی تێبخەم، هەر ئەوەندەی پێدەکرێ نەهێڵێ سمتم بنووسێ بە خەڵکەوە و سیمەکانی مێشکم تێکەڵی یەکتر بێ!

بەئەسپایی لە تەنیشتمەوە دادەنیشێ، کەچی پێمەوە نانووسێ بەڵام هەر لە خۆوە دڵم توند لێدەدا. بە توونی تەتەر با هێندە لێبدا تا دەوەستێ، ئەمە خەتای ئەو بوو منی هێناوەتە ئەم تاریکستانە، ئەمجارە بەبێ ئەو سێ و دووە هەمیشەییەم فریوی دڵم خوارد و وەک پەز سەرم داخست و سواری ماشینەکەی بووم!

- باخەکەم زۆر گەورە نییە، بەڵام بۆ بێتاقەتیم باشە، تازە خەریکم کەوێڵێکی بۆ دروست دەکەم، بە نیازم وردەوردە کتێبخانەکەم بگوازمەوە بۆ ئێرە و کەمتر ئاوێتەی شار بم، بە بەری دارەکانیش ئەژیم، بە زیاد بێ،

چیم ئەوێ ئیتر؟ چەند جۆر سێوم چاندووە، ترش، شیرین، سوور، ئەمەی لە ژێریدا دانیشتووین داری سێوە سوورەیە.

خۆی دەکێشێ و لە نزیکترین چڵ سێوێکی سوور لێدەکاتەوە و لە بەر لووتمەوە دەیگرێ کە بۆنی بکەم.

نەفرەتی لێبێ دڵم وا پەشیمانە و وەختە بوەستێ! جۆرێک سێوەکەی لێوەردەگرم کە دەستم لە دەستی نەدرێ. بەئەسپایی چڵێ لە بەر دەمم لادەدا و دەیخاتە پشتی سەرمەوە و دەپرسێ:

- تا ئێستا گوێت لە دەنگی شەو گرتووە؟ بووە چەند سەعات لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا تەنیا و تەنیا بیر بکەیتەوە؟

- تاریکی؟ نا... لەوەتەی لە بیرم بێ لە تاریکایی ترساوم، کە منداڵ بووم لە دز و پشیلە و جنۆکەیان ئەترساندم و ئێستاش...

- راستی تۆ سەرمات نییە؟ چاییەکی سەر ئاگرت پێ چۆنە؟ باش بوو دەمەو ئێوارە بهاتینایە، مریشکمان دەهێنا و بۆ خۆمان ئەمانبرژاند، بەڵام نەڕەخسا، بەشکوو کاتێکی تر بگونجێ.

پێم سەیرە هێندە ئاسوودە قسەم لەگەڵ دەکا بەبێ ئەوە سەیرم بکا. خۆ ئیتر ئێرە کلاس و کۆبوونەوەکان نییە، کەچی هەموویان وەک یەک نین، شێوازی جۆراوجۆریان هەیە بۆ کچخەڵەتاندن، دیارە ئەمەیان بەئەزموونە وا ئێستا من لێرەم، پەلەم نییە، ئارامئارام بۆم دەردەکەوێ چی لە ژێر کڵاوەکەیدایە!

دەنگی کەس نایە و دەنگیشم بە هیچ کوێ ناگات، تەنیا حەپەحەپی سەگە دوور و نزیکەکانە، با لەحنیشی وەک هەمیشە سارد و ئاسایی بێ بەڵام من هەر پەشیمانم لە هاتن، نەدەبوایە گوێم بە دەنگی دڵم بدایە. هەوڵ دەدەم دەنگم نەلەرزێ و ناسکییەکەی جارانیشی نەبێ:

- هیچم ناوێ بەڕێز، بڕیار بوو بابەتێکی گرینگم بۆ باس بکەن، بێ زەحمەت تۆزێ خێرا!

هاتم بە حیساب ئازایەتی خۆمی پێشان بدەم، بەڵام باشتر وا بوو بە ڕۆژا بهاتمایە.

- نازانم بۆچی حەزم کرد باسی جۆرە سێوێکت بۆ بکەم بە ناوی "خان حەمەخانی"، سێوێکی سروشتی و زۆر شیرین، ئێستا ئیتر زیاتر لە بیست ساڵە ئەم جۆرە سێوە نەماوە، لەوەتەی جووتیاریی پیشەیی بوو بە باو... تۆ باشی؟ برسیت نییە؟ دیارە سەرماتە وا ئەلەرزی، بچم بەتانییەکت بۆ بێنم؟ ئەم پاڵتاوەم لە بەر دەکەی؟ پەلە مەکە جارێ دانیشتووین، لەو میوە تازانە بخۆ، ئەمەش قەیسی و تووی ئەمساڵە، خاوێنە پێویست بە شۆردنەوە ناکا، بەڵام ئەگەر دەشتهەوێ بیشۆیتەوە ئەتبەم بۆ سەر کانی.

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، لەو چەند چرکەیەدا کە ڕوومەتی کەوتۆتە بەر ڕووناکیی شقارتەکە، ئەو خەمە وا لە ناو دەنگیدایە لە لایەکی ڕوومەتیشیدا دەیبینم. سەرەتای پاییزە و کزەبایەکی سارد هەڵدەکا، خوزگە بموێرایە خۆمی پێوە بنووسێنم و لانیکەم لای چەپم گەرم بێتەوە.

بێ دەنگە و گوێ بۆ سیسرک و بۆقەکان ڕادەگرین.

هەڵدەستێ و بەرەو لای کەوێڵەکە دەڕوا، تەماشای مۆبایلەکەم دەکەم، شەبەکەم نییە و دڵم دادەخورپێ، ئەی هاوار ئێرە کوێیە و چەند کیلۆمەتر لە شارەوە دوورە؟ ئەگەریش شەبەکەم هەبێ بە کێ بڵێم بۆ کوێ بێ بە هانامەوە و ئاخۆ کەی دەگا؟ هێندە شەوەزەنگە کە ناتوانم بەردێک یان کۆتە دارێک ببینمەوە، ئێرە باخی ئەوە و گەر خۆیشم بشارمەوە بە چاوبەستراوی دەمدۆزێتەوە و کارەکە خراپتر دەبێ!

دەبیستم بە خشەخش دەگەڕێتەوە و شتێکی بە دەستەوەیە، توورەکەیەک دەخاتە سەر کۆشم:

- ئەمەش بەشی تۆیە لە گوێزی ئەمساڵ، گوێزی کاغەزییە و خەمت نەبێ ناو پڕە، وەک گوێزە خوێڕییە بیانییەکان نییە زۆر و زوو بەر بدا و نیوەی پووچەڵ بێت و تەنیا بازاڕ گەرم بکا.

- بڕیار بوو شتێکی گرینگم بۆ باس بکەن، لە بیرتان چۆتەوە؟ تکایە زووتر، من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ.

ئەڵێی دەنگم نابیستێ، دەستەو ئەژنۆ دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە تارمایی دارەکان:

- سێوی خان حەمەخانیان پێئەگوت، نازانم بۆچی ئەو ناوەیان پێوە نابوو، لەوانەیە بۆ نموونە یەکەمجار خان حەمەخانێک ئەو جۆرە سێوەی چاندبێ. هەموو خەتای ئەم جووتیاری و باخدارییە نوێیەیە، دارەکان

خەریکــن ئەکەن بە مریشــکی ماشــینی، بە کــوودێکی زۆرەوە گەورەیــان ئەکەن، ڕاســتە بەری زۆر ئەدەن بەڵام بەو ڕادەیەش ئافاتیــان هەیە، وەک مرۆڤی سەردەم وان، بێ ڕەگ و ڕیشە، بێ بۆن و بەرامە، خۆش ئاو و ڕەنگن و هەر بۆ بازاڕ گەرم کردن باشن. بەڵام بڕوات هەبــێ لە نــاوەوە پــووچەڵن و زوو تەواو ئەبن.

لە بیری چۆتەوە من لێرەم، جۆرێ قسە دەکا کە نــازانم بەردەنــگ مــنم یان خۆی، یان دارەکان یان مرۆڤی سەردەم یان سێوی خــان حەمەخــانی کە ئیتر ڕەچەڵەکی نەماوە.

هەڵدەستێ و بەرەو لای ماشینەکە دەڕوا، دڵم خەریکە هێدی دەبێتەوە و بەو تۆزە تریفەوە ڕێگای خۆم لە ناو دارەکانــدا دەدۆزمەوە. دەگەیــنە ســەر جادە سەرەکییەکە و ژاوەژاوی شار.

ڕوونــاکی گڵۆپەکــانی شــار ئەو خەمەم پێشــان دەدا کە سەرتاســەری ئەمشەو لەگەڵیا بوو، ئەو خەمەی کاتێ لە هەندێ لەو کۆبوونەوانەدا باسی کۆمەڵکوژییەکانی مێژووی دەکرد، هەموو ڕووخساری دادەگرێت. ئــانتێن گەڕاوەتەوە مۆبــایلەکەم و تــرپەی دڵــم هێــدی بــۆتەوە، کەچــی ئەو هەر لە بیری نەماوە من لە گەڵیام.

- حەیــف بــوو ڕەچەڵەکــی ئەو ســێوە ڕەســەنەمان لەدەســتدا، هێنــدە شیرین بوو گەر تۆزێ درەنگ لێــت کردبــایەوە کــرم لێــیدەدا، مــن منــداڵ بووم و بە چاوی خۆم بینیم، جوان لە بیرمە بۆنێکی خۆشــی بــوو، تەنــانەت

شیرین‌تریش بوو لە شەکرەسێو، خۆ وەک ئەم سێوە دەسکردانە نەبوو، بە ڕواڵەت سێون، خوا ئەزانێ ویتامینیشیان ببێ یا نە، بێ بۆن، بێ ڕیشە بێ تام! ڕێک وەک خۆیان وان.

□

٢٠١٦

## مووخۆرە

مووخۆرە دایڕزاندووە، کەچی دڵم هەر پێی خۆشە، سەرچڵەکانی وشک و زبـرە و چەوری ئەکەم، بەیانیـان و ئـاخری شـەو، بە تێکەڵاوێـک لە ڕۆنــی زەیتوون و گەرچەک و بادامی تاڵ، هەموو ئاخری مـانگیش سـەرچڵەکانی ئەبـڕم، بەڵام سـاڵەهایە هەر بەم ئەنـدازەیە، نە درێـژ ئەبێـتەوە و نە نەرم، ماندووی کردووم ئیتر، لە دڵی داوم.

پەریَ دەستی بە ڕەنگەوەیە، هەموو ڕوومەتی ئەبێت بە زەردەخەنە کە ئەمبینیَ، کوڵمە چەورەکانی ئەچەسپێنیَ بە کـوڵمم‌دا و لێـوە سـوورەکانی بە نیشانەی ماچ خونچە ئەکا:

- بەخێر هاتی، خێرا مانتۆکەت داکەنە و سەری ئەو خانمە بشۆ، نەوەك قژی بسووتیَ، حەیفە تازەبووکە.

ژنان بە بزەوە ئاماژە بەو پەڵە شینەی ژێر ملی کچە ئەکەن.

ئەمڕۆ زۆر نین، منم کە لە دوای ئەم هەموو ساڵە جوانکارییەوە ڕانایەم بە فێڵی ئاوێنەکان و هەمیشە وا ئەزانم ساڵۆن پـڕە لە ژن، تەنـانەت گەر بە تەنیاش بم.

نەشـــیگوتایە دەمزانـــی تـــازەبووکە، بەو ورگ و ســـمتە وا خەریـــکە ئەشکۆفێتەوە و گەورە ئەبێ، بەو ترووسکەیە لە چاوانیـدایە و ئێسـتا لە کەم ژنا ئەیبینم و بەخیلی پێ دەبەم.

خەڵک بەدڵیانە بەڵام من کاری ڕەنگی پەرێم زۆر بە دڵ‌نییە، هەمیشـە ژمارەیەک خوار یا سەرەوە هەڵئەبژێرێ، خۆ ئەکرێ لە تێکەڵ‌کردنیانا تۆزێ زیاتر سەرنج بدا یان نوێکاری بکا، زیرەکییەکەی ئەوەیە کە ڕەنگـی ئێرانـی بە کار ناهێنێ و جیـا لەوەش بـۆ کـاری جوانکـاری، ژنـان زوو بە قەنـاعەت ئەگەن، هەتا زۆرتر دان بە جوانییاندا بنێین کەمتر بیانوو ئەگرن. بۆ ئەوەی کاری پەرێ بێ‌بایەخ نەبێ، بەپێی یاسای سالۆن هەمیشە ئەبـێ بڵـێم زۆر زۆر جوانە. تازەبووک بەر سەری بە سێ ڕیز ڕەنگ کردووە، پرتەقاڵی، شـین و شەرابی.

هەمیشـــە جۆرێـــک لە بـــوێری و بـــێ‌شـــەرمی لە تازەبووکـــدا هەیە، بـــۆ دێکلۆرەکردن و دەربائیس‌نەهاتنی قژسووتانیان، بـۆ دەرخسـتنی باسـک و ژێـرە ملـی گەسـتراویان، بـۆ بـاس‌کردنـی شـەوی بـووکێنی، بـۆ نـازکردنی عاشقانە کاتێ مێردەکانیان تەلەفوون ئەکەن تـا بـزانن کەی کاریـان تەواو ئەبێ و بێن بە دوایانا؟

بە بەخیلییەوە چنگ ئەخەمە نێو قژەکانییەوە با ئازاری پێ‌بگا:

- بێستە با جوان ڕەنگەکان بشۆین و تێکەڵی یەکتر نەبن.

بۆنی چێو لێرەش لێم‌ناگەڕێت و سێشـواری لـێ‌دەگـرم، لە ئـاوێنەکەوە

تەماشـای پەرێ دەکەم کە چـاویلکەکەی لە چـاودایە و ئاگـادارە کە بـرۆی تاکولۆی سروە خراپ نەکا و قەوچەقەوچ بنێشت ئەجوێ، سەر هەڵدەبڕێ و ئاماژە بە مووی ژێرباخەڵم ئەکا یەعنی هاتووی بۆ ئێپیلاسیۆن؟ خێرا چاو ئەترووکێنم یەعنی ئەرێ، جارێ ناوێرم هیچ بڵێم.

ئەمە یاسایەکی دیکەی ئارایشگایە: هەموو ژنێ کە بێتە ئێرە بەتەواوی خۆی تەسلیمی پەرێ ئەکا، تەنانەت وەسواس‌ترین و کەلەڕەق‌ترین ژنیش، ئەو گوێ بۆ حەز و زەوقیان ڕاناگرێ و چۆنی پێ جوان بێ ئەیـانڕازێنێتەوە، چونکە لە تـاران دەورەی بینیـوە و لە جوانکاریـدا بەناوبـانگی ئەم شـارەیە. سێشـواریش لامەسسـەب دەنگـی سماتەکێشـانی لـێ‌دی، وەک ئەوەی بیکێشی بە سەر دیوارێکی چیمەنتۆدا. شـاگردێکی داوەتـم ئەکـاتە ژووری ئێپیلاسیۆنەوە، لە سەر تەختەکە نیوەڕووت ئەبمەوە و مۆمەکە هێدی‌هێدی گەرم دادێ و بـۆنی چێـوی سـووتاوی لـێ هەڵدەسـتێ. ژنـان کە ڕووت ئەبنەوە- بۆ هەرکەس بێ فەرق ناکا- خێرا سـفرەی دڵیـان بـۆ هەڵـدەڕێژن، پەرێ و شاگردەکانی سفرەی دڵی زۆربەی ژنانی ئەم شارەیان لە لایە.

- لە ژێر باخەڵتەوە دەست پێـدەکەم، ڕاسـتە ئێشـی زۆرە، باشـییەکەی ئەوەیە بۆ باقییەکەی ئاسانتر تەحەممول ئەکەی.

- ئیتر سڕ بووم کچێ، بۆم فەرقم بۆ ناکا لە هەر کوێوە دەست پێ‌بکەی، تۆ هەر نەهاتبوویە ئێرە کە من ئێپیلاسیۆنم دەست پێ‌کرد!

ئەرێ سـڕ بـووم، لەوەتەی ئەو کـچە پێـی خسـتۆتە نـاو ژیانمـانەوە هەم

منی سڕ کرد و هەم شاهۆش، شاهۆ ئەڵێ هەر ئەو کاتە وا قامکە باریک و بلوورینییەکانیم یەکەیەکە لە سەر نۆتی سیمەکان دانا، ئەو کاتە وا وتم:

- بۆ ئەوەی کەمانچە فێر بی دەبێ نینۆکت نەبێ، دەبێ سەرپەنجەکانت بخەیتە سەر سیمەکان و پەردەکان بدۆزییەوە. ئینجا نینۆک‌گرەکەم هەڵگرت و بەبێ ئەوەی بزانم کێم و لە کوێم و بۆ وا ئەکەم، نینۆکەکانیم گرت.

بەڵام من دڵم هەر پێی خۆش بوو، ئێستاش هەر خۆشە، بە توونی تەتەر با هەر درێژ نەبنەوە، با وشک و مردوو بن، هەر ئاوا بمتوانیایە دوو پەلکەشی بکەم گەش‌گەش باڵام پێوە دەکرد، بەڵام ... خۆ بە زۆری نییە هەیە؟ ئەبێ بڕوا، ئەمە ڕاهێنانە بۆ لەدەست‌دانی زۆر شتی تر.

پەرێ دێتە سەرینم و من بە تەواوی خۆمی بۆ ڕووت دەکەمەوە، بە ئێرە دەڵێ "گوڵخونچە"، پێی‌وایە جوانترین شوێنی ژن گوڵخونچەکەیەتی و هەمیشە ترپەی دڵی ژیانی تێدایە، ناسک‌ترین و هەستیارترین شوێنی گوڵخونچەکەش، لێوارەکانییەتی، پەرێ ئەڵێ تەنانەت ئەو ژنانەش وا بە ساردوسڕی دێنە بەردەستم یان بێوەژنن و تەنیا بۆ دڵی خۆیان ئێپیلاسیۆن ئەکەن، گوڵخونچەکەیان گەرمە، گەرم و سەرشێت وەک یەکەم ساتەکانی پێگەیشتن. بەو مەرجەی کە بیدوێنی، نەوازشی بکەی، گوێ لە ئازارەکانی بگری.

ئێرە هەرێمی پەرێیە و لابردنی دڕکەکانی گوڵخونچەکەم تەنیا کاری

خۆیەتی، بە میهرەبانییەوە ئەیاندوێنێ، گۆرانییان بۆ ئەڵێ، قسەیان لەگەڵ دەکا و ژنان قاقا دەکێشن، بۆ هەرکامیان ناوێکی تایبەت هەڵدەبژێرێ و ئارەقێکی چەور لە چەند گوڵی کوێستانی و گوڵاو دروست دەکا و لە دوای ئێپیلاسیۆن لێیئەدا نەکا لەو درِک هەڵکەندنەدا برینـدار بـێ یـان دوایـی زیپکە دەربدا.

- ئەبینی چەند بۆنی خۆشە، هەموو سالۆنی پڕکردووە، دوێنێ دروستم کرد، بە گوڵاوی ئەمساڵی کاشان، ژنێک چەپکەیەک چنووری بـۆ هێنـام و ئەویشم تێکەڵ کرد.

- ئاخری دڵمم ڕازی کرد، یەعنی خەریکم ڕازی ئەکەم، قەبووڵم کردووە جیا بینەوە، چارەیەکم نییە، ژیان بە زۆرەملی نابێ، ئەبێ؟

پەرێ بە دەستە نەرمەکانی لێوارەکانی چەور ئەکا و گـوڵە سـەری گەرم دادێ، لە دوای مـاوەیەکی زۆر کەسـێک دەسـتێکی میهرەبـانی بە سـەردا دێنـێ و گوڵە ناباوەڕانە پێدەکەنێ و عارەقەی شەرم دەردەدا.

- خەتای خۆت بوو چاوت دەرهات، گەر هەر ئەو ساڵە قەبووڵت بکردایە منداڵێک بێنی و بەخێوی بـکەی بەم سـووک و ئاسـانییە فڕێـی نەدەدای، کەری کەر!

ئەوە دەستی پەرێ نیـیە گـوڵخـونچەکەم! ئەزانـی؟ دەسـتە زبرەکـانی شاهۆیە، ناسکە سماتەیەکی هەڵگرتووە و بە نەرمی بەو جێگایەدا دێنـێ وا دەستە و کاسـەی کەمـانچە ئەگەن بە یەک، ئەبـێ هێنـدە بیسـاوێتەوە کە

خەتی بەیەک‌گەیشتنەکە نوقم بێت و هەرکەس ئەیبینێ وا هەست بکا هەر لە سەرەتاوە یەکێک بوون. ئەمەش بۆنی چێوە تەڕەکانییەتی، تۆڵاشی باران لێدراو.

- پێوەندی بە منداڵەوە نییە، کچە دڵی بردووە، هەمووتان شاهیدن ئەم هەموو ساڵە چیم کردووە و تێربوونیان نییە لە یەک، با کای کۆن بە با نەکەین دڵم پێی تێک‌دەچێ.

- باشە ئێستا چۆن بوو دڵی خۆتت ڕازی کرد؟

- تۆ کەمانچە تازەکانیت بینیوە؟ دروست‌کردنی هەرکامیان شەش حەوت مانگ ئەخایێنێ، نەتبینی لە کەناڵی یەکیشا بڵاوی کردەوە و قسەشیان لەگەڵ خۆی کرد؟

- نا دەی...

- دوێشەو دوو کەمانچەی لەبەر دەستم دانا، یەکێکیان هەم دەستە و هەم کاسەکەی لە چێوی گوێز بوو، ئەوی تریان دەستەکەی لە گوێز بوو و کاسەکەی لە توو، وتی:

- ئەوە وا دەستە و کاسەکەی لە یەک جۆرن، من و ئەو کچەین، هێندە سماتەی دەکێشم کە هەر هەست ناکەی ڕۆژگارێک جیا لە یەک بووبێتن، ئەوەی وا لە گوێز و توویە، من و تۆین.

- یەعنی چی؟ وەرگەڕێ با کەمەریشت مۆم بخەم.

- یەعنی ئەگەر تا ئاخری تەمەنمان خۆمان سماتە بکەین هەر

مانـدووبوونەکەمان پـێ دەمێنــێ و قەت پـێکەوە نـاگونجێین، هەرکەس لە دوورەوە بمانبینێ دەزانێ لە دوو دونیای جیاوازین، وەششـش کە گەرمە سووتام! تۆزێ ڕاوەستە سارد بێتەوە.

- ئەوەش لەو قسە قۆڕانەیە کە کچەی پێ هەڵخەڵەتاندووە! دەی باشـە ئەم هەموو ساڵە کارت کردووە و قەرز و قیسـتت داوەتەوە، ئەی ئەوە چـی؟ ئەوە کام بەشی کەمانچەکەیەتی؟ تۆز و وردە چێوەکانیەتی؟ هەمووی فـوو لێکات و فت؟ چۆن ئەبێ ماڵ چۆڵ بکەی بۆ کچە بەرەڵایەکی وا!

- من چۆڵی ناکەم، ئەو ئەڕوا، ماڵەکەی کردووە ناومەوە، هەموو شـتێکم بۆ بەجێ دێڵی و ئەڕوا.

ئەچـمە بەر ئـاوێنەکە و قـژم کـۆ ئەکەمەوە و بە گوڵێـک و چەنـد گیـرە ئەیبەسـتم، ئەو سـەرچڵانەی کە لە پشـتی سـەرمەوە وەک پەڕی تاووسـی لێهاتووە، هەر بۆ ناو فـیلم و وێـنە باشـە، بەڵام کە دەسـتی لـێدەدەی لە گسک دەچێ، مردووە، ئەڵێی قژی دەستکردە.

- هاتووم قژم کورت کەیتەوە، کورتی کورت.

ئەو تەماشانەکردنەی لە هەزار جنێو خـراپترە وا لە ڕووی نـایە بیڵـێ، بە جێی ئەو ژنان دێنە گۆ:

- نەوەڵا چۆن دڵت دێ کچێ؟ جا ژن بە قژەوە ژنە، شا چەند جوانە!

- ئاخر مێردەکەم پێی خۆشە جارێکیش بە قژی کورتەوە ... بۆ خـۆم کە دڵـم نـایە شۆردنیشـی زەحـمەتە، بەڵام پیـاوە ئیـتر چـی لـێ دەکەی! جـا

پیاوەکەی منیش کە هونەرمەندە و ئیشتیای سەیرسەیری هەیە!

بەڵام من دڵم دێ، ئیتر شاهۆ من نابینێ، دەبێ دوودەستیی پێشکەشی ئەو کچەی بکەم کە بە وتەی خۆی پێویست ناکا سماتەی بکێشێ، هونەر و مۆسیقا پێشتر سماتەی داوە و ئێستا ئامادەی چەسپانە بەو دەستەیە کە ساڵەهایە بە کاسەیەک لە جنسێکی ترەوە چەسپابوو.

پەرێ ئەڵێ:

- داخی ئەوە ئەمکوژێ ئەو هەمووە ناردمان لە ئاڵمانەوە ماسکی قژی ناو حەمام و دوا حەمام بێنن بۆ میم گورجیم! بە زەحمەت درێژمان کردەوە بۆی، بە زەحمەت!

ئەچمە پەنای گوێیەوە و ئەڵێم:

- کچە زگی پڕە، تێدەگەی؟

پەرێ قژم تەڕ ئەکا و بێڕەحمانە سماتەی پێدا دەکێشێ، قرچەقرچی مەقەستەکەی مووچڕک دێنێ بە لەشما، قژەکانم بۆنی چێوی تەڕیان لێ هەڵدەستێ، کچە بێئابڕووی کردووە و بای دێ بە لایدا، لاشەی قژەکانم ئەکەونە سەر یەک، تەزێک لە پشتی ملمەوە دەست پێدەکا و وەها لە مۆرەکانی پشتمەوە تێدەپەڕێ کە دەمکا بە دوو لەتەوە، لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بە حەوتووش نەدەهاتەوە بۆ ماڵ. ماشینێک لە کۆڵاندا بۆق لێدەدا، بە دەنگی بەرز دەڵێم:

- ئا توخوا بزانە شاهۆیە؟ بڵێ نیو سەعاتی تر تەواو دەبم!

ئەهوەن ئەبمەوە، خۆم تەسلیمی پەریٚ دەکەم، هەر ڕەنگێکی لیٚبدا گرینگ نییە و بەدڵمە.

بە دەنگی بەرز دەڵێم:

- دەبووایە زووتر بهاتمایە، دشەکەم دوای چەند ساڵ منداڵی بووە و ئەمشەو مەڕاسمی ناو نانیەتی، هەتا هاتووم هەر وتوویەتی براژن توخوا زوو بێیتەوە، تۆ نەبی هیچمان پیٚ ناکریٚ.

چڵە موویەکی زیادیم بە لەشەوە نییە و ئەمەویٚ هەڵفڕم، بەڵام قورسم، لەتێکم لە چێوە، چێوی پیر، کە هەر بۆ سووتان باشە، دەیگوت:

- بەم عەشقە تازەوە نەبووایە کوا ئەمتوانی تەنیا لە ساڵێکدا بە قەد دە ساڵ کۆنسێرت ڕێک بخەم؟

لەتە چێوینەکەم لە خۆم ئەکەمەوە لەگەڵ لاشەی قژەکانما ئەیخەمە نێو زبڵدانەکەوە، پەریٚ قژم دەشوا و سێشواری لیٚدەدا، نزیک دەبمەوە بە ئاوێنەکە هەتاترووسکەی چاوەکانمی تیا بدۆزمەوە، خەتە چاوێکی پڕڕەنگ دەکێشم و تۆزیٚ گۆنام سوور دەکەم، نا نایدۆزمەوە، وەرزشم بۆ دەکا، رژیمم بۆ دەگریٚ، دەرسم بۆ ئەخوێنیٚ، لەم ئاخرەوە! تەح! ڕیمڵ لیٚدەدەم، بە سێبەرەکاندا دەگەڕێم و سێبەرێکی قاوەیی لە ڕەنگی قژم لیٚدەدەم، نا نایدۆزمەوە، تۆختری دەکەمەوە سێبەرەکە بە ڕەش.

کچێک دەڵیٚ:

- زوو کە مێردەکەت مێشکی سەری بردین!

- لێگەڕێ با چاوی ڕەشی کاڵ بێتەوە و قەدری خشڵی بەر کوانوو بزانێ!

کچە لێمتێناگات و ژنەکان بە مەکرەوە پێدەکەنن و من ماتیکێکی سوور لێدەدەم، هێندە سوور کە خۆم ناناسمەوە، هەر لە داخی ئەو زەردەخەنەی بووکە بێخەمەکانی ناو وێنەکانی ساڵۆن. بە ڕیزی مانیکۆرەکاندا دەگەڕێم و مانیکۆرێکی پیازی لێدەدەم، نا باش نییە، ئەم ڕەنگە پیریی دەستەکانم زیاتر ئەنوێنێ، ئەیسڕمەوە و سوورێکی ئاڵباڵوویی لێدەدەم، کەچی هەر نایدۆزمەوە.

هەوا خەریکە تاریک دادێ و ژنەکان بەپەلەن بگەنەوە ماڵ، مێرد و منداڵیان بەجێهێشتووە و من... نایدۆزمەوە.

منیش دەڕۆم، بەڵام سەد کیلۆم و سەد ساڵمە، دەڕۆم و ئەبێ هەموو مانگێ ئێپیلاسیۆن بکەم، ئەم چەورییانە بتوێنمەوە، هەر شەش مانگ جارێ بووتاکس بکەم با چرچەکانی ناو چەوانم نەمێنێ، نینۆک بکێلم، جوانترین جلوبەرگی بۆ بکڕم گوڵخونچە گیان بەڵکوو بیدۆزمەوە.

□

٢٠١٤

## تاقە قامکێ بۆ ئاماژە

ئەم خاڵە وەرچەرخانێکی گرینگە لە ژیانی ئەودا. کاتێ بۆ یەکەم جار لە دەستی چەپی خۆی ڕادەمێنێ و دەبینێ کە دەبێ داماوانە داوای لێبوردنی لێبکا و لەمەوبەدواش خۆشی بوێ هەر وەک کەلوپەلەکانی ناو ماڵ و سەرجەم ئەو شتانە وا هۆگریانە.

لەم بەیانی هەینییەدا، کاتێ کە لە ژێر دووشی حەمام ڕاوەستاوە و بۆ یەکەمجار دەتوانێ دستە ڕاستە پێچراوەکەی بکاتەوە و بیخاتە بەر ئاو، بۆ یەکەمجار دەتوانێ لە ناو هەڵم و لە ژێر ڕووناکیی کزی حەمامدا تەماشای جێی پەنجەکانی بکا کە وەک دەمی چرچ و قووچاوی پیرەژنێکی مردووی لێهاتووە.

لە دەستی ڕاستیدا تەنیا قامکێکی بۆ ماوەتەوە: قامکی ئامـاژە. دوکتـۆر گوتبووی تا ساڵێکی تر برینی پەنجەکانی سارێژ دەبێتەوە و هێندە پێست دەخا هەتا سافولووس دەبێ، هەر وەک ناو لەپی. لە دوای بێدەنگییەکی درێژخایەن گوتبووی:

- ئەگەر هەر ئەو کاتە قامکەکانت بخستایەتە ناو سەهۆڵ و بتهێنایە بۆ

من، وەهام بە دەستتەوە دەلکاندنەوە کە هەر بە خۆت نەزانییایە!

بەڵام ئەو کش‌ومات چاوی بڕیبووە دەمی دوکتۆر و هەستی دەکرد زەمانیشی ئەنجن‌ئەنجن بووە، چونکە نەیتوانیبوو ئەو دیمەنەی بۆ بگێڕێتەوە کە خاوەن‌کارەکەی نیگەران کردبوو کڕیارەکانی فرۆشگەی لێ بتارێنێ و ناوی فرۆشگەکەی خراپ بکا. دیمەنێک کە هەر نەیزانیبوو ڕاستە یان سێکانسێکی تۆقێنەرە لە فیلمێکی هالیڤوودی کە هەمیشە خۆ گێل دەکا لە دیتنی.

نەیدەتوانی باسی خێرایی خولانەوەی ئەو تیغە چوار پەڕە ئاڵمانییەی دەزگای سەوزی وردکردنەکەی بۆ بکا کە لە چاو ترووکانێکدا چوار قامکەکەی دەستی ڕاستی لەگەڵ دە کیلۆ سەوزی ئەنجن‌ئەنجن کردبوو، ڕەگ و پێست و خوێن و ئێسقان و نینۆک، تێکەڵ ببوو لەگەڵ سەوزیی دۆڵمەی شەوی چلەدا.

پێشتر دەستی ڕاست، شامپۆکەی هەڵدەگرت و چکێکی دەکردە ناو لەپی چەپەوە و ئەویش دەیساوییە قژەکانی، لە دوای لفکە لێدان، خۆی ئاو دەکێشا و ئاوەکەی گەرمتر دەکرد و لە ژێر دووشەکە دادەنیشت.

هەستی دەکرد ئەو ساتە، بەتەواوی هی خۆیەتی و بۆ خۆیەتی. ڕۆدەچووە ناو خەیاڵەوە و قورسایی ژیان بە سەر شانییەوە سووکتر دەبووەوە، وەک ئێوارانی پێنجشەممە وا لە پەنجەرەی فرۆشگەکەوە دەیبینی دراوسێکان بارگەیان هەڵگرتووە و بەرەو شوماڵ دەچن، ژنان

لەچکەی ڕەنگی لە سەر و مانتۆی بەری باز لە بەر، دێن بۆ فرۆشگە و بەشی دوو ڕۆژی پشوویان خواردنی حازری دەبەن. گەر خاوەن کارەکەی ئیجازەی پێبدایە، جل‌وبەرگی بازاڕی لەبەر دەکرد و ئاڕایشێکی کاڵی دەکرد و ئەویش بۆخۆی دەچووە ناو پارک یان کافەیەکەوە. بەیانیانی هەینی بۆ ئەو لە حەمام، وەک ئێوارانی پێنجشەممەی خەڵکە و ئیتر دەربائیسی پارەی ئاویش نایە. ڕۆدەچووە ناو خەیاڵەکانی، داوای بیمەی لە خاوەن‌کارەکەی دەکرد، بەو پیاوانە وا لە چەند گەڕەک ئەولاترەوە دەهاتن بۆ تەنیا نیو کیلۆ پیوازی سوورەوەکراو دەیگوت:

- توخوا دڵتان خۆشە ژنتان هەیە؟ دەک داوەشێن یا ڕەبی وەڵڵا عەیبە!

داوای لە خاوەن‌کارەکەی دەکرد بۆ ساڵی داهاتوو مووچەکەی زیاد بکا یان قەرزێکی بداتێ تاکوو بتوانێ لە گەڕەکێکی نزیک بە فرۆشگەکە خانوویەکی گەورەتر بگرێ تا چیدی خۆی هەڵنەواسێتە میلەکانی ناو مێترۆ و ئەو سێ پاسە قەرەباڵغە وا دەیگەیەننە ماڵ و فرۆشگەکە. تا چیدی شەوانی هەینی کاس نەبێ لە بۆنی تریاکی خاوەن‌ماڵ و دراوسێکان.

خەیاڵەکانی خۆشتر دەبوون کە بیری لە مێردەکەی دەکردەوە، پاڵەوانی جوانەمەرگی چیرۆکە سەیر و بچووکەکانی ناو جادە هەموو جارێ باری بۆ شاران دەبرد و ڕووداوە ئاساییەکانی ناو جادەی بەوپەڕی تام‌وچێژەوە بۆ دەگێڕایەوە. ئاو، فرمێسکەکانی دەشت و لەشی نەوازش دەکرد، جاری وابوو بە هێواشی گۆرانییەکی دەگوت و ئاو و فرمێسک و

خەیاڵ و زایەڵەی دەنگی لە حەمام بەتەواوی سووکی دەکردەوە، ئەوجار کە دەبینێ سەرپەنجەکانی چرچ بوون، دەیزانێ کە کاتی ئەوە گەییشتووە ئاوەکە ببەستێ و بگەڕێتەوە ناو دنیای ڕاستەقینەی دەرەوی حەمام.

ڕاستی دەگوت خانمی مودەڕڕسی، تاقە قامکێک بە کەڵکی هیچ نایە جگە لەوەی کە ئاماژەی پێ بکا بۆ پێشان دانی شتێک یان کەسێک.

خانمی مودەڕڕسی کڕیاری دێرینی فرۆشگەیە، هەموو کەس‌وکاریشی پێ‌فێر کردووە و بە وتەی خۆی لە سێبەری ئەم فرۆشگەیە هەموویان بوونە کابان، چونکە مامۆستای زانکۆیەکی وێنەکێشە و قەت کاتی ئەوەی نییە پیواز سوور بکاتەوە، ترشی و مرەبا ساز بکا و سەوزی پاک بکا و دۆڵمە و چێشتی ماڵیی لێ‌بنێ.

لەوەتەی پۆرترەیەکی گەورەی لە خاوەنکارەکەی پێشکەش کردووە و بە دیواری فرۆشگەکەدا هەڵیانواسیوە، بۆی هەیە ئەوەی داوای بکا بەبێ سەرە پێی بدرێ یان بۆی بنێردرێتە بەر درگا و دوایی مێردەکەی هەر کات توانی بێت و حیسابی بکا.

وا ئێستا لە تاقە قامکێک ڕاماوە کە بە وتەی خانمی مودەڕڕسی "زۆر بامەزە"یە!

سەرەتا خانمی مودەڕڕسی بە برینی پەنجەکانی، کە پێداگری کردبوو بیبینێ و پاشان بەپەلە خۆی گەیاندبووە دەستشۆرەکە، دڵی لە ژێڵڵا هاتبوو. لە دوای هێڵنجە بەرزەکانی خانمی مودەڕڕسی، خاوەن‌کارەکەی

قەدەغەی کردبوو کە پیشانی کڕیارەکانی بدات و دەستووری دابوو یان بە پەڕۆیەک بیبەستێ یان بەردەوام لە بیخاتە گیرفانی.

دوو مانگی پێچوو هەتا خانمی مودەڕڕسی توانیبووی بچێتەوە فرۆشگە و وەختانێک کە باسی ئەو وێنە ترسینەرە بکا بۆ کەس‌وکار و خوێندکارەکانی، حاڵی تێک‌نەچێتەوە.

- ئەزانی ئەم برینەی تۆ من ئەخاتەوە بیری کام وێنە؟ تۆ وێنەی "تۆماسی بێ‌ئیمان"ت دیوە؟ شا ئەو پرسیارە من ئەیکەم! ڕاوەستە با پیشانت بدەم...یەک لە شاکارەکانی "کاراواجۆ"یە، وێنەکێشی ئیتالی سەدەی شانزەی میلادی، زۆر جوانە زۆۆۆر! ئەوەتا لە سەر پرۆفایلی فەیس‌بووک و تێلێگرام و ئینستاگرامەکەشم دامناوە. کاتێ مەسیح زیندوو دەبێتەوە بە برینی سەر سکیەوە دەگەڕێتەوە ناو خەڵک. بڕوانە بۆ تۆماس چۆن ئەو قامکە ئاماژەیەی خستۆتە ژێر برینە ئاوەڵاکەی سەر سکی مەسیح، ئەو بێ‌ئیمانی و ناباوەڕییە ئەبینی لە ناو قامکی حەوارییەکەیا؟ وەک بێژێ چۆن ئەکرێ مرۆڤێک بە برینێکی وا کارییەوە هێشتا هەر لە سەر پێیە! شا شا بڕوا بۆ ئەو قامکە ئاماژەیەی چۆن لە ڕاستییەکی تاڵ و تراژدیایەکی مێژوویی ئەکۆڵێتەوە... ئاغاکەشم زۆر حەز بەم تابلۆیە ئەکا، هەموو جار ئەڵێ فرووغ با گەورەی کەینەوە و لە میوانخانەکە هەڵیواسین. ئەڵێم نا عەزیزەکەم با لە کتێبخانەکە بێ، چون خەڵک بەرگەی ئەم شتانە ناگرن! ئەو تاقە قامکەی تۆش من ئەخاتە بیری ئەم وێنەیە... ئاخێیییی

دەرکـت ئەکەم زۆر سـەختە، هـێ هـێ هـێ هـێ ئیتفـاقەن بامەزەیشـە، ئەزانی؟ هەر بۆ ئەوە ئەبێ جێیەکتی پێ بخورێنی.

دەبێ ڕابێ بە بێتەجروبەیی و تەمەڵییەکانی دەستی چەپ، دەستێک کە لە دوای ئەم چەنـد مـانگە، هێشـتا بـۆی نـامۆیە، بەم حاڵەشـەوە جـلوبەرگـی بـۆ لە بەر دەکـا، کـاتێ کە هەوڵ دەدا دەرگـا تونـدەکانی تاکسییەکان بکـاتەوە دەسـتی ڕاسـت وا دەزانـێ جـاری جـارانە و خێـرا لە گیرفانی دەردێ و دەچێـتە هانـایەوە، بەڵام کە دەزانـێ هیچـی پـێنـاکرێ سەر دەکاتەوە ناو گیرفانی و فرمێسکەکانی دادەنێ بـۆ بەیانیـانی هەینـی ناو حەمام.

کاتێ مەقنەعە لە سەر دەکا دەستی چەپ زیاتر لە چـارەکێ خەریکـی ڕێکوپێککردنیەتی. دەستی چەپ خـۆی دەکێشـێ بە سـەر قژەکانیـدا و دایدەپۆشێ، بەڵام قژەکـانی نایاننـاسـنەوە و هەر تـاڵە و بەزمـێ دەگێـڕێ و لەمـلا و لەولای مەقـنەعەکەیەوە سـەر دەکێشـنەوە دەر، ئیـتر تـا ئەو تـاقە قـامکەی نەکێشـێ بە سـەر یەکەیەکەیانـدا دڵنیـا نـابن و نـاچنەوە ژوور. شـەوانەش کە لە کـار دەگەڕێـتەوە، پـێش خەوتـن قەڵەم و دەفتەرێـک دەهێنێ و دەست دەکا بە ڕاهێنـان. دەڵێـی پێـنجسـاڵانە دەسـتی چەپ، دەترسێ، دەلەرزێ و خەتێکی ڕاستیشی پێ ناکێشرێ، کە دەیهەوێ ناوی خـۆی پـێ بنووسـێ، پیتەکـان دەبـن بە پیتـی عیـبری یـان چەنـد وێـنەی بێمانا. دەسـتی ڕاسـت حـرس و جـۆش دەخـوا و بـێتـاقەت دەبـێ، بـۆیە

قامکی ئامـاژەی دەکـاتە قەڵەم و بە جـوانی جـاران و بە چەنـد جـۆر خەت نـاوی دەنووسـێ و واژووی دەکـا، ڕێـک وەک جـاران بەڵام بەبـێ جەوهەر، واژووەکە دەبێتە خەتگەلی شەقلیپەقلی و نـاوەکە ڕەش دەکـاتەوە، چەنـد وێنەی نادیار دەکێشێ، چەند ڕەقەمی نادیار، جنێو دەنووسێ و لە دواییدا هەموویان ڕەش دەکاتەوە... شێت دەبـێ تـاقە قـامکی دەسـتی ڕاسـت بە سەر لاپەڕەکەدا و لە بەیانیانی هەینی ناو حەمـامدا، لە ژێـر دووشـی ئـاوی گەرم تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

ئازاری هەموو ئەمـانە بە لایەک و ئەوەی کە ئیـتر ئاغـای چاوشـی نـژاد وەک جاران نایێ بۆ فرۆشگە بە لایەکی ترە. شەش مـانگی پـێش، هەر ئەو رۆژە دوایـین قیسـتی مـاڵەکەی لە کـۆڵ ببـووەوە، بە خـاوەنکـارەکەی سپاردبوو ژنێکی باش و قانعی بۆ بدۆزێتەوە، خـاوەنکـارەکەی خێـرا ئەوی پێ پێشنیار کردبوو. ئێواران سەعاتی شەش بە دواوە دڵی توندتر لێدەدا، هەرچەنـد فرۆشـگە جەنجـاڵ ببـوایە هەر لە پەنـجەرەکەوە ئاگـای لە سـەر شەقام بوو، ئاغای چاوشی نژاد وردەوردە پەیدا دەبوو و لە بەر ویترینەکە بۆ تاوێک خۆی دەخڵافاند بەڵام دەیزانی بە سیلەی چاو تماشای هاتوچـۆ و بەژنوباڵای ئەو دەکات و ئەویش دەبووایە زۆری هەوڵ بدایە کە خۆی لـێ گێل بکات و لەرزینی دەست و دەنگی لە خەڵک بشارێتەوە.

کێشـە تەنیـا ئەوە نیـیە کە دەسـتی چەپـی پـێ نـامۆیە، لەوەتەی ئەم ڕووداوە "بامەزە"یە ڕووی داوە هەست دەکا زەمەن درێژتر لە جاران بۆتەوە،

زەمەن بە باری تەمەڵی و تازە کاری دەستی چەپەوە دەسووڕێ، بۆ نموونە جاران تەنیا لە چەند حاڵەتی دیاری‌کراودا هەستی بە تێپەڕینی زەمەن دەکرد: کاتێ کە ژێری برۆی دەهاتەوە یان نینۆکەکانی درێژ دەبوونەوە دەیزانی حەفتەیەک تێپەڕیوە، چەند ڕۆژ پێش و دوای مووچەگرتن و کاتی کرێ‌خانوو دان دەیزانی مانگێک تێپەڕیوە، نەورۆزان یان کاتێ دەیبینی شەریکەی "ئیران‌سێڵ" پەیامی پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایك‌بوونی بۆ دەنێرێ، دەیزانی ساڵێک تێپەڕیوە.

لە دوای ئەم ڕووداوە، خاوەن‌کارەکەی زۆربەی ئاواتەکانی ژێر دووشی حەمامی بۆ بەدی هێنابوو. خانوویەکی گەورەی بۆ گرتبوو، هەندێ کەل‌وپەلی تازەی بۆ کڕیبوو و هەندێکی تری لە خەڵک بۆ وەرگرتبوو؛ کەچی بۆ ئەو کەل‌وپەلی ماڵە دەوڵەمەند، هەر دەستی یەک بوو، مووچەکەی زیاد کردبوو و نەورۆزانەکەشی هەروەها، گەر جاران باری کڕیارەکانی هەڵدەگرت و دەیبردە ناو ماشینەکانیان و بەم جۆرە پارەیەکی زیادی دەست دەکەوت، ئێستا پێویست نەبوو ئەم کارە بکا و خاوەن‌کارەکەی ئەوەشی پێ دەدا. جگە لەوە ئیتر کاری بە خاوێن‌کردنەوەی ناو فرۆشگە نەبوو و کەسێکی تر ئەم کارەی دەکرد.

بە وتەی خاوەن‌کارەکەی بۆ ئەو باشتر وایە هەر لە پێی سەندووقا بێ و پارە حیساب بکا و بۆ خۆی "خانمی بکا"، چونکە ناتوانێ بڕوا بە کەسی تر بکا، تەنانەت کەس‌وکاری خۆیشی وا چەند جار پارەیان لێ خستبووە لا.

تەواوی ئەمانە دڵخۆش کەرن و بۆنی ئێوارانی پێنجشەممەی خەڵکیان لـێ دێ و نـازانێ ئەم فرمێسـکانە ئیـتر بـۆ دێـنە خـوار؟ گەر ئەم ڕووداوە "بـامەزە"یەی لە زمـانی مێـردەکەیەوە ببیسـتایە بـڕوای نەدەکـرد، بە پێچەوانەی هەمیشەوە کە وای دەنواند بڕوای کردووە، چـونکە پێـی خـۆش نەبوو پرسیار لە هۆکارەکان بکا و ئەو شۆخوشەنگییەی لێ بستێنێتەوە.

- دا خاسـە فشـە کەر! باشـە چـۆن ژیـان بە دەسـتێکەوە ئەچەرخـێ؟ ئەویش دەستی چەپ وا هەمیشە یارمەتیدەری ڕاستە!

جا بێ گومان مێردەکەی دەیگوت:

- چۆن نابێ ژنەکە؟ تۆ تەنیـا مـانگێ تـاقی کەوە بەشـەڕەفم ڕادێـی، بە ڕاهێنانە کە دەست بەهێز ئەبێ، زۆری پێ ناچێ کە وەک دەسـتی ڕاسـتی لـێ دێ، جـا ئەوە چیـیە مـن بینیـومە کـابرا بەبـێ دەسـت و قـاچ ژیـاوە و هونەرمەند و وەرزشکاریش بووە. بۆخۆم چەند کەسی وام دیوە لە شـاراندا، ماڵت ئاوا بێ ئەوە تۆ خەبەرت نییە.

بیری مێردەکەی دەکا و دەگری، گەر مێردەکەی بمایە بێ گومان زۆری یارمەتی دەدا، هەر نەبێ هەموو شـەوێ بە بیـانووی شـێلانی دەمارەکـانی لاملــیەوە دەچـــووە لای و ئەو دەســـتە بەهێـــزە پیـــاوانەیەی هەمـــوو ماندووییەکانی ئەو ڕۆژەی لێ دەڕەواند.

- ئا ئا لامەسسەب خۆیەتی، ڕێـک ئەو دوو شـادەمارەی چەپ و ڕاسـتی ملمـلە، بیگـرە و هەتـا دێـتە سـەر شـانم بەری مەدە بـێ قەزا بـی، ئەی

ئافەرین... دەی... ئۆخخخەی.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ برینی پەنجەکانی کۆ و کۆتر دەبێتەوە، وەک دەمی چرچ و قووچاوی پیرەژنێکی مردووە، ڕانایە نا، با لە فرۆشگە هەر بکوتێ بە سەر قۆبچەکاندا و پارە بژمێرێ.

ئاوی دووشەکە فرمێسکەکانی دەشواتەوە، برینەکانی نەرم دەکاتەوە، دەترسێ لە خاوبوونی ئەم تێپەڕینی زەمەنییە، ئەو گریانە بەکوڵەی تەنیا لە پرسەی دایک و باوک و مێردەکەیا دێتەوە بیر، گریانێک تێکەڵ بە لاڵانەوە و لوورانەوە.

لە پڕا چاوی دەکەوێ بە فڵچەیەکی پەمەیی و تازە کە هێشتا لە ناو نایلۆنەکەیدایە، بە دەم گریانەوە فڵچەکە دەردێنێ، تازەی تازەیە و بێ‌گومان خاوەن‌کارەکەی زانیویەتی حەزی لە ڕەنگی پەمەییە.

ئەمە عادەتی دێرینی دوا خۆ هەڵڕژاندنیەتی کە ئاوەکە ببەستێ و سەرپەنجە چرچەکانی بکێشێ بە پێستیدا و چێژێکی ئاشنا ببا لە جیرەی پێستی، لەو جۆرە چێژانە وا کاتێ مەقنەعەکەی لادەبا و سەر ڕادەوەشێنێ و فێنکایی دەخزێتە بن قژەکانی، یان ئەو کاتە وا مێردەکەی لە دوای شێلانی دەمارەکانی لاملی، پەنجەکانی قاچیشی یەکە یەکە بۆ دەتەقاند.

لە دوای بیستنی ئەو جیرەی پێستە، فڵچەکە هەڵدەگرێ و دەکەوێتە گیانی کاشی و سرامیکەکانی ناو حەمام و ئاودەستخانە، قەد فڵچەیەکی وا لەباری نەدیبوو کە هەم تازە بێت و هەم چێرەییش، تازە و چێرەیی وەک

گڵۆپە ڕۆمانسییەکەی ئاودەست و حەمام، ئەو زبڵدانە خنجیلانانە وا وێنەی سیندرەلایان لەسەرە لە ناو ئەم ماڵە گەورەیەدا. جگە لەوەش مۆبلەکەشی دەبێتە تەخت بۆ میوان و ژێری مۆبلەکە دنیایەک شتی زیادی دەگرێ، وەک مۆبلەکانی خاوەنکارەکەی و خانمی مودەڕڕسی. ئێستا ژیانی وەک ئەوانی لێهاتووە بە مەرجێ نهێنی بیمە نەبوونی لای خەڵک و بیمەدا بپارێزێ. ئەم ڕووداوە بامەزەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە هەندێ کەلوپەلی تازەی بە دیاری پێ بدرێ کە نە لە خەودا دەیبینی و نە لە خەیاڵەکانی بەیانیانی هەینیدا.

بەو دەستە چەپەی دەکەوێتە گیانی کاسەی توالێتەکەوە و سپیسپی دەکاتەوە. کاسە توالێتەکە پەڵەیەکی بچووکیشی پێوە نییە لە زەوقی بدا، هەموو شتێکی خۆش دەوێ، لەبەر ئاوێنەکە پێکەنینی بە خۆی دێ کە قەت دڵی نەدەهات فڵچەی تازە بکڕێ، بۆ هەر ماڵێك بیگواستایەوە، فڵچەی کۆن و چڵکنی کرێچییە پێشووەکەی بە سۆزی دڵ دەشت، بەڵام هەر بە دڵی نەبوو، بۆیە قەت نەیدەتوانی لە هیچ ماڵێکا هەست بە خاوەنماڵبوون بکا و هەمیشە بە بێزەوە دەستی بۆ شتەکان دەبرد.

یەک لەو چێژە تایبەتانەی ژیانی ئەو، ئەوەیە لە دوای خاوێنکردنەوەی ئاودەست، سەرکەوتووانە لە سەر توالێتەکە دابنیشێ و خۆی خاڵی بکاتەوە، ئێستاش هەر بەو شێوەیە وا دانیشتووە، تۆزێ دەرگای ئاودەستخانەکە دەکاتەوە و تماشای دیمەنی خانووە تازەکەی دەکا کە لە

بووکیەتیشدا شتی وای بە چاو نەدیبوو، تماشای ئابازۆرەکە دەکا کە سەری شۆڕ کردۆتەوە بە سەر مۆبلەکەدا، ئیتر پێویست ناکا گڵۆپی ژوورەکە هەمیشە هەڵبێ، چونکە ئەم ماڵە ئیتر ژێرزەوین نییە، ئەو گڵۆپە نالەبارانە کە هەمیشە سەری پێیان دێشا و چەند مانگ جارێ هەر لە خۆوە دەسووتان.

سەر دادەنەوێنێ و تماشای ڕیزی گوڵی فەرشەکان دەکا وا خوشکی خاوەنکارەکەی پێی داوە. گوتبووی: - تۆزێ لە مۆد چووە ڕۆڵە گیان بەڵام بە گیانی منداڵم، بە ئیمامی حسەین هەر لە میوانخانە ڕامخستبوو، بڕوانە چەند تازەیە!

ئینجا بە پێکەنینەوە چپاندبووی بە گوێیدا:

-هیچ نەبێ لە شڕەوبڕەکانی خۆت باشترە!

حاجی خانمێکی دڵسۆزە خوشکی خاوەنکارەکەی، کە نەزری عاشوورا و تاسووعا دەدا، سەرەتا بەشی ئەو دەنێرێ، کە "سفرەی ئەبولفەزل"یش ڕادەخا هەروەها. زۆر جار جلە کۆنەکانی پێدەدا کە هەر تازەشە و بۆنی گوڵاوی چارشێو و بەرماڵەکەی لێدێ.

هەست بە دڵئەرخەیانییەکی تازە دەکا کاتێ دێتەوە بیری کە ئێستا جلشۆر و مایکرۆفێر و تەخت و سەتەلایتی هەیە.

کاتێ ئیتر مەجبوور نییە سەعاتی شەش لە خەو هەستێ، وەک خانمی مودەڕڕسی سەعاتی هەشت لە خەو هەڵدەستێ و خۆی لە ماڵێکی

ڕووناکـدا دەبینێـتەوە کە پەنـجەرەی هەیە و پەردەکـانی ئەتڵەسـییەکی قاوەیی شکولاتی مەیلەو تەڵاییە، ئینجا بە دە دەقە دەگـاتە فرۆشـگە و تـا ئێوارە بۆخۆی "خانمی دەکا".

بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا لە ژێر تیشکێکی بـێ‌گیـانی خـۆر لە حەمـامدا، تەماشای دەستی چەپی دەکا و هەست دەکا دەبێ داوای لێبـووردنی لـێ بکا.

□
٢٠١٦

## مرازێکی ڤەنەبوو

**پێشکەشە بە فیراس میرزا سەعید**
**کە زیاتر لە سەد کچی ئێزدی بەم**
**چەشنە قوتار کردووە.**

نازانێ چەند کاتژمێرە بەڕێوەن و چەندی تر ماوە و بۆ کوێ دەڕۆن، زمانیشی بە گەروویەوە نەنووسایە نەیدەوێرا لە کەس بپرسێ. وڵامی ئەم کونجکۆڵیانە پێلاقە و شەپڵاخە، جنێو بە مەلەکتاووس و تفێکی بۆگەنە، ئەو بۆگەنە سەیر و نامۆیە وا حەوت مانگە لەگەڵیدایە و لێی نابێتەوە بە مۆڕ بوونەوە یان شۆردنی خۆی لە ئاوی زەمزەمدا نەبێ.

سەرەتای ئەم بۆگەنە لەو هۆڵە بوو وا حەوت مانگ پێش، خۆی و چوارسەد دەستە خوشکی تێدا بینییەوە، کە هەڵیدەمژی دەبوو بە زریکە، بە هەنیسک، بە فرمێسک و دەیدایە دەرەوە. کاسی کردبوو ئەو بۆگەنە، هەستی دەکرد ڕۆچووەتە ناو سییەکانی، خانەکانی لەشی و تەنانەت بن قژیشی. ئیتر هەموو شتێ ئەو بۆنەی لێدەهات، پیساو و ئاوەڕۆکانی مووسڵ، ڕیش و لەش و دەمی شێخەکان، شەپڵاخە و پێلاقەیان، نان و هەوا و تەنانەت هەتاویش کە بەدزییەوە نوێژی بەرانبەر دەکرد و دەپاڕایەوە

بۆ ڕزگاربوون.

دڵی لە ژێڵلا دێنێ دڵەڕاوکە، لە ڕانەکانییەوە هەڵدەکشێ، دەبێتە گەردەلوول لە سکیدا و بە کەیفی خۆی ڕیخۆڵەی هەڵدەگلۆڤێ، ئینجا لە ناکاو پەلامار دەدا و چڕنووک دەخشێنێ بە سەر گەروویدا. عیدۆی دێتە بەرچاو کە بە کراسی سپییەوە لە بنکەی پێشمەرگە چاوەڕێ و نیگەرانیەتی. ڕاستەوخۆ دەیبا بۆ لالش عیدۆ، خەڵکێکی زۆر پێشوازییان لێدەکەن، دەیکەن بە جەژن و هەرا، "دای شیرین" مۆری دەکاتەوە، "باباشیخ" بە خۆشحاڵییەوە دەست بە سەریدا دێنێ و دۆعای خێری بۆ دەکا، لە دایک دەبێتەوە دیسان، زیارەتی "شێخ هادی" دەکا، دەست لە ناو دەستی عیدۆ، حەوت جار دەسووڕێنەوە بە دەوری مەرقەدی شێخدا.

دڵەڕاوکە لێی‌ناگەڕێت و هەناسەسواری دەکا، وەک ئەو کاتە وا نەیدەویست و دەیزریکاند، هەڵدەهات، شێخ پەلاماری دەدا، بە دەستێک پانتۆڵەکەی دادەکەند و پەنجە ئاسنینەکانی دەستەکەی دیکەی، دەخستە سەر گەرووی و دەیگووشی، هەناسەی ئیتر دەبوو بە لوورانەوە، پاڕانەوە، بە گریان و ون دەبوو لە هاسکەهاسکی پڕ شەهوەتی شێخ و تف و نەفرەتەکانی دوای تەواوبوونی.

- یا خودێ، یا مەلەکتاووس، یا خاتوون فەخرا...

دەیدۆزێتەوە، دڵنیایە دەیدۆزێتەوە، لە ژێری مرازە ڕەنگینەکانی مەرقەدی "پیری لبنە"یە، مرازێکی سوور، توند و قایم گرێ دراوە و هی

ئەوە، کەس نایدۆزێتەوە دڵنیایە، کاتێ عیدۆ خوازبێنی لێ کردبوو و باوکی گوتبووی:

- کچی چاردە ساڵان کوا بۆ شووکردن دەبێ؟

عیدۆ ئەنگوستیلەیەکی بە دیاری پێدابوو و بەرەو هەولێر کۆچی کردبوو، ئەویش ئەنگوستیلەکەی بە "پیری لبنە" سپاردبوو و دەستەوداوێنی ببوو کە زووتر گەورە ببێ. دەیدۆزێتەوە، دڵنیایە کە دەیدۆزێتەوە.

لەو بۆگەنەیە یان بۆنی بەنزین کەوا هێڵنج دەدا، هێندە بەهێز کە دەترسێ منداڵەکە هەڵکەندرێ و بپەڕێتە دەمیەوە و بکەوێتە سەر کۆشی، وەک مریەمی عوزرا، مریەمی عوزرای کچە مەسیحییە هاوڕێکەی کریستینا. کریستینای بیر دێتەوە و عارەقەی سارد لە بن قژیەوە دەتکێتە خوارێ و دەخزێتە ناو شانی، زریکەی کریستینا هەموو گیانی دەرزیئاژن دەکا.

- یا خودێ! کریستینا بەرگەی ئەم ئازارانە ناگرێ، ئاخۆ ئەوانیش گیراون؟ لە کام شارن؟ بڵێی بتوانێ خۆی ڕزگار بکا؟ ئاخۆ بە چەندی بفرۆشن؟ کێ دەیکڕێتەوە؟... ئاخ یا مەلەکتاووس ئەگەر کوشتبێتیان ئێستا ئیتر سکی پڕ نییە، ڕۆحی ئاسوودەیە و لای مریەمی عوزرایە... ئاخ یا خاتوون فەخرا خۆت ڕزگارمان بکە!

هێڵنج دەداتەوە لە شەپۆلێکی بۆگەن کە دەخزێتە ژێر ڕوقعەکەیەوە،

دڵنیایە سەیارەکە پیس ناکا چون سێ ڕۆژە لە دڵەڕاوکەی ئەم ساتانە هیچی نەخواردووە و بە هەموویەوە چوار سەعاتیش نەخەوتووە، تەنیا شپرزە مۆتەکەی بینیوە و بەس، کەچی قۆنداغی تفەنگێک دەکێشرێ بە سەریدا و کەسێک دەنەڕێنێ:

- کافرەی سپڵۆتە! سەیارەکە پیس نەکەی ها دەتۆپێنم.

دنیا پەردەیەکی ڕەشی بە سەردا دەکێشرێ و ئاگای لە هیچ نامێنێ.

بە هەراهەرا و "الله اکبر"ی سەربازەکان ئاگا دەبێتەوە، هەموو گیانی بە عارەق خووساوە و جلەکانی لە شیەوە نووساون، لە سەیارەکە دادەبەزێ بەڵام هێزی وەستانی نییە و دەکەوێ، سەربازێک پیلی دەگرێ و هەڵیدەستێنێ بەڵام سەری لە گێژەوە دێ و لەتر دەدا، سەربازێکی دی دەست دەخاتە ژێر هەنگڵی و دەیبەنە بەردەم خەلیفەیەکی ورگن و "الله اکبر"ی بۆ دەڵێن و نامەیەکی پێدەدەن.

- ناوی چییە؟

- سەما سەلۆ حازم.

- تەمەنی چەندە؟

- گەورەم شازدە.

- چەندتان لە سەر داناوە؟

- گەورەم پێنجهەزار دۆلار.

- کێ دەیکڕێتەوە؟

- فیراس میرزا سەعید، لە کافرەکانی گوندی "دۆغات"ە.

- نایناسم، المهم...

- گەورەم دەڵێن زۆر دەوڵەمەندە، بازرگانی لەگەڵ کافرە ئێزەدییەکانی ڕووسیا دەکا، داوای کڕینی سەد کچی کردووە و هەتا ئێستا هەندێکمان پێ فرۆشتۆتەوە.

- چەند کچ؟

- نازانم گەورەم، شێخ ئەبووتارق دەزانێ ئەو پێوەندی هەیە لەگەڵ جەماعەتی مووسڵا.

- دەی باشە بیبەن، ئێمە لێرەوە چاودێریتان دەکەین.

- دەبێ بە تەنیا بڕۆم گەورەم بڕیار وایە ئەویش بە تەنیا و بەبێ چەک بێ.

- جا چۆن شتی وا ئەبێ! خۆ هەر پێویستە کەسێکت لەگەڵا بێ و چاودێریت بکا، پارەکان بژمێرێ، لەوانەیە پارەی تەقەللوبیت بداتێ، ئەمانە بێدینن.

-غەڵەتی وا ناکا گەورەم خۆم چەند کچم بۆ بردووە و هەموو شتێکی مەزبووت بووە بەڵام هەر ئەبێ چەکم لەگەڵا پێ بێ.

خەلیفە ڕوقعەکەی هەڵدەداتەوە و تماشای دەکا و دەست دێنێ بە سینگ و ڕانیدا، بۆنی ئاوەڕۆکانی مووسڵ کاسی دەکاتەوە دیسان، خەلیفە بە حەسرەتەوە دەڵێ:

- وەڵڵا حەیفە کچی وا ناسک و تەرچک بە دەستلێنەدراوی بچێتە جەحەنەمەوە، حەک لەو جوانییە! سبحان الله! باشە بچۆ الله یارت بێ.

- الله اکبر.

یەک لە سەربازەکان بەری دەدا و ئەوی تر بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێ. بەندی پرتووکاوی سەرپێیەکانی بەرگەی ئەو زیخ و چەقڵانە ناگرێ و دەپچڕێ، چەند هەنگاو دواتر بۆ خۆیشی دەکەوێ.

- هەستە سپلۆت کاتی زۆرم نییە دەبێ تا پێش نوێژی مەغریب بگەڕێمەوە ناو گرووهان.

چی هێز لە خۆیدا شک دەبا کۆی دەکاتەوە بەڵام بەشی بە پێوەوەستان ناکا، توونییە، برسییە:

- بریا عیدۆ شتێکی بۆ بهێنایام، لەفەیەک، هەر نەبێ شکولاتێک...

سەربازەکە پەل دەکوتێ بۆ سەری کە بە حیساب قژێکی درێژی دەست کەوێ و بە دوای خۆیدا ڕایکێشێ بەڵام نازانێ کە سەما پێشتر قژەکانی بە چەقۆیەک بڕیوە، نایەتەوە بیری لای کامە شێخ بوو، بەڵام کە هێنایانەوە نە دەیتوانی لە سەر پێی خۆی بوەستێ و نە دانیشێ و نە چۆک دابا و نەش ڕاکشێ، ئەو بۆگەنە هەموو گیان و جلەکانی تەنیبۆوە و بێزی لە خۆی دەکرد. دەستی دەهێنا بە گیانیدا بەڵام لەگەڵ لەشیدا نامۆ بوو، چاوی کەوتبووە چەقۆیەک و ویستبووی لە سکی ڕۆ کا، منداڵەکە پێلەقەی لێدابوو و دڵی نەهاتبوو، گەرووی ئاوسابوو، ویستبووی سەری خۆی ببڕێ،

دەیزانی تەنیا بە زەربەیەک گیانی دەردەچێ، بەبێ ئازار، بێ سووکایەتی، چەقۆکەی خستبووە سەر گەرووی، ڕێک لە جێی پەنجەکانی شێخ، هەموویان بە یەک شێوە دەستدرێژییان دەکرد، لە دوای ئەو هەموو بەکرێدانە هەر ڕانەهاتبوو و دەیزریکاند و دۆعای دەکرد:

- یا خودێ، یا مەلەک تاووس، یا خاتوون فەخرا...

دەتکوت شێوازی دەستدرێژی‌کردنیش لە سوننەتەکەیاندا بەوردی نووسرابوو: بە دەستێک پانتۆڵەکانیان دادەکەند و بەو دەستەی تر بێدەنگیان دەکردن.

منداڵەکە پێلەقەیەکی تری لێدابوو و چەقۆکەی لێکەوتبوو. ئەم ڕۆژانەی وێنا کردبوو، ڕۆژی زەماوەندەکەی، دەبووایە بمایە و مرازەکەی بدۆزیبایەوە و گرێ سوورە توندەکەی بکردایەوە و ئەنگوستیلەکەی لە قامکی عیدۆ بکردایە.

چەقۆکەی هەڵگرتبوو و لە داخانا قژەکانی پێ بڕیبوو.

دەگەنە سەر تەپۆڵکەیەک، چاوی ڕێشکەوپێشکە دەکا، لە دوورەوە جیپێکی ڕەش دەبینێ، دەڵێی ماشینەکە لە ناو ئاگردا سەما دەکا، بە پەلەپڕووزێ لە تەپۆڵکەکە دادەگەڕێن و فیراسیش لە سەیارەکە دادەبەزێ. سێ کیلۆمیتر لەولاتریش مەقەڕی پێشمەرگەیە و ئاڵای کوردستان بە ئەسپایی دەشەکێتەوە، کراسە سپییەکەی فیراس و ئاڵاکە، ترپەی دڵی هێدی دەکاتەوە.

سەربازەکە سەما دەکاتە سپەری خۆی و لەگەڵ فیراسدا یەکی هەنگاوێك دەچنە پێش، وەک ئەوەی پێشتر بڕیارنامەیەکیان واژۆ کردبێ تەنانەت هەنگاوەکانیشیان بە یەک ئەندازەیە، فیراس هاوار دەکا:

- بوەستە و کچەکەم بۆ بنێرە تا پارەکەت بدەمێ.

سەربازەکە لە پشتی سەماوە هاوار دەکا:

- نەخێر وا نابێ، تۆ پارەکە فڕێ دە تا من بیژمێرم ئینجا کچەت دەدەمێ.

فیراس ڕادەمێنێ و با، هەڵیکردووە و جرجرەکان گۆرانی دەچڕن، سەما هەموو گیانی دەلەرزێ، دەڵێی بە سەر سەهۆڵدا هەنگاو دەنێ، عارەقەیەکی سارد خووساندوویەتی، بۆگەنی هاسکەهاسکی ترساوی چەکدارەکە لە بنگوێیدا، دەیخاتەوە بیری بۆگەنی دەمی شێخەکان، ئاوەڕۆکانی مووسڵ، دەنگی کایەی ئەو منداڵانەی ناو کۆڵان کە قەت نەیدیتن، جلوبەرگەکانی کە هەر دەیشۆردن و ئەو بۆنەیان لێ نەدەبووەوە.

هەتاو بە هەموو هێزیەوە تیشک دەپرژێنێ بە سەر بیاواندا، گەرما دڵ خاو دەکاتەوە، بەڵام دڵخۆشی ئەوەی کە لە ژێر ئاڵای کوردستاندا پیاوێک وەستاوە و نان و ئاوی پێیە، هێزی دەداتێ.

فیراس هاوار دەکا:

- دەبێ ڕوقعەکە لادەی تا بزانم سەما سەلۆیە یان نا؟

چەکدارەکە فەرمان دەدا:

- چی ئەڵێ وا بکە.

سەما ڕوقعەکە لادەدا و بە هەموو هێزیەوە هاوار دەکا:

- بۆ خۆمم کاک فیراس، سەمام، دەزگیرانی عیدۆ، بەڵام ئەم پیاوە چەکی پێیە.

لەتر دەدا و کوتە شووشەیەکی شکاو ڕۆدەچێتە ژێر قاچییەوە، دەزریکێنێ و دەداتە پرمەی گریان، فیراس خێرا چەکەکەی دەردێنێ و چەکدارەکەش هەروەها، ڕوو بە یەکتر نیشانە دەگرن، سەما هاوار دەکا:

- یا خودێ، یا مەلەکتاووس، خۆت ڕوحممان پێبکە.

فیراس هاوار دەکا:

- تۆ مەترسە کچم ئەو تەقە لە من ناکا، جارێ کارمان بە یەکترە.

- وەرە لە سی مەتریمەوە بوەستە تا پارەکەت بدەمێ، هۆی! ئەوە بزانە یەک هەنگاو نزیکتر بییەوە مێشکت دەپژێنم، بۆخۆت دەزانی چەند شەهادەی تیرهاویشتنم هەیە و چۆلەکەش لە ئاسمان دەپێکم.

قاچێکی لە زەویدایە و سەرپەنجەکانی ئەو قاچەی تری دەخشێنێ بە سەر بەرد و دڕک و داڵدا، ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای هێڵی سووری خوێنەکەی دەکا بە سەر زیخەڵاندا. هێڵی خوێنەکەی، کەمەربەندی سووری بووکێنی بیر دێنێتەوە ئەو کاتەی کە عیدۆ لە ماڵی باوکی دەیباتە دەر، دەبێ یەک لە براکانی بۆی ببەستێ. ئێستا کە برایەکی بۆ نەماوە

لەوانەیە فیـراس بـۆی ببەسـتێ، بـۆگەنی دەمـی چەکـدارەکە بە ئاگـای دێنێتەوە:

- دیارە ئادابی موعامەلەش نازانی کافر بەو چەکەی دەستتەوە!

خوێن وەک ئاوی زەمزەم لە قاچی دەتکـێ و بە هەمـوو هێـزیەوە خـۆی ڕاگرتـووە نەکەوێ، فیـراس دەڵقێـک پـارە لە گیرفـان دەردێنـێ و جـۆرێ دەیهاوێ کە ڕێک بکەوێتە بەر پێی سەما، سەربازەکە خێـرا هەڵیـدەگرێ و لە پشتی کچەوە توندتوند دەیژمێرێ.

فیراس تووڕە و بێتاقەتە:

- پێش ئەوەی فیشـەکێ لە مێشـکت خەسـار بـکەم پـارەکەت بژمێـرە و یاڵڵا ون بە لەبەر چاوم ها دەی.

سـەربازەکە پارەکـان دەخـاتەوە نـاو دەڵـقەکەوە و لە گیرفـانێکی ژێـر کراسەکەیدا دەیشارێتەوە و بەریدەدا، سەما بە هەنگڵەشەلێ خـۆی بەرەو لای فیراس ڕادەکێشێ، فیراس دەڵێ:

- خۆت لە پشتمەوە حەشار دە و مەترسە، هەر ئـاوا وردەوردە پاشەکشـە دەکەیـن هەتـا دووسـەد مەتـر لێـی دوور بکەویـنەوە، ئەوجـا تەقەش بکـا نامانپێکێ، چون دەمانچەی پێیە.

هێڵی سووری خوێن، بە ئاستەم، بە دیقەرگی، تروسکەی هیوایەکی دوور و ئێستاش نزیک، بەرەو لای ماشینەکە دەتکێ.

- یا مەلەکتاووس، زۆرم نەماوە، یارمەتیم بدە.

کە خۆی دەخاتە سەر کورسییەکە، سەری لە شتێک دەدرێ و دنیا لە بەر چاویدا ڕەش دادێ.

بە ئازاری سەر و قاچی بە ئاگا دێتەوە، ڕوقعەکەی هەڵدراوەتەوە و دەموچاوی تەڕە، دەیهەوێ بقیژێنێ، لەپڕ چاوی دەکەوێتە فیراس کە پەرداخێ ئاوی بۆ ڕاگرتووە:

- مەترسە، کۆتایی پێهات ئەم نەگبەتییە، ملی شکاند و ڕۆیشت، تۆ ئێستا ئازادی، پەڵە شووشەیەکت لە قاچدا بوو دەرمهێنا و برینەکەتم بەست، خوێنی زۆرت لەبەر ڕۆیشتووە، وا دەچین بۆ خەستەخانە.

هەست دەکا چەند لەتە شووشەی تر بە لەشیدا چووە، ناو چاوی، گەرووی، مەعیدەی، لە ناو سکیدا ڕێک چەقیوەتە دڵی منداڵەکە. دەزانێ فیراس ڕاست دەکا و ئەم مۆتەکەیە کۆتایی پێهاتووە، بەڵام ناتوانێ بەر بە فرمێسکەکانی بگرێ، خەم و ئەرخەیانییەک لە چاوەکانی فیراسدا دەبینێ کاتێ ئاوێنەکە وا ڕێک دەکا کە هەم سەما ببینێ و هەم دەشت و سەحرا. دەکەوێتەوە بیری بنەماڵەکەی، باوک و برا و دایک و خوشکەکانی وا شایەتیمانیان نەهێنابوو و لە بەر چاویەوە سەریان بڕیبوون، بە زەبری خەنجەری شیخ ابوحنیفە وا ئێستا منداڵەکەی لە سکیدایە، بەشی هەرکەسە و "اللەاکبر"ێک بوو، سەری براکەی فڕێدرابووە بەر پێی، دانەویبۆوە هەڵیبگرێ بەڵام بە قژ ڕایانکێشابوو بۆ ناو جیپەکە، زریکاندبووی یا نا، بەڵام دەنگی خۆی نەدەبیست، گوێی کپ ببوو، زۆر

جـار بە هەمـوو هێـزیەوە زریکانـدبووی بەڵام ئەوەی کە دەنگـی خـۆی نەدەبیسـت زۆرتـر دەیترسـاند، گەر بشیبیسـتایە، دەنگـی ئەو چوارسـەد دەسـتە خوشـکەی دەبیسـت کە حەوت مانـگ پـێش ئـاخنرابوونە نـاو هـۆڵێکەوە و پێکـڕا دەیانقیژانـد، سـەربازەکان بە قـامچی وەردەگەڕانە جەسـتەیان و جنێویـان پـێ دەدان، زریـکە بەڵام دوایـی نەدەهـات، نە لە خەون و نە لە وشیاریشدا.

فیراس دەپرسێ:

- چۆن بوو تەلەفونت دەست کەوت؟

- خەلیفەیەک داوای کچی شازدە ساڵەی لێکردبوون، منیان بۆ نـارد، کە سکی بینیم پرسیاری کرد چەند مانگانم؟ گوتم حەوت، نازانم بیرم نییە چیم گوت، گوتی حەرامە دەست لە ژنـی ئاوسـی سـەرووی شـەش مانـگ بدرێ، کچێکی تریان بۆ داوا کـرد و مـن... ئـاخ خوایـا...پێش ئەوەی مـن بنێـرنەوە، ژنـێکم لەو مـاڵە دۆزیـیەوە و... ئـاخخخ سـوێندم دا مۆبـایلێکم بداتێ... پێم سـەیرە کە تەنیـا ژمـارەی عیـدۆم بیـر مـابوو. ئەرێ بە ڕاسـت بۆچی بۆخۆی وڵامی نەدامەوە؟ تەلەفونەکەی بۆ تۆ... نا ئەی ی ی لای تـۆ بەجێ هێشتبوو؟

فیراس بێـدەنگ دەبـێ، جگەرەیەک دادەگیرسـێنێ و دووکەڵەکە فـوو دەکـاتە دەرەوە، ئـاوێنەکە وا ڕێـک دەکـا کە چاوەکـانی سـەمای لـێ دیـار نەبێ. پێی وایە نەیبیستووە، دیسان دەپرسێ:

- دەڵێم ئێستا لە کوێیە؟ لە مەقەڕی پێشمەرگەکانە؟

فیراس دەڵێ:

- نازانم، تۆ جارێ ئەو چارشێوە فڕێدە، لایبە ئیتر لا.

با، چارشێوێکی بەتاڵ لەگەڵ خۆی دەبا، چارشێو بە دڕك و داڵەوە دەنووسێ و لە سەما دەکەوێ. نابـاوەڕانە تماشـای چارشـێوێکی ڕەهـا و بێئـافرەت دەکـا هەتـا لە بەر چاویـدا ون دەبێ، ئینجـا بە تـامەزرۆییيەوە دەسـت دێنـێ بە سـەر و گەردنیـدا، بە لەشـیدا، بە سـکیدا، هەوای گەرم لەپەستا شەپڵاخەی لێدەدا و عارەقی جەستەی وشک دەکاتەوە.

فیراس دەپرسێ:

- چەند مانگەیە؟

- نازانم، لەوانەیە شەش یا حەوت بێ، ئاخۆ عیـدۆ بەم سـکەوە بمبینـێ چی دەکا؟ دەبێ من چی بکەم؟

- کێشەیەک نییە دەتنێرینە ئاڵمان، گەر بتەوێ خۆت منداڵەکە بەخێـو بـکەی هەمـوو ئیمکاناتێکـت دەدەنـێ، پێشـت خـۆش نەبـوو بیـدە بە حکوومەت ئەو بەخێوی دەکا و تۆ بچۆ بە دوای ژیانی خۆتدا.

قامکی بە سکیدا دەهێنێ و سەری منـداڵەکە دەدۆزێـتەوە و نەوازشـی دەکا، حەز دەکا کچ بێت و ناوی بنێ "چرا"، سینگی توند دەبێـتەوە، وەک ئەو کاتە وا ژنان شیریان لە مەمکدایە و منداڵەکە نایخوا. دەڵێ:

- جارێ هیچ دیار نییە، بـا بـزانین عیـدۆ چـی دەڵـێ، کـاک فیـراس لە

دوای شاییەکەمان دەچینە ئاڵمان و بە هەردووکمانەوە کار دەکەین و پارەکەت دەدەینەوە، خودێت لێ ڕازی بێ برام.

دیسان خەیاڵەکان دەکەوێتەوە گڕ:

قژەکانی درێژ دەبنەوە و جلی بووکێنی لەبەر دەکا، عیدۆ قاتی لەبەردایە و بۆینباخی سووری بەستووە، گوڵێکی لە گیرفانەدایە، وەک جەژنی سەری ساڵ، سەما لە عەنکاوە، لە ساڵۆنی جوانکاری کریستینا دانیشتووە و چاوەڕێی عیدۆیە، سکی سافە و نازانێ چی بە سەر منداڵەکەدا هاتووە، بەڵام دای شیرین لە کانیا سپی ئەو بۆگەنەی لە کۆڵ کردۆتەوە، دەچن سەردانی کلیسا دەکەن، لە دوای شایی عیدۆ دەیبا بۆ ماڵی خۆیان و لە سەر تەختەکە دایدەنێ و دەڵێ:

- چاوەکانت ببەستە با شتێکت پیشان بدەم.

کریستینا پێشتر ئەم بابەتەی بۆ درکاندووە بەڵام دەبێ خۆی بکاتە نەزان. عیدۆ جەعبەیەکی کۆنی چێوین کە نەخشی جوانی لە سەر هەڵکەندراوە لە سەر مێزەکە دادەنێ، چاو هەڵدێنێ و دەبینێ. کریستینا ڕاستی دەگوت جێگاکەشی نایاب و قیمەتییە، بەحەپەساوییەوە دەیکاتەوە و شووشەیەکی تێدایە، چاوەکانی عیدۆ لە خۆشیدا دەدرەوشێنەوە وەک کاتی منداڵی وا لە کایەدا گزیی دەکرد وترووسکەی چاوەکانی بەڵام هەموو شتێکی دەدرکاند!

سەما سەرخۆشانە پێدەکەنێ چون دەبینێ لە دوای ئەو هەموو ساڵە

عیدۆ نە گەورە بووە و نە دەشزانێ گزی بکا!

- شـەرابی حەوتسـاڵەیە، دیـاری نەنکـی کریسـتینایە بـۆ دەسـپێکی ژیانمان.

ماشینەکە لەپڕا لەبەردەم سەیتەرەکە دەوەستێ و پێشـمەرگەکان دێـن بەرەو پیرییـانەوە، پەڕۆیەکـی پیسـی خـۆڵاوی دەدۆزێـتەوە و سـکی پـێ دادەپۆشێ بەڵام هەر ئاوسبوونی پێوە دیارە.

پێشمەرگەیەکی بەتەمەن بە فیراس دەڵێ:

- هەر بژیت شێرە گیان، وا ئەمجارەش سەرکەوتی، تەمەنی چەندە؟

- ئەرێ وەڵڵا... شازدە ساڵیەتی بۆیە گران فرۆشتیان.

پێشمەرگەکە دەست لە شووشەکەوە دێنێـتە ژوور و دەیکێشـێ بە سـەر کچەدا.

- وەی کچم شـوکور بـۆ خـوا ڕزگـارت بـوو، بـڕوا چـۆن لە تـا دەسـووتێ، وەششش ژێر ملیشیان شین و ڕەش کردۆتەوە! ئەوە خۆ سکیشی پڕە!

سەما چاوەچاو دەکا و ژووری پێشمەرگەکانی لێ دیار نییە، دەپرسێ:

- کاک فیراس عیدۆی لێ نییە؟

پێشمەرگەیەک دەڵێ:

- کامە عیدۆ؟ ئێمە عیدۆ ناومان نییە.

- عیدۆ خدر دەروێش، دەزگیرانمە، شەنگالییە.

فیراس قسەکەی لێدەبڕێ:

- دەی با بڕۆین، بە یارمەتیتان.

پێشمەرگەیەک دەڵێ:

- عیدۆ خدر ئەوە نەبوو وا لای کاک فیراس کاری دەکرد؟ تۆ دەزگیرانی عیدۆ خدری؟ بە ڕاست نازانی چی قەوماوە؟ کاک فیراس پێی نەگوتووی؟

سەما قسە دەکا بەڵام دەنگی خۆی نابیستێ، وەک ئەو کاتە وا پێکڕا دەیانزریکاند، فیراس ماشینەکە هەڵدەکات و دەڵێ:

- سپاس بۆ هاوکاریتان.

پێشمەرگەیەک دەڵێ:

- عیدۆ ئەو کوڕە سپیکەڵانە نەبوو وا سەریان بڕی؟

فیراس دەیەوێ بڕوا و خێرا دەڵێ:

- نا... ئەو نییە... دوایی دێمەوە لاتان.

کوڕە بە دڵنیاییەوە دەڵی:

- با ئەوە، باش ئەیناسم، هاوڕێم بوو، چەپکێ لە قژەکانی پێشەوەی سەری سپی بوو، وەک خۆم بیستوچوار ساڵان بوو، گوتی تازە دەزگیرانی گرتووە، لە سەر دەرگای مزگەوتێ سەریان هەڵواسیبوو، بۆخۆم دامگرت، وەشششش بۆگەنی کردبوو، خودا نەیهێنێ بە سەر کەسی ترا...

پێشمەرگە پیرەکە چاوی پڕ دەبێ لە فرمێسک و بە زۆر دەنگی دەردێ:

- نەبوو بە موسوڵمان، بۆیە سەریان پەڕاند.

فیراس دەڕوا و سەما دەزریکێنێ، هەست دەکا هەناسەکانی ئەو

بۆگەنەی لێ دێ، هێڵنج دەدا و بەرهەنیسک، دەلوورێنێ بەڵام فرمێسک لە چاوی نایێتە خوار،دەڵێی ئاوی چاوی داهاتووە، چڕنووک دەگرێ لە سکی، لە سەری منداڵەکە، نینۆک دەچەقێنێ بە چاویدا و دەیەهەوێ کوێری بکا، منداڵەکە پێلەقەی لێ‌دەدا، چڕنووک دەگرێ لە ڕوومەتی خۆی، فیراس وەک ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە، داشبۆردەکە دەکاتەوە و چاویلکەیەکی دژەتاوی پیسی تۆزاوی لە ناو هەندێ وردەواڵە دەدۆزێتەوە و لە چاوی دەکا، خێرایی خۆی زیاد دەکا و بە سەر زیخەڵاندا غار دەدا، سەما چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکا، پێش ئەوەی دنیا پەردەیەکی ڕەشی بە سەردا بکشێ، هەموو هێزی کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەرگای سەیارەکە بکاتەوە.

□

٢٠١٦

## جانتایەکی بێسنوور

یووانا ڕامدەکێشێ بۆ ئەو دووکانە نەفرەتییە، بەهۆی ئەو بزە خەڵەتێنەرەی سەر لێوی خاوەنەکەی هەر لێرە سوێند دەخۆم لە هەر کوێ بم، خۆش بێ یا ناخۆش، چیدی بیری ئێوارە قەرەباڵغەکانی ئەم شارە نەکەم و هیچ نەکڕم لە دووکانەکانی ئەم شەقامە و لەگەڵ خۆمدا نەیبەم. ئەو پیاوە وا لە درزی لەچکەکانەوە دەبینم ڕۆچۆتە نێو مۆبایلەکەیدا، باش دەزانێ چلۆن ژنە ساکارەکان بە کڕینی لەچک ڕازی بکا و زۆر شتی تریش.

دیارە بەو وێنە تازەیەی سەر ئینستاگرام و تێلێگرامەکەی کچی تازەی ڕاو کردووە وا کەیفخۆشە، هەموویان بە هەیکەلی بە حیساب وەرزشکارانەیەوە فریو دەدا، بە باسکی پووچەڵ و قسەی دڵدارانە! باسکی با تێکراو بە زەبری دەرزی. هەمیشە سوێندی بۆ دەخواردم هەتا کونی چاوی قەرزدارە و منیش بڕوام پێدەکرد، کەچی دوو بەرابەری مووچەی من هەموو مانگێ خەرجی دەوا و دەرمانی هەیکەلی بوو!

- سنوور، سنوور! وەرە ئێرە من لەچک خوەش دیت.

بە ناچار دەچمە دووکانەکەیەوە. لە ئاوێنەکەوە دەبینم بە سیلەی چاو

تماشامان دەکا.

- یووانـا خـوەش نـا، بڵـێ "جـوان"، بە سـۆرانی جـوانە و بە کورمـانجی "بدەو"، جوانی ئەو تووسەرییانە چییە ماڵتە؟ کە لێرە بژیت و مەجبوور بـی هەموو ڕۆژێ لەسەری بکەی ئینجا دەزانی عەلی کوڕی کێیە!

واق و وڕ دەمێنــێ و دەزانــم دەیــهەوێ بپرســێ بــۆ دەبــێ وا بڵــێم، مۆبایلەکەم دەردێـنم و تونـد دەیگـرم، ئەم جـارە پەسـڤۆردەکەیم گۆڕیـوە و چیدی نابێ بەجێی بێڵم. یووانا ئاماژە بە مۆبایلەکەم دەکا و دەپرسێ:

- ئالی؟ وێنەی ئالی؟

- نا کچێ تۆ واز بێنە.

بە گالێرییەکەمــــدا دەگەڕێـــم و وێـــنەی ژنەکەی دەدۆزمەوە و لە بەردەستی دایدەنێم، وەک کەسێ پەرداخێ سەهۆڵاوت بە سـەردا کردبـێ ڕادەچڵەکـێ، چەنـد چرکەیەکـی پێـدەچێ تـا بێـتەوە سـەر خـۆی، سـەر دەخاتەوە سەر مۆبایلەکەی:

- مەبەستت چییە؟ نایناسم.

دەبێ ئێستا ئەو میلە ئاسنەی وا دەڕابەکەی پێ دادەداتەوە، بە هەمـوو هێـزمەوە بکێشـم بە سـەریدا و خـوێنی سـپڵۆتی بپـژێ بە سـەر لەچـکە سپییەکاندا و دوایی بە دیاری بیاننێرم بۆ ئەو کچە بەستەزمانانە عاشـقی کردوون و وا دەزانن دەشیانهێنێ!

کە خەڵکمان لێ کۆ بۆوە دەڵێم:

- یووانا بوو، بۆ مەگەر نازانن کچی بیانی وەک ئێمە نین و بەرگری لە خۆیان دەکەن.

یووانا کەلەبچە دەکەن و من بە دڵئەرخەیانییەوە تەلەفون بۆ باڵوێزخانەی لەهستان دەکەم، کچە خاوەنی زۆرە و بە ناوبژیکەری پارێزەر یان نوێنەری وڵاتی خۆیەوە ئازاد دەبێ، بەڵێ وەڵڵا ئازاد دەبێ، چەند چالاکوان و هونەرمەندی ئێرانیش دەچنە بەر باڵوێزخانەی لەهستان و مۆمی بۆ دادەگیرسێنن، گوڵ بۆ لێبوردن دادەنێن، وێنە دەکێشن و لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، بیبیسی ئەم هەواڵە تا حەفتەیەک هەر دەهێنێ و دەبا و بلیتی فڕۆکەکەشی بۆ دەگرن و پێش ئەوە بڕواتەوە، شانامەیەکی فێردەوسی بە دیاری پێدەدەن و دەڵێن کە نوێنەری پیاوی ئێرانی کوورش و ڕۆستەمە و ئەوە بۆ یەکەمجارە شتی وا ڕوودەدا و بە هەر حاڵ لە هەموو وڵاتێکدا کەسانی وا ناتەواو هەن و چەند نموونەی وەک ئەو کە لە لەهەستان و ئەمریکا تۆماریان کردووە بۆ وەها کاتێ، وەبیر یووانا و پارێزەرەکەی دێننەوە.

- جوان چاوت بکەوە دەیناسیتەوە.

- هات و ناسیم، جا بە تۆ چی؟

- ئەوە بەڕاستتە؟ هەموو قسەکانتم هەڵگرتووە، ئەوانەی بە من و کچی خەڵکت دەگوت! دوایی کە ئاژاوە کەوتە ماڵتەوە دەزانی...

یووانا دەست بۆ لەچکێکی تورکەمەنی دەبا و پرسیار لە نرخی دەکا،

چەند لەچکی وای بۆ دادەگرم و دەیخەمە ناو توورەکەیەک و دەیدەمە دەستی:

- بەقوربان بیستووتە خەڵکی ڕۆژهەڵات میواندارن؟ ئەوەتا ئەم لەچکانەی بە دیاری پێ داوی، ڕامەوەستە و خێرا بچۆرەوە سەر مەیدانەکە ئێستا منیش دێم.

مۆبایلەکەی هەنگی کردووە و بە تووڕەییەوە دەکێشێ بە سەریدا و هێشتا تەماشام ناکا:

- دووکانەکەش تالان بکەی ناتوانی پەشیمانم بکەیتەوە لە بڵاوکردنەوەی وێنەکانت.

- ئێ! دیسان بەڕاستتە؟ ئەی ئەگەر ئەو وێنانەی پێرێ شەوی میوانییەکەت لەگەڵ دۆستی تازە و تەرچک، مەست و دەستلەملان نیشانی خانمەکەت بدەم چی؟ هەر نایەیتەوە ناو موعاملەوە؟ دیارە تازە منداڵی دووهەمیشتان بووە و بەم ئاسانییە لێت خۆش نابێ!

سوێند بەو خەمساردی و شانهەڵتەکاندنەی دەخۆم قەد بیری ئەم شارە نەکەم و هیچ شتێکی دووکانی ئەم شەقامە نەخەمە ناو جانتاکەمەوە کاتێ دەڵێ:

- بە سەفەرێکی دوبەی و ئانتالیا چارەسەری دەکەم، خۆت ماندوو مەکە!

سنوور گۆت مەیدان، من چوو مەیدان، من خانوو گەورە و خوەش

دیت، سنوور هات، توورە بوو، قسەی خراپ گۆت، بە مـن نەگـۆت، بە کـێ گۆت؟ نزانم، ئەو گۆت ئەوە موozەیە.

من حەز کرد مووزە دیت، بلیتفرۆش گۆت:

- بلیتی بیانی چوار بەرابەری بلیتـی ئاساییيە و بۆ ئەو ئێرانییـانە لەگەڵ بیانییان‌دان، خۆڕاییيە.

من ل سەربازێک ئیجازە وێنە گرت، سەرباز سوور بوو، شەرم کـرد، حەز کرد، من وێنە گرت ل شەرم سـەرباز، سـەرباز تۆزێـک کـوردی زانـی، وەک من، ئەو گۆت :

- تۆ بیانیت؟

من گۆت:

- ئەرێ من پۆلۆنی، یووانا بۆخنسکا مامۆستا زانکۆ، بەرپرس ئیران‌ناسی دانژگا کاراکۆڤ، مـن گەلەک حەز ب ئەدەب و مێـژوو و زمـان کـورد کـرد، کورمانجی من باش، سۆرانی من نە باش.

سەرباز گۆت :

- هاوڕێکەشت بیانییە؟

من گۆت:

- نا ئەو ئیرانییە.

سنوور توورە بوو گۆت:

- نا من ئێرانی نیم.

من سوورپرایز بوو، هیچ نەگۆت.

سەرباز گۆت ب سنوور:

- ئەی خەڵکی کوێی؟

سنوور هیچ نەگۆت، ئەو من برد بۆ لای پەنجەرە زۆر گەورە، دیوار مووزە هەموو پەنجەرە بوو، پەنجەرەی پڕ ڕەنگ، هەموو ڕەنگ، مـن زۆر حەز کـرد، ل دونیا پەنجەرەی پڕ ڕەنگ وا نەدیت، سنوور گۆت:

- بەم پەنجەرانە دەڵێن "ئرووسی"، سنە بە شاری ئیرووسییەوە ناسراوە، بە داری چنـار دروسـت دەبـن و تەمەنیـان دووسـەد تـا چوارسـەد سـاڵە، ڕەنگەکان بەپێی ئەوە ژوورە کە هاوینی بێ یا زستانی جیاوازن.

من حەز کرد ب ئرووسی بۆ پەنجەرەی ماڵ و دانژگـا ل پۆلۆنیـا، مـووزە زۆر کۆن و خوەش، ژوور زۆر بوون، ژوور small، گەورە، ڕۆژهەلات پڕ کـۆن، زۆر شـت مێژوویـی ل ڕۆژهەلات هەیە، مـن ل مـووزە ئیتالیـا و فەڕەنسـە و ئەمریکا نەدیت، کورد خاوەن ئەوانە. من حەز کرد هـونەر ئیسـلامی دیـت، ئەو هونەر ل هۆلێ تر ل بان بوو، سنوور گۆت:

- من نـایەم، قـاچم بەو پیلکـانە بەرزانەوە هەڵنـایە، چاوەڕێـت دەبـم تـا بێیتە خوارەوە.

من تەنیا چوو، پیلکـان زۆر بەرز و تەنـگ، کەس نەبـوو، گەرم و تاریـک بوو، سەرباز هات لایت هەلکرد تا من وێنە کێشا، سنووریش زوو هات.

لە بەردەم ئـاوێنەیەکی بـاڵانوێنی نێـوان دوو دەرگـای چێـوین، یووانـا

وێـنەی دووکەسـیمان دەگـرێ، هێنـدە ڕێـک دەیگـرێ کە پەراوێـزە "بـۆتە جۆققە"ییەکەی ئاوێنەکە ببێت بە پەڕاوێزی وێنەکەمان. نـازانم چۆنی پـێ بڵێم، دەزانم دەڵێ نـا، باسـی هەر شـتێکی بـۆ دەکەم هەر دەڵـێ نـا ڕێگـا سەختە، چی سووکتر بین ئاسوودەترین. با بزانم بۆم دەخەڵەتێ!

- یووانـا ئەمە وەک ئـاوێنەی لای کتێـبخـانەکەمە تـۆ حەزت لێـیە، لە زبڵـدانی مـاڵە کۆنێکـدا دۆزیـمەوە، سـەرە تیژەکـانیم سـاوییەوە و بۆخـۆم وێنەکـــانی دەوروبەریـــم ســـاغ کـــردەوە، دەتـــوانین بیـــبەین و لای کتێبخانەکەی تۆوە هەڵیواسین.

بە زەردەخەنەوە سەر دەجـووڵێنـێ بەو واتـایەی کە تێـدەگا، سـەربازەکە هەر بە دەورماندا خولەی دێ و قسەیەکی پێیە.

- سنوور پۆلۆنیا ئاوێنە هەیە، وەک ئەمە.

- ئەزانـم... بەڵام ئەمەیـان دوو سـەد سـاڵ تەمەنیەتـی کچـێ، بگـرە زیاتریش بۆیە شاشوویش دیارین.

- من هاوڕێ ئێرانی هەیە، ئەوان ئـاوێنە و پەرداخ و قەڵەم ڕەنگـی چـێ کرد فرۆشت، من تۆ ناساندن بە ئەوان، تۆ کار کرد و پارە بۆ ئەوانە زۆر، پارە بە ئەوان بدە ئاوێنە ببە.

- لـێم تێـبگە کچـێ، ئـاوێنەی مـن فەرق دەکـا، کەونـارایە، جـوان لە جلەکانمدا دەیانپێچمەو، دڵنیام هیچی لێنایە.

ئاخری هەر ڕازی دەکەم، ئـاوێنەکەم و تـاقە گـوڵە بچکـۆلانەکەی سـەر

تەلەفزیۆنەکەش، ئەو ئیتر زۆر بچووکە لە نێو مستیشمدا جێی دەبێتەوە. بیری گۆرانی" تاقە گولەکەی سەحرای ژینم"ی حەسەن زیرەکم دەخاتەوە، عاشقی ئەو گۆرانییەم، هەموو گۆرانییەکانی، چۆن دەبێ لە بیری بکەم؟ لەو ژیانە پڕ نەهامەتی و هەڵاتەی کاتی خوێندکاری لە تاران هەمیشە لەگەڵم بوو و زیز نەبوو، با دەیبەم، دەبێ هەردووکیان ببەم، چەندی ماندوو کردم! چەندی سواندمەوە! بەڵام ئیتر تەواو بوو تەواو. هەتا ئەو هانوهوون بکا و کچێکی تر هەڵخەڵەتێنێ و لە سەر دووکانی دانێ و بۆ خۆی بچێ بە دوای دۆزینەوەی باوکمدا و وێنەکانمی پێشان بدا، من بە کاتی بێ یان هەمیشەیی، بوومەتە خەڵکی وڵاتێکی تر و دڵنیام دیانەکرەی ناو خەوم لە کۆڵ دەبێتەوە ئیتر.

ئێران خوەش، من حەز کرد تەهران دیت، شیراز، ئیسفەهان. سنوور نەهات، دایک و باوک سنوور نەهێشت وە من فارسی نەزان. هاوڕێ من نەهاتن ئیران، ئەوان ترس ئیران، من نەترس ئیران، من هات مال سنوور، من ل فەیسبووک سنوور ناس کر، I like Snur ، I like Kurds، لێ کوردی من نەباش، پێویست سنوور مال من ژیان، پێویست کوردی من باش بوون، ئاخافتن من و سنوور کوردی من باش بوون، وە سنوور چوون ل مال من نە پێویست ژیان من و سنوور. سنوور چوون. everywhere

باوک سنوور taxi driver، ئەو میوە و شیرینی سنە هێنا، دایک سنوور خارن سنە چێ کرد، دایک و باوک سنوور نوێژ کرد، من وێنە کێشا نوێژ

باوک سنوور، لێ دایک زوو نـویژ قەتانـد، ئەو شـەرم کـرد، نەهێشـت وێـنە گرت، گۆت گوناح وێنە نوێژ ئەو بچێ ئۆرووپا، ئۆرووپا هەموو ڕووت، هەمـوو کافر!

سـەرنجی یووانـا ڕادەکێشـم بـۆ ئەو پەلـکە زێـڕینەیە وا لە ئرووسـییە گەورەکەی سـاڵۆنی پاشـماوەی پـێش ئیسـلامەوە خـزاوەتە ژوور و بـاڵی کێشاوەتە سەر موززاییکە سپییەکان. ئرووسـییەکە هێنـدە گەورەیە نیـوەی هۆڵەکەی ڕەنگین کردووە. سێ تـاوتی شووشـەیی لە خـوارەوەی هـۆڵەکە، تەنیشتی یەکتر، لە ژێری تیشکی ڕەنگامەی هەتـاو ڕاکشـاون. سـەربازەکە بە سـەرهاتی دۆزینەوەیـان بە فارسـییەکی زاراوە تـورکی بـۆ یووانـا دەگێڕێتەوە:

- هی سێهەزار ساڵ پێش ئێستایە.

چما هەردووکیان سنەیین وا بە دەست ئاماژە دەکا بە ئاویەر و دەڵێ:

- هەر لەو جادەیەی زاگرۆس، حەسەناوایەی خۆمـان، کـاتێ خەریکـی سـاز کردنـی ئەو جـادەیە بـوون دۆزرانەوە، چەنـد مـردوو دەسـت بە ئەژنـۆ نێژرابوو، ئەمەیان ژنە، وردە ئێسکی منداڵێکی ساواشی لەگەڵ بوو، من بۆ خۆم دیتم بەڵام سەرەتا نا، بۆ درۆ بـکەم وەڵـڵا سـەرەتا نەمـدیت، دەوریـان بەست و نەیانهێشت کەس بیبینێ، کۆپتێرێک لە تارانەوە هـات و لە دوای سـەعاتێ گەڕایەوە، کە گەڕایەوە ئێمەیـان نـارد و دەسـتمان کـردە پـاک کـردنەوەی ئێسـکەکان، ئێسـکی منـداڵەکە بە دەسـتمانەوە پرتووکـا، مـن

دەترسام، تەنیا دوو ڕۆژ بوو هاتبوومە کوردستان، پێشتر ئێرەم نەدیتبوو، ئاخر ئەمان سوننین، بەینی خۆمان بێ خانمەکان لای ئێمە قسە زۆرە لە سەر کورد!

یووانا دەستم دەگوشێ بەو مانایە کە بۆی وەرگێڕمەوە.

- پێویست بە وەرگێڕان ناکا گوڵم زانیارییەکانی برووشورەکە دەڵێتەوە و پێیوایە تۆ ئینگلیزی نازانی.

یووانا بە قامکی سووری ئاماژە بە چەند مووروری شین دەکا و شاگەشکە دەبێ:

- واااو! ئەوانە من بۆ تۆ هێنا ل پۆلۆنیا، هەر ئەوانە.

گوارەکان لە گوێم و دەستبەندەکە لە دەستم دەردەهێنم و دەیخەمە سەر شووشەی تاوتەکە، ڕاست دەکا، ڕێک وەک یەکە، بە قامکی زەردم ئاماژە بۆ مووروری ژنە مێژووییەکە دەکەم، لە خۆشییا لێم تێکدەچێ نازانم فارسیم بیر دەچێتەوە یان پێم وایە کوڕە کوردە وا بە کوردی دەپرسم:

- ئەمانە چین لەگەڵ ئێسکەکانا دۆزراونەتەوە؟

- بەڵێ، هەر گۆڕێک گۆزەیەکی گەورەی لەگەڵ بوو، ناو گۆزەکە ئاخنرابوو لەو شتانەی پێیان وابوو لە دنیای دوا مەرگیش بەکەڵکیان دێ، وەک میسری کۆن، گۆزەی ژنە پڕ بوو لەم وردەواڵانە: مووروری شین، گوێ ماسیلکە، دەسبەند.

سەرەتا وامانزانی ئەم ئاسنە سەرتیژانە جۆرە خەنجەرێکی ژنانەیە

دوایی بە وردەکارییەکانییەوە زانیمان گیرەی قژیەتی، بە هەمان شێوە گۆزەی پیاوەکانیش پڕ بوو لە ڕمب، سەرە خەنجەر، کەمەربەند و ئەو شتانە...

سەرم سووڕماوە لەم هەموو لێکچوونە، یووانا بە دەوری تاوتەکاندا دەسووڕێتەوە و پەیتاپەیتا وێنە دەگرێ و ڕەنگەکان لە سەر دەموچاوی باریک و سارد و سڕی کایە دەکەن. زووم دەکاتە سەر کەللە سەری ژنە و وێنە لەو بنجانە دەگرێ لە ناو دڵی خاکن و دزەیان کردۆتە ناو کونە لووت، کونە چاو و تەنانەت درزی بێگیانی ئێسکەکانی.

- سنوور! من کات پێریۆد هەست کرد ئەوانە ل جسم من growing.

لاسایی ڕسکانی گژ و گیا دەکاتەوە لە لەشیدا و دەپرسێ:

- تۆ فام کرد؟ تۆ هەست کرد growing هەمیشە؟

لە گیرەی قژ ناچێ نا، لە دەرزی دەچێ، بێگومان ئەویش وەک من هەمیشە دەرزی و دەزووی پێ بووە، جا کوا ئەو پێویستی بە درووماں بووە؟ بڵێی درووماں لەلای ئەوان چەندە گرێدراوی مان و نەمان یان هەڵاتنی ژنە بووبێ؟ حەح! بڵێی دوکتۆری ئەو کات داوای چەند کیلۆ زێڕی لێ کردبێ بۆ دوورینەوەی؟ بڵێی ئەو پیاوە وا بۆ پاراستنی ژنە چەند جۆر سەرە ڕمب و خەنجەری هەڵگرتووە و ژنەش دڵئەرخەیان و پشتقورس، گۆزەجانتاکەی پڕ کردووە لە دڵخوازەکانی، پێش ئەوە بیهێنێ، عەشیرەکەی ناردبێ کە کچە ببەن بۆ لای دوکتۆر و دڵنیا بن لە

سالمبوونی؟ باشە ئەو هەموو ئامادە بوون و دڵنیایییە بۆ ژیانی هەتاهەتایی لە چییەوە هاتووە؟

- چ دەبوو ئەم جانتایەم هێندە گەورە بووایە کە تۆزێ خاک و ئاسمان و چیاشی تێدا جێ ببوایەتەوە؟

- هاهاها ئەمە هەڵبەست نیو؟ بنووسا من تەرجەمە کرد پۆلۆنی، وەشاند ل گۆڤار زانکۆ کاراکۆڤ.

خوا دەزانێ جلەکانی لە کام هەزارەدا پرتووکاوە! حەزی لە ڕەنگی شین بووە ئەویش وەک من، قژدرێژ و باڵابەرز بووە وەک من، ئاخۆ چەندجار ئەو شتانەی وا بۆ خۆی مانای کردبووەوە و بە دەستی خۆی دروستی کردبوو و هەر جارەو لە هەرکوێبوونەکانیدا بە چەرمەسەری پاراستوویە، خستبێتیە ناو گۆزەجانتاکەی و جێی نەبووبێتەوە پیاوەکە پێی دانابێتەوە؟ چەند خەمگین بووبێ ژنە و چەند فرمێسکی بە سەریانەوە هەڵڕشتبێ و پیاوەکە چەند مێهرەبانانە فێری ڕاستبینی و هەڵبژاردنی کردبێ! ئاخ ئەمشەو کاتی جانتا پێچانەوەیە و لە بیرم نەچێ ئەو توورەکەیە پڕە لە دەرزیودەزوو و وردەواڵەکانی کاتی خوێندکاریم، لە هەر کوێ بم بەکەڵک دێ، دەزانم بە هەر هەڵبژاردنێک چەپکە قژێکم سپی دەکەم و یووانا بەو چاوە تیژە بچووکەی ڕاستبینیم وەبیر دێنێتەوە و چەقەم لەگەڵ دەکا!

- باشە تۆ کە ئێرانی نیت چۆن وا فارسی بێ لەهجە قسە دەکەی؟

- لە کەناڵە فارسییەکان، ئەنتەرنێت، لە گۆرانییەکانی هایدە و موعین،

چووزانم فێر بووم ئیتر جەناب سەروان لە سەری مەچۆ.

سنوور چووwc ، سەرباز زوو هات گۆت چەند ڕۆژتر سەربازی تەمام، نە کـار هەیە نە هـیچ، ئەو حەز کـرد مـن ئەو بـرد ئۆرووپـا، تلفـون نـۆمێر خـوە نووسی، من گۆت ئیران کار هەیە لێ پارە نییە، من دیاری لەچـک نیشـان سەرباز دا وە گـوت سـنوور ل زانکـۆ کـار هەیە، سـنوور بەیـانی زانکـۆ، ئەو مامۆستا زانکۆ، وەک مـن، لـێ پـارە زۆر کەم و late، سـنوور ئێـوار لەچـک فرۆشت. ئەو مەجبوور، ئیرانی گۆناح.

سنوور هات wc، من تلفون نومێر سەرباز نیشان دا، ئەو تووڕە، قسـەی خراپ گۆت، وە گۆت هەمـوو پیـاو ئێرانـی وان، سـنوور تلفـون نـومێر پەرت کرد، سەرباز ئێمە گـازی کـرد، ئـێمە زووزوو چـوون، سـەرباز زووزوو هـات، ئـێمە دیـاری لەچـک جێهێشـت مـووزە، ئەو هێنـا، ئـێمە سـپاس کـرد وە پێکەنین، سنوور هەمیشە شت جێهێشت، من گۆت:

- سنوور! ئۆرووپا زۆر گەورە، شت جێهێشتن مەمنوع!

یووانا دەبەم بۆ بازاڕی بەراتیان، دەبێ وەک ئەو قسە بکەم، دەزانـم بەم ڕەشتاڵەییەم، بەم بارە ئاڕایشە و ئەم جلوبەرگانە بڕوا ناکەن ئۆرووپایی بم! چیدی تاقەتم لە تەرجەمە نەماوە، ئەویش کە سنەیی هەر تێناگـا، بـۆ هەر کوێ دەچین دەبێ کورتە ژیان و چالاکییەکانی و شـێوەی ئاشـناییمان بـۆ خەڵک باس بکەم، ئینجا باسی ئاساییبوونی سەفەر بۆ کچێکی تەنیا لای ئەوان بـکەم، ئەمجـارە وەک یووانـا دەبـم، تەنیـا بـۆن دەکەم و دەبیـنم و

دەست بە پارچە ڕەنگینەکانی ناو گوزەردا دەهێنم، سیبەکانم پڕ دەکەم لە بۆنی ئەدڤییەی دووکانی جوولەکەکان، لە هەر ئەدڤییەیەک تۆزێ دەکڕم و دەیبەم، لە ئۆرووپا هەموو شت حازرییە کوا شتی وام دەست دەکەوێ؟! با تۆزێ کونجی گەزۆش بکڕم بۆ ناو ڕێگامان، ئاخۆ چەند سەعات بە شاخ و داخا هەڵدێین؟ بۆ بەردڵمان باشە و زۆر جێ نابا، خۆشحاڵ نیم، دڵەڕاوکەشم نییە، ڕاستە ڕێگا سەختە و نازانم بۆ کوێ دەڕۆم بەڵام، بریا جانتاکەم گەورەتر بووایە.

من حەز کرد سنوور چیدی نە تووڕە بوون، حەز کرد سنوور ڕووخوەش و بەختەوەر، ئێران نە باش بۆ ژن، هەمیشە لەچک لێ هەمیشە خەڵک تەماشا کرن، سینگ سنوور گەورە، هەمیشە پیاو تەماشا سینگ سنوور کرن، ئەو تووڕە، نە پارە، نە ئازادی، من گۆت سنوور چوون تورکیە، من هاوڕێ هەیە UN تورکیە، هاوڕێ باش هەیە، من ناو سنوور نووسین UN، هەموو مانگ پارە ژیان سنوور دان، سنوور گوێ نەدا، جانتا گەورە پڕ کرد، کتێب و دەفتەر کۆن، دەفتەر وێنەکێشی پۆل یەک، وێنە زارۆکی خوە، دیکشێنێری، ئاوێنە کۆن، مووروو، دیوان نالی، جل ڕەنگی وەک ئرووسی مووزە، وێنە دایک، باوک، هاوڕێ... زۆر زۆر شت، من خەوت، ئەو نەخەوت، هەر شت کۆ کرد، ئێمە بەیانی زوو دەرچوون، شاراوە، تاکسی گرت، باوک سنوور زانی، ئەو تاکسی گرت، ئێمە زووزوو چوون، ل کۆڵان دابەزین، باوک سنوور ئێمە lost کرد، جانتا گەورە جێ هێشت تاکسی،

سنوور گریا، ئەو گۆت جانتا مێژوو، مێژوو بیرەوەری سنوور، من پـێ کەنـین وە گۆت: مێژوو گەلەک قورس، ژیان ئۆرووپاhard ، ئۆرووپـا زۆر زەحـمەت، تورکیە دوور، تۆ ئاوارە، چەند سال ئاوارە؟ من نەزان، تۆ نەزان، هاوڕێ مـن ل UN تورکیە نەزان، تۆ هات ئۆرووپا مال من، ئۆرووپا کار، زەحمەت، کار، جانتا بێسوود. سنوور تووڕە، گریا، ئێمە چوون، دوور، سنوور گریا.

□

٢٠١٧

# مەحیە

زۆرکەس دەڵێن لە من دەچێ، کەچی خۆم پێم وا نییە، ئەو دەموولەوسە داچۆڕاو و سەرە خرتەی هەر لە هی مەحیە دەچێ.

بابە قژتراشەکەی لە پیاڵە نەوتەکەی وەردەدا و مەحیەی لە ناو دوو قاچەکەیدا دادەنا و سەری دەتاشی، دەیگوت ئەم قژتراشە ئەنتیکەیە، هی منداڵیی خۆی بوو؛ بەڵام کول ببوو و قژی مەحیەی هەڵدەکێشا، نەیدەوێرا لەبەر بابە فزە بکا، من بە قەرەبووی هەموو لێدان و ڕووبادانەکانی، دادەنەویمەوە و تەماشای ئەو ئازارەی ناو چرۆچاویم دەکرد، ئەو ڕق و ئازارە وا لە چاوقونجان و لچهەڵقرچانەکانیدا بوو.

- هێ هێ هێ مەحیە کەچەڵ!

ئۆخەی کە چەند خۆش بوو لە بەر بابم نەیدەوێرا هەڵمەتم باتێ یان بگری.

کەللەڕەقیی و لاسارییەکەشی لە دایکی دەچێ، بڕوانە چۆن لەنجی کردووە بە دوکمەی کۆنترۆڵەکە، ئەو ماشینە داشقەیەی لە ڕیشە ئاڵۆزەکانی دوو فەرشەکەدا بپەڕێنێتەوە!

- باتری تیا نەماوە ڕۆڵە گیان! وازی لێبێنە، مێشکی سەرم چوو، ئەی خواااا...

ماشینەکەی خنەخن بۆ دواوە دەچێ و ئەمجارە لە ژێر مۆبلەکەدا گیر دەکا.

ڕێک دەڵێی براژنمە، ئەو وەک من چەپۆکەسەر نییە، چەتیوە باش دەیزانی چی بکا، ئەوەندە لە بەر دووکانی مەحیە هاتوچۆی کرد و خۆی بە هەموو بارێکدا دەڕازاندەوە هەتا مەحیە گەمژە کەوتە داویەوە. دەستم خۆش ئەو ساڵانە چاکم ئاژاوە خستە ماڵییەوە، ئەو کاتەی ڕیزی دۆستەکانیم بۆ مەحیە هەڵدا، دەبوایە بیزانییایە نەک بە قسەی خانم، یەکەم کەس، بەڵکوو دوایین کەسی ژیانی بوو! جا دڵپیسیی پیاو وەک گولی وایە، ببێتە مریەمی عەزرایش قەد لە کۆڵی نابێتەوە، دە بڕۆ تا ماوی پێوەی بگلێوە!

دایکیشی لە خۆی حەڕافتر چی دەهاتە ئێرە سەروبنی زمانی تەکان و هەڵمەتی کچە بوو، حەح! تەکان و هەڵمەت! کەس نەیناسییایە وایدەزانی من بووم چێشتی زەماوندی مەحیەم بە تاقی تەنیا لێنا.

خانم هەتا ئێستاش بۆ میوانییەکی چوارکەسی خوشکەکانی دێنێتە هانایەوە.

- ئا وەرە ملباریک! دوێشەو چیتان بوو؟

- ئممم بنێنج.

- برێنج و چی؟

تۆزێک بیر دەکاتەوە و ئینجا بە لالووتەوە دەڵێ:

- لووبیا و گۆشتیش.

- خۆرشتی سەوزیتان بوو؟

- ئمم... ڕەش بوو، من هەر گۆشتەکەیم خوارد، ناخۆش بوو، زۆر.

- دەی جا ئەو ورچەی دایکت بیفامییایە ماڵداری بکا کوا ئەمە حاڵ و ڕۆژی باوکت بوو؟ هەمیشەی خوا هیلاک و برسین، ئەشا... دەڵێی مارمیلکە!

نەدەبوایە ناوی دایکیم بهێنایە، تازە بیانوویم بڕیبوو، چەناگەی دەست دەکا بە لەرزین و فرمێسک دەزێتە چاویەوە.

- بچین بۆ لای دایکم... ئێستا...

دەیگرمە باوەش و دەچینە بەر پەنجەرەکە، دەمیاوێنم بۆ پشیلەیەکی تەمەڵ لە ناو باخچەکە لە بەر هەتاو ڕاکشاوە و باوێشک دەدا. بە زمانی پشیلەکەوە شیعری بۆ دەخوێنم و بە چاوی فرمێسکاوییەوە پێدەکەنێ.

دەستە بچووکەکەی دەگرێتە بەر دەمم و بە زۆرزانی و تۆزێ ترسیشەوە دەڵێ:

- ها پشی من بخۆ، هێواش بمخۆ با نەمرم.

دەستی بۆن دەکەم، بۆنێکی دوور لە خۆرشت سەوزی دوێشەویان تێکەڵاوە لەگەڵ ئەو بۆنە ئاشنایە کە لێرە و لە ماڵی مەحیەشدا هەیە، لە

ژێرزەوین و هەیوان و هێشخانەکەمان، لە جلەکانی مەحیە و هی ئەمیش، تەنانەت لە کۆنترۆڵی ماشێنەکەیدا. بۆنی منداڵیمان، بۆنی ناو جانتای قوتابخانەکەمان، جیٚوبان و گیرفانەکانی مەحیە کە هەمیشە بنێشتی "خروس نشان" و هەڵمات و وردە پووڵی تیابوو.

- بابە، بابە... شتێک بڵێم؟

- ئادەی ڕۆڵە.

- مەحیە فێری سیگار بووە، ئەوەتا ئێستاش لە گیرفانیایەتی، شەمچەکەشتی بۆ ئەوە دەویست.

- ئەریٚ سەگباب؟ چی ئەڵیٚ خوشکت؟ ئادەی وەرە بزانم!

- پێم کوتی تەلەفوونم لیٚ مەشارەوە مەحیە خان، دە بچۆ و ئەو دەردەت نۆش بیٚ!

تەلەفوونەکە دەزرینگێتەوە، هێشتا لەدوای ئەم سێ ساڵە دڵم دادەخورپیٚ. پێش زەنگی دووەم، ڕێک لەو چەند چرکەیەدا خێرا بیر لەوە دەکەمەوە چۆن یەکەم کەسیٚ بم هەڵیدەگریٚ و گەر هات و دەروێش بوو، چۆنی لە گەڵ بدوێم کە بزانیٚ تەنیا نیم و دەبیٚ کەی تەلەفوونم بۆ بکاتەوە.

بریا دەروێش بوایە، بریا ئەم منداڵە هی ئێمە بوایە و خلەخل بچوایە بۆ لای تەلەفوونەکە و هەڵیگرتایە و بە منی کە سەرقاڵی هەزار کارم لە چێشتخانەکەدا بگوتایە:

- بابەیە، دەڵێ چی بێنمەوە؟

قڕیان تێ کەوێ ئەم خزم و کەسە کە ساڵ بە ساڵیش لێم‌ناپرسن کەچی ئەمڕۆ هەموویان خوشک و برایەتی من و مەحیەم بیر دێننەوە! خاڵ و مام و ئامۆزا و تووتکەزا نەماوە دەستەوداوێنی نەبووبێ، ئۆف مەحیە!

- نەچی کوڕەکە، نەچی بۆ لای گازەکە، ئاوەکە داخە بقڤەیە ئەتکوژێ! وەرە بۆ لای پووریێ.

کتوپڕ دەزریکێنێ و وەها خۆی دەخاتە باوەشم کە ئازارم دەگاتێ.

- سۆیبە خانم گیان هەزار جارم گوتووە بە مەحیە: کاکە منداڵەکەتان لە لای ئەو نەنکە عەجووزەیەی بەجێ مەهێڵن. خوا دەزانێ بۆ خەواندنی ئەم بەستەزمانە چیها چیرۆکی سەیروسەمەرەی بۆ دەگێڕێتەوە، تۆش بی وەڵا شەوانە حەو کفن زەرد دەکەی تا بخەوی.

سۆیبە خانم بە دەم ئاخ‌هەڵکێشانەوە دەڵێ:

- جا ئەو فەقیرە گەر دڵسۆزێکی بوایە ئەمە حاڵ و ڕۆژی نەبوو. بەم تەشەرەی دیارە ئەمیش دەیەوێ چی بڵێ. وەک هەموو ئەوانەی لە بەیانییەوە مێشکیان خواردووم، هەر لە سەرەتای چاک‌وچۆنییەکەیدا، ئامۆژگاری و پاڕانەوە و دەستووردانی پێوە دیارە. دیارە براژنم چووەتە لای ئەویش و فینەفینی بۆ کردووە و ڕیزی قەرزدارەکانی مەحیەی بۆ هەڵداوە، بێ‌گومان پێشتر زێڕەکانی داکەندووە و داویەتییە دەست ئەو دەڵەسەگەی

خوشکییەوە. چاکی دەناسم، مەگەر هەر بەو فێڵانەی نەبوو منی لە بەر چاوی دەرویش خست و ڕایکێشا بەرەو لای خێڵی خۆیان و ئەو خوشکە قەیرەیەی کردە تووشەوە؟

- ئەیەڕۆ ئەوە بۆ نەتگوت مەحیە لە زیندانە؟

- وەڵا منیش تازە زانیم، خۆ هەمووشتێکم لێ دەشارنەوە، بەیانی براژنم هات و کوڕەکەی بۆ بەجێ هێشتم و خۆی چوو بە دوای کاری دادگاوە. چی بڵێم خوشکێ! خۆت دەزانی یەکەم جاری نییە مەحیە. دوو قامکە گەورەکەی خستۆتە سەر دوگمە ی کونترۆڵەکە، پێی وایە هەرچی زۆرتری گوشار سەر بخا ماشینەکەی توندتر دەڕوا! ئەوەندەی دەسکاری کردووە ئیتر ماشین، خەتی کونترۆڵ ناخوێنێتەوە و بە هیچ لایەکی ترا ناچێ بۆ دواوە نەبێ. کوڕم ئێوارە دەچینە دەرەوە باتریت بۆ دەکڕم، خۆ پێم گوتی تیایا نەماوە، وازی لێبێنە، یان بچۆرە حەوشە یان تۆزێ بخەوە.

- ناچم، ئەبێ بۆم چاک کەیتەوە، ئەها ئەو دوو دوگمەیەی بۆ پێش دەیبا خراپ بووە، دەستی لێبە، ئەها ناچێ، بەخوا.

- با قسەکەم تەواو بکەم تەلەفوون بۆ دایکت دەکەین و پێی دەڵێین هی ترت بۆ بکڕێ، باشە؟

- جا خۆ خەتای ئەو چییە؟ ڕۆژگار وای لێهاتووە، خەڵک وەکوو جاران نەماون و فێری دزی و نانی حەرام بوون سوبحانەڵڵا...

ئەمەش قسەی خۆی نییە سۆیبە خانم، هەر ئەمڕۆ خاڵۆژن و

ئامۆژنیشم وایان دەگوت.

دێتە بن گوێم و بۆ ئەوەی بە حیساب سۆیبە خانم گوێی لێنەبێ چپە دەکا، لە ناو هەسکەهەسک و گەرمای هەناسەیدا کە ختووکەی گوێم دەدا دەبیسم کە دەڵێ:

- ئاخر ئێمە پووڵمان نییە، بابام پووڵەکەی تەواو بووە.

دەستە باریک و چکۆلەکەی بۆن دەکەمەوە، خەمگینە، سەیرە چەند لە مەحیە دەچێ، تەنانەت متبوونەکەشی!

- وەڵا من براکانم بڵێن ئاخ من دەڵێم مەرگ، ئیتر خۆت و خوای خۆت، جا بە من چی، دراوسێیەکتان ببم یان نەبم.

گەر نەیخەڵەتێنم ئەو خەمەی دەبێ بە بیانوو، بە نووکەنووک و ئینجا بە گریان، جا وەرە ژیری کەوە.

کونترۆڵەکە هەڵدەگرم و لەگەڵ ماشینەکە بە دەندەعەقەب دەچین بۆ چێشتخانە.

- لاچن برا لاچن لە بەرمان با نەتانکەینە ژێرەوە.

دەتریقێتەوە، خێرا سواری ماشینێکی خەیاڵی دەبێ و دەور دەداتەوە و ئەویش بە دەندەعەقەب دێ بۆ لامان.

خۆ نەیدەوێرا دەستم پێوە بدا مەحیە، لە حەیوەتا دەمەلاسکێی دەکردمەوە و زمانی لێدەردەهێنام، ئینجا سوێندی دەخوارد هەر ئاگای لە هیچ نییە، دەمکردە حەشر و هەتا باوکم تێیهەڵنەدایە یان دایکم هەر بە

درۆش بێ نقورچکێکی لێ نەگرتایە ژێر نەدەبوومەوە.

ژێری گازەکە دەکوژێنمەوە، تۆزێ خوێ بە چێشتەکەدا دەکەم و تۆزێکیش بیبەر، با پیاڵەیەکیش بۆ سۆیبە خانم ببەم کە حەزی لە توندییە، ئاوەکە لە تکەتک دەخەم، هەر بە دەندەعەقەب دەچینەوە بۆ ناو ژوورەکە، مانتۆ لە بەر دەکەم و کورەش دادەپۆشێنم.

- ئەچین بۆ دووکان؟ چیم بۆ دەکڕی؟

- هەر چیت پێ خۆش بێ کاکی شۆفیر، هەر بە دەندەعەقەب ئەچین باشە؟

دووبارە دەتریقێتەوە و دەڵێ:

- بە چاوان

باوکم بوو یان مامم جوان بیرم نایە، لە سەفەرێکیاندا خاوەرێکی چکۆلەیان بۆ مەحیە هێنایەوە و بۆ منیش بووکێکی پلاستیکی.

هەر ئەوڕۆژە چاوی بووکەم دەرهێنا و قژەکانیم لێ‌کردەوە و ئیتر لە بەرچاوم کەوت. مەحیە پەتێکی بەست بە خاوەرەکەیەوە و وردەواڵەیەکی زۆری بار کرد و بە ناو حەوشەدا ڕایدەکێشا.

ئەوەندەم شیوەن کرد و زریکاندم و خۆم لە خاک و خۆڵ وەردا کە دایکم مەجبووری کرد منیشی سەر بخا، وای‌کرد، بەڵام ئیتر خاوەرەکەی بۆ ڕانەدەکێشرا، لەپڕا پەتەکەی قرتا و دوو تگەرەی دەرچوو، مەحیە ڕقی هەستا و کردییە هەرا و هەتا دایکم فریام کەوت دوو مستی چاکم

بەرکەوت.

شەو باوکم بۆی چاک کردەوە بەڵام ئەو خاوەرە نەبوو بە خاوەر بۆ مەحیە، تگەرەکانی جەوە بوون و ئەگەر هیچیشی لە سەر دانەنایە، هەر تگەرەکانی لە جێ دەردەچوون.

دەیگرمە باوەش، بە دەندەعەقەب دەچینە دەرەوە لە ماڵ، بۆ دواهەمین جار تەماشای حەوشە و ژوورە گەورەکان دەکەم کە حەسرەتی زەماوەندی من و هەراهەرای منداڵەکانم لە سەر دڵی هەردووکمان ماوەتەوە.

- خاوەرت بۆ ئەکڕم باشە؟

سێ قامکیم پیشان ئەدا و ئەڵێ:

- پووریێ پووریێ زۆرم بۆ بکڕە، پێنج دانە نا، بیست دانەم بۆ بکڕە، جا باوکم بێتەوە پووڵەکەت ئەداتەوە، چووە پووڵ بێنێ، ئەزانی زۆر دوورە ئەوێ، من و دایکم ناتوانین بچین، سووپێرمەنیش ناتوانێ، زۆر دوورە.

دەچم بۆ نووسینگەی کوڕی سۆیبە خانم و ماڵەکەی پێ دەسپێرم بۆ فرۆش، پێش ئەوەی بێمە دەرەوە ئەڵێم:

- لە هەر کوێ بوو ماڵێکی چکۆلەت دەست کەوت بۆم دانێ، بە زیاد بێ بەو ئاوە باریکەیەی خوالێخۆشبوو باوکم بۆی بەجێ هێشتووم موحتاجی کەس نابم.

خۆمان ئەکەینە بازاڕ، لە خۆشییا دڵی وەک چۆلەکە لێدەدا و هەر بۆ

